112

ڕۆمان

# دانای کوێخا شەوکەت

## موعتەسەم ساڵەیی

کەرکوک - ٢٠١١


لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ
بورهان ئەحمەد
حەمە سەعید زەنگنە
سەباح ئیسماعیل

ناوی کتێب: دانای کوێخا شەوکەت
بابەت: ڕۆمان
نووسەر: موعتەسەم ساڵەیی
تایپ: زانا جاف
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (١١٢)
سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد شێخانی
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم– ٢٠١١
تیراژ: (٦٠٠)دانە

– ١ –

هەردوو هاوەڵ بە تەنیشتی یەکترەوە پاسکیلەکانیان لێدەخوڕی. زۆر بە شێنەیی و لەسەرخۆ ڕێگا خۆڵاوییەکانی گەڕەکی زێویەیان دەبڕی. گەڕەکەکە کەوتبووە ژورووی شاری کەرکوک و لەسەر رۆخی رۆژهەڵاتی خڕی خاسە ئۆقەرەی گرتبوو. گەرچی گەڕەکەکە بەشێك بوو لە شاری کەرکوکی نەوتیی پڕ لە خێرو بێر، بەڵام بە ڕواڵەت لە گوندو لادێ دەچوو زیاتر لە گەڕەکی شارێکی پان و بەرین. زۆربەی خانووەکان بە قوڕ دامەزرابوون، بەس بە تەنیا چەند ماڵێکی تاك و تەرا لێرەو لەوێ دەبینران کە بە قایەو گەچ کرابوون. دانیشتووانەکانی بە زۆری هەژارو نەداراو دەست کورت و لێقەوماو بوون. بە ڕادەیەك گەر ماڵی هەر غەریب و نامۆیەك بهاتایەتە شارو هیچ دەرەتانێکی نەبووایە، ئەوا یەکسەر بە خاوخێزانەوە ڕوویاندەکردە خانووە قوڕەکانی زێویەو، لەوێدا ژوورێکیان بە پارەیەکی کەم بە کرێ دەگرت و تێیدا جێگیر دەبوون. هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە گەڕەکەکە ببووە کانگای کوردایەتی. کەم ماڵ هەبوو کە کوڕێکی پێشمەرگە نەبووبێت یاخود شەهیدێکیان لە



ڕێی کوردایەتیدا نەدابێت. بۆیە هەردەم گەڕەکەکە لەلایەن دەوڵەتەوە دەچەوسایەوەو بێ وچان شاڵاویان دەهێنایە سەری. پیاوانی دەوڵەت وەکو سەگی هار دەکەوتنە وێزەی خەڵکی و یەکە بە یەکەی ماڵەکانیشیان دەپشکنی.

هەردوو پاسکیل سواری گەنج بەلای خەڵکی گەڕەکەوە نامۆو نەناسراو نەبوون. بەڵکو هەر لە دوورەوە گەورەو بچووکی گەڕەك دەیانیانناسینەوە. یەکێکیان دانای کوێخا شەوکەت بوو کە خاوەنی باڵایەکی لەڕو لاوازی هەڵکشاو بوو، ئەوی تریشیان بە پێچەوانەی هاوەڵەکەیەوە خڕیلەو قەڵەو بوو، کە لەلایەن دانیشتووانی گەڕەکەوە بە سامە شان پان ناسرابوو. هەریەکەو دار دەستێکیان لە پێشی شوێنی دانیشتنەکەیانەوە بە شیشێکی پاسکیلەکەیانەوە بەستبوو. هەردەم دەیانهێنایەوە یادی خۆیان کە دنیاکە پڕ لە ئاشووبەو، وەها پێویست دەکات کە مرۆ لەلایەنی کەمەوە دەبێت خاوەنی چەکێکی سووکەڵە بێت لە پێناوی خۆ پاراستن بەرامبەر بە هەر پێشهاتێکی ناهەموار. بەبێ دەنگی بە نێو خاك و خۆڵی گەڕەکە کۆنەکەدا پاسکیلەکەیان لێدەخوڕی، بەردەوام بێ وچان دانای کوێخا شەوکەت بەملاو بەولادا رووی خۆی وەردەچەرخاند. وەهای بۆ دەچوو گوایە جێنشینی باوکی خۆیەتی و پێویستە لەسەری شوێن پێی ئەو هەڵبگرێت و چاودێریی خەڵکی بکات. باوکی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە گوندەکەیاندا لە ژوورووی شاری کەرکوکدا کوێخایەتیی کردو بەردەوام سەرپەرشتیی دانیشتووانی گوندەکەیانی دەکرد. ئەوەتا دانای کوڕیشی گەرچی خاوەنی هیچ پلەو پایەیەك نییە، بەڵام بە هەمان رووحیەتی باوکی هەڵس و کەوت دەکات.

ئەم بیرو بۆچوونەیشی دەبووە مایەی گاڵتەو تەشقەڵە لەلایەن دانیشتووانی گەڕەکەکەوە. باوکی لەگوندەکەیاندا کوێخای سەرجەم دانیشتووانەکانی بوو. ئەوەتا ئێستا کوڕەکەی بە تەنیا کوێخای تاقە کەسێکە کە ئەویش سامە شان پانی هاوەڵیەتی. هەرگیز ئەو لاوە قەڵەوە سەرپێچیی بیرو بۆچوونەکانی ناکاتو هەردەم شان بە شانی بە سوواری پاسکیل بە جووتە ڕێو بانەکان دەبڕن.

بەردەوام بوون لە ڕێ بڕینیان بە پاسکیل بە نێو کۆڵانە خوارو خێچەکاندا. لەناکاودا منداڵێکی وردیلە بە گریان لە دەرگای ماڵێکەوە دەرپەڕیو ئەمانیش هەردووکیان چاویان بەو منداڵە کەوت کە بە کوڵ دەگریا. یەکسەر دانا پاسکیلەکەی وەستاندو برادەرەکەیشی هەمان هەڵوێستی نواند. هەردووکیان پاسکیلەکانیان بە تەنیشتی دیواری ماڵێکەوە ڕاگرت. زۆر بە پەرۆشەوە دانا رووی کردە لای منداڵەکەو گرتیە باوەشیو بە دەنگێکی پڕ لە ناڕەزاییەوە بە برادەرەکەی وت:

— ئەمە تاوانێکی گەورەو گرانە کە منداڵێکی بێ وەیی ئاوەها بەم جۆرە بگریێو فرمێسك بڕێژێت. ! .

برادەرەکەیشی سەری بۆ لەقاندو قسەکانی پەسەند کرد. منداڵەکە لە باوەشیدا بەردەوام دەگریاو ژیر نەدەبووەوە. زۆری پێنەچوو ژنێك بە هەڵەداوان لە دەرگاکەوە دەرچووو ڕوو بەڕووی ئەو دوو گەنجەوە بوو. بەواق وڕمانەوە تەماشای دانای کردو زوو بەزوویی ناسیەوەی. دانا بە تووڕەییەوە نەڕاندی بەسەر ژنەکەداو پێی وت:

— نابێت بە باشی ئاگاداری ئەم منداڵە بیتو نەهێڵیت بەم شێوەیە بگریێو فرمێسك بڕێژێت ! ؟.



ژنەکە بەوپەڕی شڵەژاویەوە تەماشای دەکردو زمانی نەدەهاتە گۆو نەیدەزانی چی بڵێت. دانا درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

— باش بزانە کە سەنگو قورسایی فرمێسکی ئەم منداڵە بەستزمانە، لە دارو بەردی خڕی خاسە قورسترە..

ژنەکە توانیی بێتە قسەو بڵێت:

— کاك دانا من خوێندەواریم نییەو بە باشی لە قسەکانت تێناگەم. بەس ئەوەندە دەزانم کە بەبێ ئاگایی من ئەم کوڕەم دەرچۆتە دەروە.

ژنەکە دەستی درێژ کردو منداڵەکەی خۆی وەرگرتەوەو خستیە باوەشیو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بۆ جارێکی تریش هەردوو هاوەڵ سوواری پاسکیلەکانیان بوونو کەوتنە ڕێ بڕینو گەیشتنە ئاستی شەقامە گشتیەکەی تەنیشتی چایخانەی یادگار. لە پاسکیلەکانیان دابەزینو سوکانیان بە توندی گرت بە دەستەوەو هەڵوێستەیەکیان بۆ کرد. پیکابێك کە بە شتو مەکێکی زۆر تەنرابوو بە تەنیشتیانەوە ڕەت بووو، جووتێك پێڵاوی منداڵانەی لێبەربووەوە. سامە شان پان پاسکیلەکەی خستە سەر شۆستەکەو روویکردە سەر جادە قیرەکەو جووتە پێڵاوەکەی هەڵگرتەوەو گەڕایەوە لای پاسکیلەکەی خۆی. دانا هاتە قسەو وتی:

— گەر خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەمان بینیەوە، پێویستە ئەم جووتە پێڵاوەی بدەینەوە دەست.

هەردووك تەکانیان بە پاسکیلەکانیان داو خۆیان گەیاندە لای چایخانەکە، کە چڕە دووکەڵی تکەچیەکەی ژێر دار قەڵەمتۆزی تەنیشتی چایخانەکە ئەوناوەی پڕ کردبوو. بە تەنیشتی لای ڕۆژهەڵاتی

چایخانەکەوە شەقامە سەرەکیەکە دەبینرا. هەر بە بەردەم چایخانەکەوە راستە رێیەك لە شەقامەکەوە دەردەچووو بەرەو ژوور دەبووەوە. بەردەم چایخانەکە شوێنێکی هاوینیی کراوە بوو کە بە حەسیر سەری گیرابوو. پێنج دار قەڵەمتۆزی زەبەلاحیش دەوریان دابوو. چەند ریز کورسیی تەختەی درێژی شلۆقیش بۆ دانیشتن ریز کرابوون. پاسکیلەکانیان لەسەر شۆستەکە راگرتو لە پاشاندا بەرامبەر بە یەکتری لێی دانیشتنو مێزێکی کۆنیش کەوتبووە نێوان هەردووکیانەوە. سامە جووتە پێڵاوە دۆزراوەکەی خستە سەر مێزەکەو. هەندێك سەری باداو خۆی بەملاو بەولادا برد، هەروەکو ئەوەی شتێك لە ناخیدا گینگڵ بخوات. دانا لێی وردبووەوەو لێی پرسی:

– چیتە بۆچی ئاوەها شڵەژاویت!؟.

ئەویش توانیی هێز بداتە بەرخۆیو بڵێت:

– لە ماڵەوە هەردەم سەرزەنشت دەکرێم..

دانا بەواق ورمانەوە کەوتە پرسیارو وتی:

– بۆچی تەنگەتاو دەکرێیتو گوایە چی قەوماوە.!؟.

– لە راستیدا پێم دەڵێن تاکەی دەکەویتە دووای داناو بۆچی ملکەچی بەڵێنەکانیت.!

دانا هەندێك خۆی توورە کردو کەوتە قسەو وتی:

– من وادەو پەیمانی بۆشو بەتاڵت پێنادەم. بەڵکو من هەر لە سەرەتاوە گفتی ئەوەم پێداویت گەر بۆ جارێکی تر ئەم دەوڵەتە نەماو ئێمەیش گەڕاینەوە سەر زەویو زاری خۆمان، ئەوا بێ سێو دوو پارچە زەوییەکەی خوار ئاواییت پێشکەش دەکەم.



سامە بە بیستنی ئەو قسانە سوور هەڵگەڕاو دەستی بەسەر بادان کردو ئەوسا بە ئاسپایی بە ترسو لەرزەوە وتی:

– تکایە دەمت بگرەو ئەم قسانە لێرە مەکە نەوەکو پیاو خراپێك گوێی لێمان بێتو خەبەرمان لێبدات. ئەوسایش پێستمان دەچێتە دەباخانە..

بە شێنەیی دڵی برادەرە قەڵەوەکەی داوەو پێی وت:

– ترست نەبێت ئێستا کاتی نیوەڕۆیەو چایخانەکەیش هەروەکو دەبینیت چۆڵەو لە چاپچیەکە بەولاوە کەسی تری لێنیە.

دانا کەوتە سەرەتاتکێو دەوروبەری خۆی بە باشی تاقی کردەوەو ئەوسا لەسەر قسەکانی رۆیشتو وتی:

– ئەم دەوڵەتی بەعسە هەر دەڕووخێتو منیش ئەوسا بەڵێنی خۆم دەهێنمە دیو پارچە زەویی بە پیتو بەرەکەتی خوار ئاواییت لەسەر تاپۆ دەکەم.

– ئێ باشە ئێمە تاکەی لە چاوەڕوانیدا بین؟

– خەمت نەبێت ئەمڕۆ بێت یا سبەی بێت ئەم رژێمی بەعسە هەر دەڕووخێت، ئێمەیش دەگەڕێینەوەو گوندە وێرانو رووخاوەکەمان سەر لەنوێ دادەمەزرێنینەوەو ئاوەدانی دەکەینەوە.

لەم قسانەی بووەوەو فێنکاییەکی خستە دڵو دەروونی هاوەڵەکەیەوە کە زۆر بە گەرمی گوێ بیستی قسەکانی بوو. هەندێك نێو لەپی بەسەری خۆیدا ساویو ئەوسا لەسەر قسەکانی رۆیشتو وتی:

– شەوی رابردوو خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی بۆیە ئێستا سەرم داویە لە ئێش، هیوادارم زۆر لەسەر قسە نەڕۆیتو بیبڕیتەوە. ئەگەر ئارەزووت لێیە بە کورتی خەونەکەمت بۆ دەگێڕمەوە.؟

سامە سەرێکی بۆ لەقاند هەروەکو ئەوەی مەبەستی بێت گوێ بیستی ناوەڕۆکی خەونەکە بێت. ئەمیش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

– لە خەونمدا وەکو کەسێکی شڕۆڵەی پەرپووت لە نێو هۆڵێکی پانو بەریندا وتارم بۆ کۆمەڵە کەسانێك دەدا.

قسەکەی خۆی بڕیو بزەیەکی بۆ کردو ئەوسا لەسەری ڕۆیشتو وتی:

– دانیشتووانی نێو هۆڵەکە هەموو کەسانی پۆشتەو بازرگانو دەوڵەمەند بوون. وتارەکەی منیش لەبارەی چەوساندنەوەو کێشەی چینایەتیەوە بوو. بە دەنگێکی بەرزو زوڵاڵ زۆرم وتو زۆرم هەڵڕشت لەو بارەیەوە. لە ئاکامدا دانیشتووانە گوێگرەکەی نێو هۆڵەکە حەوسەڵەیان لەبەر بڕاو بە بیرو بۆچوونەکانم سەخڵەت بوون. ئیتر هەر ئەوەندەیان بۆ کرا هەڵسنە سەرپێو ناڕەزایی خۆیان دەرهەق بە قسەکانم دەرببڕن. ئەوەبوو کەوتنە وێزەمو هەرچییەکیان کەوتە بەردەست بۆمیان تێگرت.

هەردوو ئانیشکی نایە بانی مێزەکەی بەردەمیو بە هەردوو نێو لەپیشی ڕوومەتەکانی خۆی گرت، ڕووانیە ڕوخساری برادەرەکەی کە هەردوو ڕوومەتە خرپنەکانی سوور هەڵگەڕابوون. درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

– گەلێ شتیان کێشا بە تەوقی سەرمداو خوا بەوە ڕەحمی کرد زوو بە ئاگا هاتمەوەو لە خەو ڕاپەڕیم. ئەوەتا ئێستایش لە ئاکامی ئەو خەونە ناخۆشە سەرو سەکوتم داگیراوە..

لەو کاتەیدا ئەمان کە دانیشتبوون، بەردەوام ئۆتۆمبیلیش بەسەر جادە قیرەکەدا ڕەت دەبوون. خەڵکی هاتوچۆکەریش بێ وچان بەم دیوو بەو دیوی چایخانەکەدا خوارو ژووریان دەکرد. وەستا ئەحمەدی چایچیش



کە بە تەنیشتی سەماوەرو قۆریە چایەکانەوە وەستابوو، کەوتە جووڵەو بەرەو لای ئەمان هاتو بەخێر هاتنی لێیان کردو لێیانی پرسیو وتی:

– ئەگەر حەزتان لێیەتی سەرو چایتان بۆ دەهێنم.؟

دانا لێی هاتە وەڵامو وتی:

– پەلە مەکەو پاش ماوەیەکی تر چایە دەخۆینەوە.

چایچیەکە گەڕایە دوواوەو دانا دەستی بە قسەکردن کردو وتی:

– ئێمە خانوویەکمان داوە بە کرێو ئەمڕۆکرێکەیم وەرگرت. ئێستا پارەم پێیەو کەیفم لێیەتی منو تۆ هەر یەکەو دوو شیش گۆشتی برژاو بخۆین. کرێچییەکەیشمان بەردەوام پارەی کرێکە دووا دەخەن.

سامەی برادەری لێی هاتە وەڵامو وتی:

– ئەی گوایە بۆچی ئەو خانووەتان نابەخشیت بە کرێچییەکەتان..؟

– گوایە بۆچی پێیانی ببەخشم؟

– تۆ بڕوات بە بیرو باوەڕی سۆشیالیستی هەیەو، کاتی خۆی باسی کابرایەکی نووسەری ڕووسیت بۆم کرد کە گوایە ماڵو موڵکی خۆی بە جووتیارەکانی بەخشیوە.!

دانا بە بیستنی ئەو قسانە لەلایەن سامەی هاوەڵیەوە تەنگەتاو بووو بەرەو پاش کشایەوەو وتی:

– بێ مێشك مەبەستت لەو کەسە نووسەری ڕووسیی بەناوبانگ تۆلستۆیە کە دەستبەرداری زەویو زاری خۆی بوو، هەمووی بەسەر جووتیارە هەژارەکاندا دابەش کرد. منیش هەمان ڕێچکەی ئەو دەگرمو هەر بۆیە گفتو بەڵێنم بە تۆ داوە گەر گوندەکەمان ئاوەدان کردەوەو،

بۆ جارێکی تریش زەوی‌و زارەکانمان کەوتەوە چنگ ئەوا بێ سێ‌و دوو پارچە زەویە بە پیت‌و بەرەکەتەکەی خوار ئاواییت پێشکەش دەکەم.

لە نێو چایخانەکەدا بەو نیوەڕۆ گەرمە لەمان‌و لە چایچیەکە بەولاوە کەسی تر بەدی نەدەکرا، بەڵام لەوسەرەوە لە سووچێکدا وەستا برزۆ خەریکی گۆشت برژاندن بوو، کە منداڵێکی دووازدە ساڵیش بە تەنیشتیەوە یارمەتیی دەدا. دانا لە جێیەکەی خۆی هەڵساو رووی دەمی کردە وەستا برزۆو بە دەنگێکی بەرز وتی:

– وەستا برزۆ تکایە بۆ من‌و سامەی برادەرم هەریەکەو دوو شیش گۆشتمان بۆ ببرژێنە.

لە قسەکانی بووەوەو لە جێیەکەی خۆی دانیشت. لەپڕ گەنجێك هاتە نێو چایخانەکەوەو لەولایانەوە لێی دانیشت.

سامە بە دەنگێکی پڕ لە ناڕەزاییەوە وتی:

– ورگی تۆ بە نیو شیش تێر دەبێت، بەڵام ئەم ورگە زلەی من بە دوو شیش داناسەکێت.

– خەمت نەبێت‌و من بە تەنیا یەك شیش دەخۆم‌و، سێ شیش گۆشتیش دەخەمە بەردەستی تۆو لورفی بکە. جارێ واز لەم قسانە بهێنەو با بێینە سەر باسی کتێب‌و نووسەران. ئایا ئەو کتێبانەی کە دامپێت هەموویانت خوێندەوە؟

– ویستم یەکێکیان بخوێنمەوە، بەڵام زۆر قورس بوو بە ئاسانی لێی تێنەگەیشتم‌و وازم لێی هێنا.

– ئێ باشە وتمان ئەویان خوێندنەوەی زەحمەت بوو، ئەی گوایە بۆچی دەستت نەکرد بەخوێندنەوەی یەکێکی تریان.!؟.



– ئەوەی راستی بێت من توانای خوێندنەوەی کتێبم نییەو هەر زوو بەزوویی لەگەڵ خوێندنەوەدا سەرم دەداتە ئێش.

بە بیستنی ئەم قسانە دانا تووڕەیی دایگرت‌و بە حیدەتەوە وتی:

– هەتاکەی بە نەفامی‌و ساویلکەیی دەمێنیتەوە!؟ نابێت بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت‌و خۆت رۆشنبیر بکەیت.!؟

شاگردە دووازدە ساڵیەکەی وەستا برزۆ هاتو بە هەردوو دەستە بچکۆلەکانی سینیەکی هەڵگرتبوو کە چوار شیش گۆشتی برژاوو هەندێك سەوزەو تەماتەی برژاوو چەند نانێکی تێدا بوو. بە ئاسپایی لەبەردەمیان دانیا. یەکسەر دانا منداڵەکەی ناسیەوە کە سەمەدی کوڕی عەودلی دراوسێیان بوو. منداڵەکە بەرەو دووا کشایەوەو ئەمانیش دەستیان کرد بە خواردن. هەرکە لە خواردن بوونەوە منداڵەکە بەرەو روویان هات تاوەکو سینیە بەتاڵەکە بگێڕێتە دوواوە. لەو کاتەدا ئەو گەنجەی کە لەولایانەوە دانیشتبوو هەڵسایە سەرپێ‌و بە تووڕەییەوە بەسەر منداڵەکەیدا خوڕی‌و بە تووڕەییەوە وتی:

– هەی حەرامزادە ئەوا من لەکەیەوە چاوەڕوانم کە خۆراکەکەم بۆ بهێنیت. بۆچی منت مەحتەل کردو هەر نەتهێنا!؟.

منداڵەکە سوور هەڵگەڕاو دەمی بە یەکا هاتو نەیتووانی وەڵامی بداتەوە. گەنجەکە بە تووڕەییەوە شاڵاوی بردە سەری‌و شەقازللەیەکی کێشا بە ڕوومەتیدا، ئەویش فرمێسك لە چاوەکانی دابارین‌و لە جێی خۆی بە نەبزووت‌و رەق لێی راوەستا. دانا بە بینینی ئەو دیمەنە شڵەژاو لە جێیەکەی خۆی راپەڕی‌و سامەیش کەوتە دووای‌و زانیی کە برادەرەکەی

بێ دەنگ نابێتو خۆی تووشی گێچەڵێك دەكات. دانا بە توندی یەخەی گەنجەكەی گرتو بە تووڕەییەوە پێی وت:

– پیاوەتی خۆت بەسەر ئەو منداڵە بەستزمانەدا تاقی دەكەیتەوە.!؟ ئەگەر ئەوەندە ئازایت بڕۆ ڕووبەڕووی ئەو كەسانە ببەوە كە زوڵمو ستەممان لێدەكەن..!

خەریك بوو بە یەكابێنو بكەونە شەڕو هەرایەك بنێنەوە، یەكسەر وەستا برزۆو چایچییەكەو سامە كەوتنە نێوانیانەوەو لێكیان دوورخستنەوە. پاش مۆڕبوونەوە لە یەكتری گەنجەكە ڕۆیشتو چایخانەكەی بەجێهێشت. هەموو بڵاوەیان لێكردو ئەمانیش لە جێگاكەی خۆیاندا دووبارە لێی دانیشتنەوە. دانا بە دەنگێكی بەرز هاواری كردو منداڵەكەی بانگ كرد. ئەویش لێی نزیك بووەوەو بەرامبەری بە پێوە وەستا. دانا سەری خۆی دانوواندو تەماشای هەردوو پێی منداڵەكەی كرد، كە جووتێك سۆلی شڕو وڕی لە پێدا بوو. لە پاشاندا نیگای ئاراستەی جووتە پێڵاوە بچكۆلانەكەی سەر مێزەكەی كرد، كە پێشتر لە ئۆتۆمبیلێكی پیكاب بەرببووەوەو ئەمانیش هەڵیانگرتبووەوە. بە منداڵەكەی وت:

– ئەو جووتە سۆلەت لە پێ داكەنەو فڕێی بدەو ئەم جووتە پێڵاوەلە پێ بكە بزانە بە قەد پێتە.؟

منداڵەكە بە خۆشیەوە جووتە پێڵاوەكەی بە دەستەوە گرتو لە پاشاندا لە پێی كرد كە فیت پڕ بە پێی بوو. ئەوسا بە منداڵەكەی وت:

– ئەم جووتە پێڵاوەمان دۆزیوەتەوەو خۆشبەختانە پڕ بە پێتە. لە پێی خۆتی دامەكەنەو با بۆ خۆت بێت.



منداڵەكە ڕووی گەشایەوەو بۆ دوو سێ جار بە ئاستەم پێیدا بە زەویاو لە خۆشیانا هەڵبەزییەوە. بزەی خۆشی گرتیو گەڕایەوە بۆلای وەستاكەی. وەستا ئەحمەدی چایچی رادیۆ گەورەكەی كردەوەو یەكسەر دەنگی سروودی نیشتمانیی بەعسی بەرز بووەوە. زۆری پێنەچوو وەستا سابیر دوو پیاڵە چایەو دوو گلاس ئاوی هێناو لە بەردەمی هەردووكیانی داناو ئەوسا وتی:

– پاش ئەوەی نیوەڕۆژەتان كردو تێرتان خوارد وەها چاكە ئەم دوو پیاڵە چایەیش بخۆنەوە.

دانا ڕووی دەمی تێكردو پێی وت:

– توخوا ئەو چاكەیەمان لەگەڵدا بكەو ئەو دەنگە ناسازەی نێو رادیۆكەمان بۆ بكوژێنەوە.

وەستا سابیر بەملاو بەولای خۆیدا كەوتە ڕوانینو دیقەتدانو لە پاشاندا خۆی دانوواندەوە بە ئاسپاییەكەوە وتی:

– تكایە دەنگت هەڵمەبڕەو باكەس گوێی لێمان نەبێت. ئەوەتا بۆ چەند ڕۆژێك دەچێت لە بەرەكانی جەنگدا لە نێوان سوپای عێراقو ئێراندا شەڕو پێكدادان گەرمە، لەمدیوو لەودیو بە هەزاران كوژراوو بریندار هەن..

كاتێك ئەوان لەم قسانەدا بوون دەنگی خلْبە خلْبێك بەسەر ڕاستە ڕێیەكەی تەنیشتی چایخانەكەوە بەرز بووەوە. قەرەباڵخیەك دەركەوت كە پیكابێك لە پێشیانەوە بە هێواشیو لەسەرخۆ دەڕۆیشت. پیكابەكە لە بۆدیەكەی دوواوەیدا تەرمێكی هەڵگرتبوو خەڵكێكی زۆریش بەدووای ئۆتۆمبیلەكەوە لەسەرخۆ دەڕۆیشتن. ئەمانیش هەردووكیان هەڵسانە

سەرپێو بەسەر سوڕمانەوە کەوتنە ڕووانینی ئەو ڕەوتە. وەستا سابیری چایچی دەمی هەڵهێناو پێیانی وت:

– ئەمە تەرمی کوڕەکەی مام ئەمینی سووره دێییە، کە سەربازەو لەم شەڕە تازەیەی عێراقو ئێراندا کوژراوەو ئەوەتا ئێستا تەرمەکەی دەبەن بۆ گۆڕستان.

پیکابەکەو زەلامە زۆرەکان کەوتنە سەر شەقامە سەرەکیەکەو بەرەو گۆڕستانی شێخ محێدین دوور کەوتنەوە. دانا دەستی بۆ گیرفانی خۆی بردو پارەی چایەکانو پارەی خۆراکەکەی داو ئەوسا ڕەنگی دەمو چاوە لاوازە باریکەکەی هەڵبزڕکاو بە دەنگێکی بڵند کەوتە دووان:

– با بڕووخێ ئیمپریالیزمو حیزبی بەعسی فاشیست.. ئەمە کەی حاڵەو چۆن دەبێت ژیان بەم سەختیە بڕوات بەڕێوە!؟ تاکەی ئاوەها بە ناهەق خوێنی ئەم گەنجو لاوانە بەبێ ئایدەو فایدە بڕژێت!؟ زوڵمو زۆرو ستەمکاری تاکەی ئاوەها بەردەوام بێت!؟.

وەستا سابیری چایچی بەبیستنی ئەم قسانە بە تەواوەتی شڵەژاو ڕەنگ لە ڕوویدا نەماو، ئەوسا کەوتە سەرزەنشت کردنی داناو بە تووڕەییەکی زۆرەوە پێی وت:

– بۆ خاتری خوا لە نێو چایخانەکەی مندا ئەم قسانە مەکەو سەرمان مەکە بە قوڕدا.

– من ئەم قسانە دەکەم نەك تۆ، بۆیە نابێت ترست لێ بنیشێت.

– گەر پیاو خراپێك گوێی لەم قسانەی تۆ بێتو خەبەرت لە دەست بدات، بێ گومان موحەقەق باوکی منو تۆیش لە قەبر دەردەهێنن.

– ئێمە ئاوەها ترسنۆکین بۆیە سەدام بووە بە کەڵەگا بەسەرماندا.



– ئێستا پێویست بەم شێرو ڕێویە ناکاتو وەها چاکە لە کورتی بیبڕیتەوە. ئەگەر تۆ ڕاست دەکەیتو ئەوەندە ئازایت بڕۆ ببە پێشمەرگەو ئازایی خۆت بنوێنە. ئەوەتا مامە ریشە بەم ڕۆژگارە لە دەوروبەری شاری کەرکوکدا بەرەنگاری دەوڵەت دەبێتەوەو هەموو خەڵکیش باسی ئازایەتیی دەکەن. دەبڕۆ بە زووترین کات بچۆ ریزیەوەو لەوێدا قۆڵو بازووی خۆتی لێ هەڵماڵە.

– وەستا سابیر تۆ زۆرت پێیەو منیش تووانای گوێ ڕاگرتنم نییە.

– کوڕی باوکم من خراپت پێ ناڵێنمو بەڵکو ڕێنماییت دەکەم. بۆیە پێت دەڵێم گەر ببیت بە پێشمەرگە ئەوا ئەو ناوو ناتۆرەیەی کە خەڵکی بەسەرتدا دایانبڕیوە لە کۆڵی خۆتی دەکەیتەوەو ڕزگارت دەبێت لێی.

دانا ڕەنگی بە تەواوەتی هەڵبزڕکاو بەحیدەتەوە وتی:

– وەستا سابیر ناوو ناتۆرەی چی؟

– خۆت باش دەزانیت مەبەستم چییە.!

– تکایە ڕوونی بکەوەو زیاتر تووڕەم مەکە!

– بە کورتیەکەی خەڵکی لە پاشملەت بە فس فس پاڵەوان ناوت دەهێنن..

وەستا سابیری چایچی لەم قسانەی بووەوەو دوور کەوتەوە. داناش بە تووڕەییەوە لە ئاستی خۆیەوە دەستێکی هەڵبڕیو وتی:

– گەر بە تەمەن لە خۆم گەورەتر نەبوویتایە ئەوسا خۆم دەمزانی چیم بەسەرت دەهێنا.

وەستا سابیر ئاوڕێکی دایەوەو هەڵیدایەو وتی:

– من خراپم پێت نەوتووەو دەڵێم لە بری ئەوەی لەگەڵ سامە شان پاندا بە درێژایی ڕۆژگار بە سوواری پاسکیل تەراتێن بکەن، بڕۆ ببە پێشمەرگەو ئازایەتیی خۆت بۆ خەڵکی بسەلمێنە.

– وەستا سابیر خۆت باش دەزانیت کە منو سامەی برادەرم کەم تواناو لاکەوتە نین، بەڵکو قوتابین بە شەوان دەخوێنین.

وەستا سابیر سەرێکی باداو بە ڕێی خۆیەوە بۆ لای سەماوەرو قۆریەکانی هەنگاوی نا. سامەیش واقی وڕما بوووو بە شێوازێکی پڕ لە گەمژەیی دەمی داپچڕی بوو. دانا ڕووی دەمی تێکردو وتی:

– سامە گیان دایکی ئەم کوڕە کوژراوە خزمێکی نزیکی دایکمە، وەها چاکە گورج بکەوینە ڕێو چاومان بەو ژنە کۆست کەوتووە کلۆڵە بکەوێتو بتوانین دڵی بدەینەوەو سەرەخۆشی لێبکەین.

هەردووک کەوتنە خۆیانو بەرەو پاسکیلەکانیان چوونو لە پاشاندا کەوتنە لێخوڕینیانو لە ڕاستە ڕێگاکەدا بەرەو ژوور بوونەوە. چاویان بە ژنو مناڵێکی زۆر کەوت کە لەبەر دەرگای ماڵی کوڕە کوژراوەکەدا کۆببوونەوە. بەڵام هیچ زەلامێك بەدی نەدەکرا، چونکی هەموو پیاوان چووبوون بۆ گۆڕستانی شێخ محێدین بۆ ناشتنی کوژراوەکە. لەملای دەرگاکەوە دابەزینو سیمای خەمو پەژارەیان بە ڕوخساری خۆیانەوە نەخشاند. پاسکیلەکانیان لە پاڵ دیوارێکدا ڕاوەستاندو بە جووتە لە بەردەم دەرگای ماڵەکەدا بە پێوە وەستانو کەوتنە دیقەتدانی نێو حەوشەکە، برێك مناڵ ئەمسەرو ئەوسەریان لە دەوروبەری ژنە ڕەشپۆشە دانیشتووەکانی نێو حەوشەکەدا دەکرد. دانا تووانیی دایکی کوڕە کوژراوەکەو خوشکەکانی بناسێتەوە کە پڕ بە دەم هاوارو قیژەیان



دەکردو بە خوڕ فرمێسکیان دەڕشت. ئەمیش لە ئاستی خۆیەوە دڵو دەروونی کوڵاو هەناوی هاتە جۆش. ئەو دیمەنە دڵتەزێنە بە تەواوەتی کاری تێکردو پڕ قوڕگی لە گریان بوو. سامە شان پانی هاوەڵیشی ڕوومەتە خرپنەکانی سوور هەڵگەڕابوونو فرمێسك لە چاوانیدا زابوون. ویستیان تەکان بە خۆیان بدەنو بچنە نێو حەوشەکەوە تاوەکو لە باجی خانمی دایکی کوژراوەکە خۆیان نزیك بکەنەوەوەو سەرەخۆشی لێبکەن، بەڵام لەپڕ ئافرەتێکی ڕەشپۆشی قەڵەو بەردەرکەی لێگرتنو بە نیوە توورەییەکەوە پێیانی ووت:

– تکایە مەیەنە ژوورەوە بۆ نێو ئەم ژنانە، وەها چاکە خۆتان بگەیەننە لای پیاوەکان لە قەبرسان.

ناچار بوون پاشەکشەی لێبکەنو بگەڕێنەوە بۆ لای پاسکیلەکانیانو سوواریان بن. بە دەم ڕێ بڕینەوە دانا دەستی بە قسە کردو وتی:

– نازانم ئەم گەنجانە بۆچی ئاوەها بە ئاسانی لە ختو خۆڕایی خۆیان بە کوشت دەدەن!؟

سامە لێی هاتە وەڵامو وتی:

– مەبەستت لەم قسەیەت چییە؟

– مەبەستم ڕوونو ئاشکەرایەو دەمەوێت بڵێم وەها چاکە هەر کەسێك گەر ناوی عەسکەری هات نەچێتە پێشەوە بۆ سەنگەر، بەڵکو بە زووترین کات هەڵبێتو فیرار بکات..

– ٢ –

خۆر ئاوا ببوو کاتێك بە سوواری پاسکیل دەیانویست خۆیان بگەیەننە ماڵ. لە بەردەم ئەو ریزە ماڵەی گەڕەکی زێویەدا رەت دەبوون کە دەرگاکانیان دەیانڕووانیە خڕی خاسە. بە بەردەم ماڵەکانەوە رێگا پانە خۆڵاویەکە دەکشا. جۆگەلە ئاوە باریکەکەیش بە درێژایی رێگاکە شۆڕ دەبووەوەو سنووری لە نێوان باخەکانی رۆخی خاسەو رێگاکەی بەردەم ریزە ماڵە بە قوڕ دامەزراوەکان دادەنا. دەنگی بانگی مەغریب لە مزگەوتەکانی مەلا جەبارو مەلا ئەحمەدو مەلا عەبدوڵڵا بەرز بووەوە.
هەرکە رووی خۆیان بەلای باخەکانی رۆخی خاسەدا وەرچەرخاند، یەکسەر دیمەنی گڕی ئاگرێك سەرنجیانی راکێشت. لەوسەرەوە لە نێو باخەکاندا بڵێسەی گڕی ئاگر ئەو نێوەندە نیمچە تاریکەی رۆشن کردبووەوە. چڕە دووکەڵێکی زۆریش بەردەوام بەرەو ناخی ئاسمان لوولی دەخواردو بەرز دەبووەوە. هەردووکیان پاسکیلەکانیان وەستاندو بەوپەڕی شپرزەییەوە کەوتنە دیقەتدانی ئەو دیمەنە نائاساییە. چەند زەلامێك بەمدیوو بەودیوی ئاگرەکەدا بێ وچان دەهاتنو دەچوون. دانا کەوتە خۆیو ئەو کاتو ساتەی بە هەلێك زانیو، لە دڵەوە وتی کە لە قافیدایە زوو بەزوویی بکەوێتە خۆیو بە هانای خەڵکی لێقەوماوەوە بچێت. بە پەلە بە برادەرەکەی وت:
– پیاو لە رۆژی تەنگانەو ناخۆشیدا نابێت دەستە وەستان دۆش دابمێنێت، بەڵکو پێویستە بە پەلە بێتە دەستو شان بداتە بەر شانی کەسانی لێقەوماو.
چەند مناڵێك بە تەنیشتیانا رەت بوونو دانایش پرسیاری لێکردنو وتی:
– ئەوە چی روویداوە؟



یەکێکیان ئاوڕی لێدایەوە بە هەناسە بڕکێ هاتە وەڵامو وتی:
– باخەکەی مەلا سدیق ئاگری تێبەر بووە..
ئەمیش بە دەنگێکی بەرز خوڕپیی بەسەر سامەداو پێی وت:
– وەها چاکە بە پەلە خۆمان بگەیەنینە ماڵی حاجی رەفعەت ئاغا کە تەلەفۆنیان هەیە، بەڵکو دایەرەی ئاگر کوژێنەوە ئاگادار بکەینەوە.
بە پەلە بە رێگاکەدا بەرەو خوار بوونەوە، پاش بڕینی مەودای دوو سەد هەنگاوێك گەیشتنە بەردەم ماڵی حاجی رەفعەت ئاغا. خانووەکەیان جیاوازیی هەبوو لەگەڵ خانووەکانی تەنیشتیداو لەوانی تر گەورەترو رێكو پێکتر دیار بوو. ئەمەیش ئەوەی پیشان دەدا کە خاوەن ماڵەکە دەوڵەمەندو دەست رۆن. حاجی لە گەڕەکدا بەوە ناسرابوو کە خاوەن زەویو زارێکی زۆرەو چەند خانوو بەرەو دوکانێکیشی بەکرێ داوە. دەرگای گەورەی خانووەکە کە دەیانڕووانیە باخەکانی رۆخی خاسە بەو کاتی مەغریبە پێوەدرابوو. پاسکیلەکانیان لە بەردەم دەرگەدا راگرتو دانا بە پەلە کەوتە لێدانی تەختە سوورە داڕێژراوەکانی قەد دەرگاکە. زۆری پێنەچوو عەتیە خانی ژنی حاجی دەرگای لە روویانکردەوە، یەکسەر هەستی بە شڵەژانو شپرزەیی دوو لاوەکە کرد. بۆ تاوێك لێیان ورد بووەوە نەیزانی چییان پێ بڵێت. دانا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو لە پاشاندا بە هەناسە بڕکێوە وتی:
– باخەکەی مەلا سدیق ئاگری تێبەر بووە. ئەوەتا ئێمەیش بە هەڵەداوان خۆمان گەیاندۆتە ماڵی ئێوە تاوەکو لە رێگای تەلەفۆنەکەتانەوە دایەرەی ئاگر کوژێنەوە ئاگادار بکەینەوە. عەتیە خان فەرمووی لێیان کردو ئەوانیش چوونە ژووری میوانەوە کە

کەوتبووە تەنیشتی دەرگای حەوشەوە. دانا خۆی گەیاندە تەلەفۆنەکەو هەموو رووداوەکەی بە رێگای ئامێرەکەوە بۆ کەسێکی بەرپرسیاری دایەرەکە روونکردەوە. عەتیە خانیش لە نێوان هەردوو لاوەکەدا بە پێوە وەستابوو سەری لەو دیمەنە سووڕمابوو. داوای لێکردن کە خۆیان هیۆر بکەنەوەو لەسەر کورسیە درێژەکەی ژوورەکە دابنیشن. نیگای دانا بە وێنەی عەبدوڵڵای کوڕی حاجیەوە نووسا کە بە قەد دیوارەکەی بەرامبەریدا هەڵواسرابوو. لاوێکی چاو ڕەشی دەمو چاو لاوازی دەم بە خەندەی سمێڵ باریك بوو. بە تەنیشتی یەکترەوە دانیشتنو کەوتنە دیقەتدانی عەتیە خانی رەش پۆش کە بە پێوە بەرامبەریان وەستابوو، بە تەمای روونکردنەوەی زیاتر بوو لە بارەی رووداوەکەوە. لە پڕ دوو قەیرە کچی رەش پۆش هاتنە ژوورەوە، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەچوو بۆ عەبدوڵڵای برای سەرنگومکراویان جلو بەرگی رەشیان پۆشی بوو. بە پەرۆشەوە ئامادە بوون هەروەکو ئەوەی دەرکیان بەمەترسیەك کردبێت. بەخێرهاتنیان لە دوو لاوە دانیشتووەکان کرد. ئەوسا دانا هاتەوە سەرخۆیو کەوتە قسە کردنو وتی:

— لە نێو باخەکەی مەلا سدیقدا ئاگرێکی گەورەو گرانی بێ ئامان کەوتۆتەوە. ئەوەتا منیش تەلەفۆنم بۆ دایەرەی ئاگر کوژێنەوە کردو ئەوانیش بە دەنگی داواکارییەکەمەوە هاتنو گفتی ئەوەیان پێدام کە بە زووترین کات بگەنە شوێنی مەبەستی دەستنیشان کراوو ئاگرەکە دابمرکێننەوە.

هەر لەو کاتەیدا کە دانا لە قسەکانی بووەوە. حاجی رەفعەت ئاغا هاتە ژوورەوەو لە روخساری شێواوی دوو لاوەکە ورد بووەوە. لەبەر ئەوەی



کە هەردووکیان خەڵکی گەڕەك بوون بۆیە بەلای حاجیەوە نامۆو غەریب نەبوون. حاجی بە تەنیشتیانەوە دانیشتو لە کەینو بەینەکە ئاگادار بووەوە. سێ ئافرەتەکەیش پاشەکشەیان لێکردو لە ژوورەکە دەرچوون. دانا سەری بەرەو وێنەکەی بەرامبەری هەڵبڕیو لە پاشاندا نیگای بەرەو لای حاجی گواستەوەو دەستی کرد بە پرسیارو وتی:

— مامە حاجی هیچ هەواڵو خەبەرێکتان لە بارەی عەبدوڵڵای کوڕتەوە بە چنگ نەکەوت؟

حاجی بە بیستنی ئەم قسانە نەختێك چارەی گرژ بوو، هەروەکو ئەوەی حەز نەکات کۆنە برینی بێتەوە سوێ. حاجی کورتە باڵا بووو کەواو چاکەتێکی شین باوی کردبووە بەرو کڵاوو جامانەیەکیشی لەسەرنابوو. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

— بەڵێنم دابوو گەر هەر کەسێك هەواڵێکی ئەو کوڕە سەنگومەم بۆ بهێنێت بە یەك هەزار دینار خەڵاتی بکەم. ئەوەبوو ساڵی پار کابرایەکی ساختەچی چاکەتێکی بە دەستیەوە هەڵگرتبوو هاتە لام، وتی گوایە لەگەڵ عەبدوڵڵادا پێکەوە لە زیندان بوونەو گوایە ئەو چاکەتەیش هی کوڕەکەمە.! ئەوەبوو ئەو کابرا تەڵەکبازە ویستی بە فڕو فێڵ هەزار دینارم لە چنگ دەربهێنێت.

حاجی بۆ ماوەیەك تێڕاماو ئەوسا سامە شان پان کە بە پەرۆشەوە گوێ رایەڵی قسەکانی حاجی بوو پرسیو وتی:

— تۆیش هەقی خۆت بوو کە ئەو کابرا درۆزنە دەربکەیت؟

حاجی بزەیەکی پڕ لە ناسووری بۆ کردو وتی:

— نەخێر دەرمنەکرد، بەڵکو پێم وت برۆ پارچە کاخەزێکم بە دەستو خەتی کوڕەکەم بۆ بهێنە ئەوا من نەك هەزار بەڵکو دوو هەزار دینارت پێدەبەخشم.. ئەوەبوو پاش ئەوەی ئەو کابرایە دەستەخەڕۆ بوو خوا حافیزی لێکردمو ڕۆیشت..

بۆ ماوەیەك هەرسێکیان کەوتنە دەمو دووو قسە کردن. ئەوسا دەنگی ئۆتۆمبیلی ئاگر کوژێنەوە لە دەرەوەدا بەرز بووەوە. ڕووی دانا گەشایەوەو وتی:

— مادامەکی ماشینی ئاگر کوژێنەوە ئامادە بوو، ئەوا بە زووترین کات ئاگرەکە دەکوژێننەوە. گەر لە پاشانیشدا بۆیان دەربکەوێت کە من تەلەفۆنم بۆیان کردووە بێ گومان سوپاسێکی زۆرم دەکەن.

حاجی ڕەفعەت ئاغا هاتە قسەو پێی وتن:

— دەستتان خۆش بێت چونکی بە کارێکی باش هەڵساون.

دانا خۆی قیت کردەوەو بە توندی ڕووانیە برادەرەکەیو پێی وت:

— وەها چاکە بکەوینە خۆمانو بەرەو شوێنی ئاگرەکە بچین تاوەکو بزانین کاروبار گەیشتۆتە کوێ.!

هەردووکیان بە پەلە هەڵسانە سەرپێو خواحافیزیان لە حاجی کردو لە ژوورەکە دەرچوونە دەرەوەو خۆیان گەیاندە کۆڵانەکەو بە تەنیشتی پاسکیلەکانیانەوە وەستان. بەو شەوە تاریکە ئاگرو دوکەڵێکی زۆر لە نێوەندی باخەکەدا ئەو نێوەندەی ڕۆشن کردبووەوە، دەنگی ئۆتۆمبیلی ئاگر کوژێنەوەکەیش بەرز ببووەوە. دەنگی خەڵکانێکی زۆریش لە دوورەوە دەبیستران. ویستیان دەستیان بۆ پاسکیلەکانیان درێژ بکەنو بکەونە ڕێو خۆیان بگەیەننە شوێنی ئاگرەکە. هەر لەو کاتەدابوو



مناڵێکی توولاز بە پەلە لە نێو باخەکەوە بە پەلەو بە هەناسە بڕکێ دەرکەوت. دانا هاواری لێکردو پێیوت:

— مەسەلەی ئاگرەکە بە چی گەیشت؟

ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو هاتە وەڵامو وتی:

— ئەوەتا ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوەکە ئامادە بووە، کەچی باخەوانەکان دەڵێن ئاگر لە باخەکەمان بەر نەبووە، بەڵکو خۆمان کۆمەڵێك دارو چیلکەی کۆنەو بێ کەڵکمان ئاگر تێبەرداوە. ئەوانیش بەسەر باخەوانەکاندا تووڕە بوونەو دەڵێن ئەی گوایە بۆچی خەبەرتان بە ئێمە داوە تاکو ئامادە بینو ئاگرتان بۆ بکوژێنینەوە.!

مناڵەکە لە قسەکانی بووەوەو خەریك بوو بکەوێتە خۆیو بە ڕێی خۆیەوە بڕوات. بەڵام دانا بە پەرۆشەوە ڕێی پێگرتو لێی پرسی:

— ئەی لە ئاکامدا کێشەکە بە چی گەیشت؟

مناڵەکە درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

— ئێستا بە دووای ئەو کەسەدا دەگەڕێن کە تەلەفۆنی کردووەو ئەو هەواڵەی بە پیاوانی ئاگر کوژێنەوە گەیاندووە. دەڵێن گەر بیدۆزینەوە سزایەکی توندی دەدەین..

هەردوو هاوەڵ بە بیستنی قسەکانی ئەم مناڵە تووشی واق وڕمان بوونو بە تەواوەتی زمان لە دەمیاندا بەسترا. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئاکامی کارەکەیان بەم شێوە نالەبارە بەسەریاندا بشکێتەوە. پاش بێدەنگیەك دانا توانیی بێتەوە سەرخۆیو بە هاوەڵەکەی بڵێ:

— هەتا زووە با بکەوینە خۆمانو لەم شوێنە دوور بکەوینەوەو نەهێڵین کەس پێمان بزانێت.

بە پەلە هەردووکیان سوواری پاسکیلەکانیان بوونو کۆڵانەکەی تەنیشتیان بڕیو گەیشتنە پانتاییەکەی بەردەم ماڵی خۆیان. دراوسێی یەکتری بوونو خانووەکانیان دەکەوتە تەنیشتی یەکترەوە لە گەڕەکی زێویە. لە یەکتری جیابوونەوەو هەریەکەیان چوونە نێو ماڵی خۆیانەوە. خانووەکانیان هەروەکو خانووی هەموو گەڕەکەکە بە قوڕ دامەزرابوون. دانا بە خۆیو پاسکیلەکەیەوە گەیشتە نێو حەوشەی خۆیان. دایکی بەرەو رووی هاتو لێی پرسی:

– کوڕی خۆم بەم شەوە تاریکە ئیشت چییە لە دەرەوە؟ ئەوەتا نانی شێوانم ئامادە کردووەو دڵم ناپۆشکێت بە تەنیا شام بکەمو ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی تۆ دەکەم. دنیاکە زۆر خراپەو ئامانی نییەو نابێت تۆیش خۆت دووا بخەیت نەوەك خوانە خواستە خۆت تووشی کێشەیەك بکەیت. ناشوکری نەبێت تۆیش سەرت دەخورێت بۆ گۆبەندو گێچەڵ.

پاسکیلەکەی لە سووچێکدا داناو قاقا دەستی بە پێکەنین کرد. دایکی لەو هەڵوێستەی کوڕەکەی سەری سووڕماو لێی پرسی:

– ئەم حیلکە حیلكو پێکەنینەت لە چی؟

– لە راستیدا پێکەنینم بە حاجی رەفعەت ئاغا دێت.

– کابرایەکی هێمنو لەسەرخۆو سەنگینی وەکو حاجی دەبێت بۆچی ببێتە مایەی پێکەنینی تۆ؟.

– دایکە ئێستا لە ماڵی ئەواندا بووم. ئەو کابرایە بۆ خۆی هەم حاجیەو هەم ئاغایە، کەچی هەردوو کوڕەکەی مارکسی بوون. !

– لەم قسانەی تۆ بە باشی تێناگەم، بەس ئەوەندە دەزانم کە خەڵکی دەڵێن هەردوو کوڕەکەی سوورن. ! دەستی شکاوم بۆ عەبدوڵڵای کوڕە



بچووکی حاجی. ئەو کوڕە بەستزمانەی مەحامی بووو چەند ساڵێك لەمەوبەر لە نێو بازاڕ بەبەر چاوی خەڵکیەوە باڵبەستیان کردو بردیانو سەرنگومیان کرد. گەلێکیش هاواری کردبوو بە دەنگێکی بەرز وتبووی ئەمانە پیاوانی حکومەتنو دەمبەنو دەمکوژن. بەڵام خەڵکی بێچارە دەستەوەستان تەماشای ئەو دیمەنە دڵتەزێنەیان کردبوو، نەیانوێرابوو بێنە گۆو قسەیەك لە زاریان بێتە دەر. لە پاشاندا کوڕێك جانتا کەوتووەکەی لەو شوێنەدا لە نێو بازاڕ هەڵگرتبووەوەو هێنابوویەوە بۆ ماڵی حاجی.

دانا ویستی قسە بە دایکی ببڕێتو وتی:

– پێویست بەم قسانە ناکات، چونکی هەمووم بیستوون.

– کوڕی خۆم دەمەوێت بۆ جارێکی تریش پێت بڵێم بارودۆخەکە شێواوەو وەها چاکە ئاگای تەواوت لە خۆت بێت.

کاتێك کە دایكو کوڕ لە گەرمەی قسەدا بوون. دەنگی گریانو زیڕەی منداڵێك لە ریزی ئەوبەرەوەی ماڵەکاندا بەرز بووەوە. دەنگەکە هەتا دەهات بەرەو زیاد بوون دەچوو. دانا خۆی پێڕانەگیراو خۆی گەیاندە بەردەرکی حەوشەو تەماشای خانووەکەی بەرامبەریانی کرد کە لەوێوە دەنگی گریانی منداڵەکە هەڵدەستا. بە پەلە هەنگاوی ناو چووە نێو حەوشی ئەو ماڵەوە. خوێنی کوڵاو هەناسەی سووار بوو کاتێك تەماشای کرد کە عەودلی دانیشتووی گەڕەکیان، کەوتۆتە وێزەی سەمەدی کوڕیو بە توندی پیایدا دەکێشێتو لێی دەدات. سەمەدی دووازدە ساڵ کە بە رۆژ لەلای وەستا برزۆ لە چایخانەکەی یادگاردا کاری دەکرد، بە خوڕ فرمێسکی هەڵدەڕشتو پڕ بە دەم لە تاوی ئێشو ئازاری لێدانی باوکی

دەگریاو زیڕە زیڕی بوو. دانا شالاوی بردەسەر عەودلو بە توندی هەردوو دەستی گرتو مناڵەکەی لە ژێر دەستی دوور خستەوە. ئەوسا ویستی سەرزەنشتی باوکەکە بکاتو پێی وت:

– بۆچی ئاوەها لەم مناڵە بەستزمانە دەدەیت؟

باوکەکە بە هەناسە برکێ کەوتە قسە کردنو وتی:

– ئەم کوڕەی من بێ دایکەو ئێستایش لە قسەم دەردەچێتو گوێ بە قسەکانم نادات. منیش دەمەوێت تەمێ خواردووی بکەمو بیگەڕێنمەوە سەرخۆی، نەبادا وەکو دایکی لە دەستم دەربچێت؟

– ئەی گوایە دایکی لە کوێدایە؟

– من نەخۆشو نەکارامو ئەو ژنەی منیش ماڵی بەجێ هێشتووەو تۆراوەو ناگەڕێتە دوواوە.

– ئەی ئەگەر ئەم مناڵە دایکی نەبێت، ڕەوای هەقە تۆیش بەم دەردەی بەریتو ئاوەها دارکاریی بکەیت؟

– ئەمە هەمووی لەلایەکو ئەوەتا پێی دەڵێم کوڕم ئەم جووتە پێڵاوەی پێت لە کوێ هێناوە یاخود لە کوێت دزیوە وەڵامم ناداتەوە.!

– ئۆ هۆ بێ قەزا بیت کاك عەودل. لە راستیدا ئەم جووتە پێڵاوەی پێی کوڕەکەت منو سامە شان پانی هاوڕێم بە ڕێگاکەمانەوە دۆزیمانەوەو دامان بە کوڕەکەی تۆ.

دانا کەوتە پێکەنینو بە مناڵەکەی وت:

– سەمەد بۆ ئەم شتەت بە روونو ئاشکەرا بە باوکت رانەگەیاندووە؟

مناڵەکە بە دەم فرمێسك رشتنو هەنسك دانەوە بە دەنگێکی خنکاو وتی:



– بەڵێ وابوو.

دانا بۆ ماوەیەك بەسەر مناڵەکەدا هاتو ئەوسا دەستی گرتو لە حەوشەکە دەریکردو بەرەو ماڵی خۆیانی برد. چوونە نێو ژوورەکەیانەوە کە سفرەی خوانی شێوان راخرابووو دایکیشی بە تەنیا بە دیار خۆراکەکانەوە بە کەساسیو کلۆڵیەوە لێی دانیشتبوو. دانا بە کوڕەکەی وت:

– ئێستا هەرسێکمان برسیمانەو پێکەوە شام دەکەین.

مناڵەکە هێور ببووەوەو بە چاوی پڕ لە ترسو لەرزەوە دەیڕووانیە دەوروبەری خۆی. دانا لێی پرسی:

– دایکت بۆچی تۆراوەو ناگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆتان.!؟

مناڵەکە هاتە قسەو وتی:

– باوکم دەڵێت دایکم هەڵگیراوەو ڕەدووی هەتیوەکەی کوڕی مامە عەزە کەوتووەو کەس نازانێت بۆ کوێ ملی خۆیان شکاندووەو رۆیشتوون..

ئەم قسانە لە ناخەوە دانای هەژاندو بە تەواوەتی هەستو هۆشی هەژاند. دایکی دەنگی لێهەڵبڕی وەکو ئەوەی ئاگاداری ئەو کەینو بەینە بێت بە تووڕەییەوە وتی:

– ئێستا واز لەم قسانە بێننو وەرن دانیشن تاوەکو پێکەوە شام بکەین.

دانا بە مناڵەکەی وت:

– لەم دەقەیەوە ئیتر تۆ چاوو گوێی منیتو هەر پێشهاتێك لە گەڕەکدا روویدا زوو بەزوویی ئاگادارم بکەوەو خەبەرم پێبگەیەنە.

کاتی چێشتەنگاو بوو کە دانا لە نێو حەوشەکەیاندا بەم دیوو بەو دیوی پاسکیلەکەیدا دەهات. لە خۆ ئامادە کردندا بوو بۆ گەشتێکو سەرکێشیەکی نوێ لەگەڵ سامەی برادەریدا. مەنجەڵێك پڕ لە خۆراکی لە پشتی شوێنی دانیشتنەکەیدا بە توندی بە پریاسکەیەك شەتەك دابوو. بەو نیازە بوون روو بکەنە ئەو دەشتو دەرەو لە ژێر سایەی دارو دەوەنێکدا بەو هاوینە گەرمە نیوەڕۆژە بکەن. دایکی بۆ جارێکی تریش بەسەریدا هاتەوەو دەستی پێکردو بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە پێی وت:

– تکایە کوڕەکەم زۆر وریاو ئاگادار بەو بە ختو خۆڕایی خوانە خواستە خۆت تووشی داوی زەمانە نەکەیت.

دانا رووی بەلایدا وەرچەرخاندو ویستی دڵی دایکی داسەکێنێتو وتی:

– هیچ خەمی منت نەبێت. چونکی من منداڵ نیمو بە باشی راستو چەپی خۆم دەزانم. هیوادارم خۆت نیگەرانو سەخڵەت نەکەیت.

بۆ جارێکی تریش دایکی کەوتەوە قسەو وتی:

– دەبێت باش بزانیت کە دنیاکە شێواوەو زروفەکە نالەبارو پڕ لە مەترسیە. بۆیە وەها پێویست دەکات کە هەر چاوێکت بکەیت بە چوار چاوو بە باشی ئاگاداری پاشو پێشی خۆت بیت. بەخوا تۆ بە گوێرەی دڵی من هەڵسو کەوت ناکەیتو زۆرت لێ دەترسم، ئیتر مەگەر هەر خوا بۆ خۆی رەحمو بەزەیی پێماندا بێتەوە. هەرچەند تەماشات دەکەم باوکی رەحمەتیتم دەکەوێتەوە یاد، ئەویش وەکو تۆ هەر هەڵقونو هەڵقونی بوو..



دانا پشووی لەبەر براو بە دەنگێکی گڕەوە وەڵامی دایکی دایەوەو وتی:

– توخوا بەسیەتیو ئەوەندە بەسەرما مەیەو تاقەتی گوێ راگرتنی ئەم جۆرە قسانەم نییە.

لەپڕ دەنگی خڵبە خڵپێك لە کۆڵان بەرز بووەوە. دایكو کوڕ بە جووتە دەرپەڕینە دەرەوە تاوەکو بزانن چی روویداوە. چاویان بە قەرەباڵخیەك کەوت لە بەردەم ماڵی میم فاتم کە خانووەکەیان کەوتبووە ئەوسەری ریزە ماڵەکەی بەرامبەریان. دانا بە پەلەو هەڵەداوان هەنگاوی ناو گەیشتە شوێنی قەرەباڵخیەکە. مەلا حەمیدی مەلای مزگەوتی گەڕەك کە ماڵەکەی کەوتبووە بەرامبەر ماڵی میم فاتم لەگەڵ خاڵۆ حەمەو چەند پیاوێکی تردا وەستابوون. کۆمەڵە ژنو منداڵێکیش بێ وچان هەر ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد. ئەو ئاپوورەیە وەهای پیشان دەدا کە شتێك روویداوە. دانا خۆی لە زەلامەکان نزیك کردەوەو سەڵاوی لێکردن.

مەلا حەمیدیش بە تەوسەوە پێکەنیو بە دانای وت:

– گوایە تۆ چۆن کوڕە کوێخایەکیت! ؟ نەدەبوو ئاگاداری حەیسو بەیسی ئەم کۆڵانو گەڕەکە بیت.! ؟

ئەمیش بە پەرۆشەوە پرسی:

– من ئاگام لە هیچ نییەو داخۆ چی روویداوە.! ؟

خاڵۆ حەمە بە تەنیشتی مەلاوە کەوتە قسەو وتی:

– ئەمشەو دوو گەنج دەمو چاوی خۆیان هەڵپێکاوەو هەڵیانکوتاوەتە سەر میمکە فاتمی پیرەژن. زانیویانە کە بە تاقو تەنیا دەژیت بۆیە ویستوویانە ماڵەکەی ببڕن. هەردوو دەستو پێیان بەستۆتەوەو هەڕەشەی کوشتنیان لێداوەو داوەی پارەیان لێکردووە. ئەویش بە

ناچاریەوە شوێنی پارە شاردراوەکەی خۆیانی بۆ دەستنیشان کردوون. دزەکانیش چوونەتە سەر ئەو شوێنە کە پێنج سەد دیناری تێدابووە بۆ خۆیانیان بردووەو هەڵاتوون. ئەوەتا ئێستایش میمکە فاتم لە ژوورەکەی خۆیدا چاوی چووە بە مۆلەقداو لەسەر پشت لە نێو پێخەف راکشاوە.

دانا پرسیاری کردو وتی:

– نەدەبوو خەبەر بدرایەو پیاوانی پۆلیس لەم رووداوە ئاگادار بکرابایەتەوە. ! ؟

مەلا حەمید دەمی هەڵهێناو وتی:

– تازە کار لە کار ترازاوەو شکاتو گازندە بێ ئایدەو بێ فایدەیە. بەڵام هەر ئەوەندە ماوە کە دەست بۆ ئاسمان هەڵبڕینو لە خوای گەورە بپاڕێینەوەو داوای تۆڵە سەندنەوە لەو بێ بەزەییانە بکەینو بڵێین خوا بە جەزای توندی خۆیانی بگەیەنێت.

مەلا حەمیدی لەڕو لاوازی بە تەمەن سوور هەڵگەڕابوو. تووڕەییەکی زۆر دایگرتبووو زۆر بە حیدەتەوە قسەی دەکردو دەستەکانیشی دەلەرزین. کاتێك لە قسەکانی بووەوە هەموو کەسانی دەوروبەری بە یەك دەنگ وتیان ئامین. هەندێك لە خەڵکی لە دەرگای حەوشەی ماڵی میم فاتمەوە دەردەچوونو ئاخو خەفەتیان بۆ ئەو پیرەژنە کلۆڵو داماوە بێ کەسە هەڵدەکێشا. ئەوانەی کە لە نێو حەوشەکەوە دەردەچوون رێیان بۆ کەسانی تر چۆڵ دەکرد، تاوەکو ئەوانیش بچنە ژوورەوەو لە نزیکەوە ئاگاداری رووداوەکە بن. مەلا حەمید ئەو وەزعو بارو دۆخو ئاپورەیەی بە دڵ نەبوو بۆیە بە دەنگێکی بەرز خوڕیی بەسەر خەڵکەکەداو وتی:



– تکایە ئەم ناوە چۆڵ بکەنو چیتر ئەو پیرەژنە داماوە سەخڵەت مەکەن.

بانگەوازو دەنگی داواکاریی مەلا بە دەم باکەدا رۆیشتو کەس گوێی بە قسەکانی نەداو قەرەباڵخیەکە هەروەکو خۆی مایەوە. لەوسەرەوە لە پڕ ئۆتۆمبیلی لاندکروزێك خۆی کرد بە کۆڵانەکەداو لە قەرەباڵخیەکە نزیك بووەوە. چووار زەلامی عارەب دابەزین کە سیانیان کلاشنکۆفیان بە دەستەوە بوو. هەر یەکسەر دڵی خەڵکەکە داخورپاو زانیان پیاوانی ئەمنی حکومەتن. هەر چواریان تووك رەشی پێست ئەستووری سمێڵ قەوی بوون. مەلا حەمید ویستی بە زمانی عەرەبیەکی شەلو کوت تێیان بگەیەنێت کە شەوێ ماڵی میمکە فاتم دزراوەو دزەکانیش هەڵاتوون. بەڵام ئەوان بێ باکانە هاتنە پێشەوەو سەرگەرمی بیستنی ئەو قسانە نەبوون. خەڵکەکە لە سەرەتاوە وەهای بۆ چوون گوایە بە دەنگی رووداوەکەوە هاتوونو، مەبەستیانە بە باشی لە بنجو بنەوانەی مەسەلەی دزیەکەوە بکۆڵنەوە. بەڵام پاشتر وەها دەرکەوت کە ئەمان دەربەستی ئەم جۆرە رووداوانە نین، بەڵکو بۆ مەبەستێکی تایبەتیی خۆیان روویانکردۆتە ئەم گەڕەکو بانە. یەکێکیان کە دیار بوو سەرگەورەی ئەوانی تر بوو. لە مەلا هاتە پێشەوەو بە زمانی عەرەبی لێی پرسی کە ماڵی خاڵۆ حەمە کامەیە. خاڵۆ حەمەیش کە بە تەنیشتی مەلاوە وەستا بوو بە تەواوەتی لە پەلو پۆ کەوتو لە ترسانا رەنگی زەرد هەڵگەڕا. لێیان چووە پێشەوەو بە دەنگێکی پچڕ پچڕ تێیانی گەیاند کە خۆی خاڵۆ حەمەیە. کابرای رەشتاڵەی سمێڵ ئەستوور بە تووڕەییەوە پێی وت:

– تۆ لە دایەرەی ئەمن داوا کراویت چونکی کوڕێکت پێشمەرگەیەو، کوڕە بچووکەکەیشت لە ریزی سەربازی هەڵاتووە.
خالۆ حەمە زمانی تەتەڵەی دەکردو پێیانی وت:
– جا گەر ئەوان هەڵاتبێتن دەبێ گوایە تاوانی من چی بێت؟
کابرا بە تووڕەییەوە بەرپەرچی ئەو قسانەی داوەو وتی:
– دەبوو وەکو باوکێکی نیشتمان پەروەر ئامۆژگاریی کوڕەکانت بکردایەو رێت لێیان بگرتایەو نەتهێشتایە لە دەوڵەت یاخی ببن.
خالۆ حەمە بە نائومێدیەوە تەماشایەکی مەلای کرد، وەکو ئەوەی لە دڵەوە لێی بپاڕێتەوە تاوەکو ئەویش بێتە قسەو پاکانەیەکی بۆ بکات. مەلا لە کرۆکی مەبەست تێگەیشتو زاتی دایە بەرخۆیو بە کابرای ئەمنی وت:
– ئاین وەها دەڵێت کە هەرکەسەو بەرپرسیاری خۆیەتیو پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێت کە مەڕ بە پێی خۆیو بزنیش بە پێی خۆی.
کابرای ئەمن مۆڕەیەکی لە مەلا کردو پێی وت:
– تۆ خۆت لەم مەسەلەیە هەڵمەقورتێنەو هەقت بەسەر ئەم ئیشەوە نەبێت. ئێمە خۆمان دەزانین بە چ ئەرکێك هەڵدەستین.
مەلا زۆر سەرگەرمی قسەکانی خۆی بوو. بە رادەیەکی زۆر بڕوای بە قسەکانی خۆی بوو. لەملایشەوە دانا بە وردی تەماشای دەوروبەری خۆی دەکردو ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرێ. مەلا ویستی زیاتر لەسەر قسەکانی خۆی بڕواتو نەهێڵێت خالۆ حەمەی دراوسێیان راپێچ بکرێتو ببرێت. ئەمنەکە داوای لە مەلا کرد کە خۆی کەنارگیر بکاتو لەوێندەرێ نەمێنێتو دوور بکەوێتەوە. بەڵام کاتێك کە زانیی مەلا بڕوای تەواوی بە



خۆی هەیەو بە توندی داکۆکی لە دراوسێکەیان دەکات. لە مەلا هاتە پێشەوەو بە تووڕەییەوە پاڵێکی پێوەناو مەلای بە دەما خستە سەر زەویە خۆڵاویەکە. مەلای لەڕو لاواز کەوت بەسەر بەردێکداو بە توندی تووشی ئێشو ئازاری کرد. دانا خۆی بۆ رانەگیراو بە هانای مەلاوە چووو دەستی خستە ژێر باڵیو بە زەحمەت لەسەر زەویەکەی بەرز کردەوە. ئەوسا دانا دەمی کرایەوە بە کابرای ئەمنی وت:
– ئێوە بۆچی بەزەییتان بەم پیرەمێردانەدا نایەتەوەو، بۆچی بەم شێوەیە عەزێتیان دەدەن.!؟
کابرا لە دانا نزیك بووەوەو بە توندی سێ شەپازللەی قایمی کێشا بە بنا گوێیداو بێ دەنگی کرد. ئەوسا خالۆ حەمەیان دایە پێشی خۆیانو سوواری ئۆتۆمبیلەکەیان کردو بردیان. ژنو منداڵو مەلاو داناو چەند زەلامێکیش بە تاسا چوو بوونو، بە ڕقو کینەیەکی زۆرەوە تەماشای ئۆتۆمبیلەکەیان کرد کە رۆیشتو کۆڵانەکەی بەجێهێشت. دانا ئەمدەستی مەلای گرتبوو یارمەتیی رۆیشتنی دەداو، کەسێکی تریش ئەو دەستەکەی تری گرتبوو. منداڵێکیش کە مێزەرە سپیە کەوتووەکەی مەلای بەسەر رێگاکەوە هەڵگرتبوو لە دوواییانەوە هەنگاوی سستی دەنا. مەلا ئازاری بینی بوو بە زەحمەت هەنگاوی بەرەو پێشەوە دەنا. توانیان بیگەیەننە بەر هەیوانی ماڵەکەیان کە پانکایەك لەسەردا بەبن میچەکەوە لە سووڕانەوەدابوو. خەڵکێکی زۆر لە بەردەم هەیوانەکە ئاپوورەیان بەستو داخو خەفەتیان بۆ مەلا هەڵدەکێشا. ئەم پێشهاتە نوێیەیش رووداوی دزینی پارەی میمکە فاتمی لە بیر خەڵکی بردەوە. گەورەو بچووك تێکڕا لە ملە قوتێدا بوونو بە شپرزەییەوە تەماشای

مەلایان دەکرد کە لەسەر دۆشەکەکەدا دانیشتبوو. لە پڕ ژنو کچە عازەبەکەی مەلا کە وەها دیاربوو لە ماڵ دوور کەوتبوونەوە، بە خۆیانو عەبا رەشەکەی سەریانەوە ئامادە بوون. بە بینینی خەڵکە زۆرەکەی نێو حەوشەکەیان شڵەژانو ترس پەرپە چاویان. ئاگاداری مەسەلەکە نەبوونو بە پەلە دڕیان بە خەڵکەکەداو خۆیان لە مەلا نزیك کردەوەو کۆمەڵێك پرسیار لە ناخیاندا پەنگیان خواردبووەوە. نەیاندەزانی چۆن بێنە قسەو لە بارەی هەموو شتێکەوە بکەونە پرس. مەلا ویستی هێوریان بکاتەوەو بەڕوویاندا زەردە خەنەیەکی کردو پێیانی وت:

— خۆتان سەخڵەت مەکەنو هیچ شتێکی ئەوتۆی مەترسیدار روونەداوە.

مەلا ژن بە پەلە عەباکەی فڕێداو پرسیاری کردو وتی:

— مەلا چیت بەسەر هاتووە؟

— هیچم بەسەر نەهاتووە بەڵکو بە تەنیا سەگ گەستوومی.!

— گوایە سەگ لە کوێوە پەیدا بوون.؟

— بە سوواری ئۆتۆمبیل هاتنو لە نێو کۆڵاندا دابەزینو گەستمیان.!

مەلا ژن لەو قسانە سەری سوڕماو چاوی چوو بە مۆلەقداو کچەکەیش بە هەمان شێواز نائارامیو بێ ئۆقرەیی بە روخساریەوە دەخوێنرایەوە. خەڵکەکە توانیان مەلا ژن هێور بکەنەوەو بە شێنەیی سەرجەم بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕنەوە. ئەوسا مەلا ژن هاتەوە سەر خۆیو تۆزێك دڵی داسەکا. مەلا دەمی هەڵهێناو وتی:

— لە راستیدا من خەمی خۆمم نییە، بەڵکو خەمی خاڵۆ حەمە دایگرتووم کە دایانە پێشو بەرەو نادیار ئەو زاڵمانە راپێچیان کرد.



مەلا کەوتە بزەو رووی خۆی بەلای دانادا وەرچەرخاند کە بە تەنیشتیەوە دانیشتبو. درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

— دانایش لەم بەزمە دڵتەزێنە بێ بەش نەبوو. چەند شەپازللەیەکیانیش کێشا بە روومەتیدا.

دانا هەڵسایە سەرپێو رووی دەمی کردە خەڵکەکەو پێیانی وت:

— وەها چاکە لەمە زیاتر مامۆستا سەخڵەت نەکەینو هەموو بڵاوەی لێبکەینو بڕۆین بە رێی خۆماندا.

خوا حافیزیی لە مەلا کردو بەرەو ماڵی خۆیان کەوتە رێ. پێش ئەوەی بگاتە ماڵی خۆیان رووبەڕووی سامەی برادەری بووەوە. بە پێکەنینەوە پێی وت:

— لە کوێ خەوتبوویتو بۆ چی لە نزیکەوە ئاگاداری رووداوەکانی گەڕەك نیت.!؟

سامە دەمی داپچڕیو بە روخسارێکی پڕ لە گەمژەییەوە پرسیاری کردو وتی:

— داخۆ چی رووی داوەو منیش بێ ئاگام لە بارەیەوە؟

— تۆ ئەگەر برادەری راستەقینەی من بیت نابێت ئاوەها بێ ئاگاو بێ هۆش بیت.. لە پاشاندا بە دوورو درێژی هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. ئێستا بڕۆ پاسکیلەکەت ئامادە بکە تاوەکو بکەوینە رێو بە گەشتێك هەڵبستین.

هەردووك بە سوواری پاسکیل کۆڵانە خۆڵاویەکانی گەڕەکی زێویەیان بڕی‌و گەیشتنە چایخانەکەی یادگار. تیشکی خۆرەتاوەکەی ئەو پێش نیوەڕۆیە گەرمایی سەپاندبوو بەسەر شەقام‌و ڕێ‌و بانەکاندا. پاسکیلەکانیان لە بەردەم چایخانەکە ڕاگرت‌و خۆیشیان بەسەر تەختەیەکی درێژەوە لێی دانیشتن. دوو کەس لەولایانەوە یاریی دامەیان دەکردو ناوبەناو زرمەیان لە زارەکانی دەستیان هەڵدەستاند. لەولایشەوە وەستا برزۆو سەمەدی شاگردی خەریکی گۆشت برژاندن بوون. وەستا سابیری چایچی دوو ئیستکان چایەو دوو گڵاس ئاوی هێناو لە بەردەم داناو سامەی دانا. بۆ ماوەیەك وەستا سابیر لە روخساری دانا وردبووەوەو ئەوسا پێی وت:

– دانا گیان حەز ناکەم نیگەران بیت‌و دڵت لێم زویر بێت. لە ڕاستیدا من لە خۆشەویستیدا دوێنێکە هەندێك بەسەرتدا هاتم‌و سەرزەنشتم کردیت. هیوادارم دڵگران نەبیت لێم.

دانا وەڵامی داوەو وتی:

– وەستا گیان تۆ وەکو برا گەورەی من وەهایت، بۆیە هەرگیز لێت زیز نابم‌و هیچیش لە دڵ ناگرم.

– دانا گیان نامەوێت قسەکانی دوێنێکە دووبارە بکەمەوە، بەڵام وەکو دەزانیت بارودۆخەکە بە رادەیەکی زۆر سەختەو پیاو دەبێت ئاگاداری زمانی خۆی بێت‌و، بە ئاسانی خۆی تووشی بگرەو بەردە نەکات. ئێرەیش چایخانەیەو باش‌و خراپ ڕووی تێدەکات، بۆیە وەها چاکە زۆر ئاگادارو وریا بین..



وەستا سابیر بەوپەڕی بڕوا بە خۆکردنەوە کۆتایی بە قسەکانی هێناو دوورکەوتەوەو ئەمانیش چایەکانیان خواردەوە. لە پاشاندا سامە تەماشایەکی دەم‌و چاوی دانای کردو پرسیاری کردو وتی:

– ڕەنگ‌و روخسارت بە رادەیەکی زۆر تێکچووەو شێواوە. داخۆ شتێکی ناهەمووار ڕووی داوەو من ئاگام لێی نییە.!؟

دانا بە دوورو درێژی باسی ڕووداوەکانی کۆڵان‌و گەڕەکەکەی بۆ سامە گێڕایەوە. ئەویش متەقی لە خۆی بڕی‌و بە تاسەوە گوێی بۆ قسەکانی ڕادێرا. لە پاشاندا دانا بە حەسرەتەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

– ئەمشەو تا درەنگانێك خەو نەچۆتە چاوانم.

– بۆچی خەوت زڕابوو؟

– دیارە تۆ لە ناخی دڵی منیش بێ ئاگاو بێ خەبەریت!

– حەز دەکەم بکەویتە قسەو هەموو شتێکم بۆ ڕوون بکەیتەوەو ناخی خۆتم بۆ یەکالا بکەیتەوە.

– وەکو دەزانیت من بریندارم بە تیری عەشقی (دڵسینە)ی خۆشەویست‌و ئازیزم. شەوو ڕۆژ لە خەیاڵی ئەودام‌و چاوە گەشەکانی بێ وچان ئازارم دەدەن.. منیش وەکو شاعیرێکی عاشقی دڵناسك هەمیشە بە یادی ئەوەوە دەژیم. ئەمشەو تا کاتێکی درەنگ قەڵەم‌و کاخەزم بە دەستەوە گرت‌و کەوتمە شیعرو غەزەل دانان بەسەر ئەو دلبەرە ئازیزەمدا..

سامە پرسیاری ئاراستەی کردو وتی:

– تۆ وەکو برادەرێکی نزیکو دڵسۆزم نەدەبوو بە دوورو درێژی باسی ئەو کچەت بۆم بکردایەو، بۆمت روون بکردایەتەوە کە کێیەو خەڵکی کوێیەو ماڵیان لە کام گەڕەکدایەو کچی کێیە؟

– پێویست بە درێژدادڕی ناکاتو بەس ئەوەندەت پێدەڵێم کە شوێنو جێگای ئەو لە نێو دڵو دەروونمدایەو بە بێ یادی ئەو بۆ ساتە وەختێك هەڵناکەم. هەتاوەکو دەمرم بە یادی ئەوەوە دەژیمو خۆشەویستیی لە دڵو دەروونی خۆم دەرناکەم. تاکو ئێستایش بە سەدان شیعرو هەڵبەستم بۆ خۆشەویستیی ئەو هۆنیوەتەوە.

دانا لە ناکاودا نیگای خۆی بەرەو شەقامەکە ئاراستە کردو بە پەلە هەڵسایە سەرپێ. چاوی کەوت بە عارف پۆستەچی کە بەسەر پاسکیلەکەیەوە بەسەر جادە قیرەکەدا رەت دەبوو. بە پەرۆشەوە بانگی کردو داوای لێکرد کە بێت بۆ لایانو بە تەنیشتیانەوە لێی دانیشێت. کابرای پۆستەچی نەیویست دڵی بشکێنێت بۆیە لایداو لە بەردەم چایخانەکەدا پاسکیلەکەی راگرتو بە خۆیو جانتایەك پڕ لە نامەوە بەرەو لایان هات. سەلاوی لێکردنو بە تەنیشتیانەوە لێی دانیشت. زۆری پێنەچوو وەستا سابیر ئیستکانێك چایەیشی بۆ ئەم هێناو لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانا. کابرای پۆستەچی دەستی بە چای خواردنەوە کردو چاوەڕوانی ئەوەبوو کە دانا وەکو هەر کاتێکی تر بۆی بکەوێتە قسەو، دەردی دڵی خۆیی بۆ هەڵڕێژێتو ناخی خۆیی بۆ یەکالا بکاتەوە. کابرا لە ناخەوە ئاگای لە هەڵچوونەکانی دانا بووو دەیزانی گەر بکەوێتە قسە چ شتێکی بەسەر زاردا دێت. هەروەکو ئەوەی کە کابرا چاوەڕوانی دەکرد دانا رووی دەمی تێکردو وتی:



– هیچ نامەو پەیامێکم لە یارەکەمەوە بۆ ڕەوانە نەکراوە؟

کابرای پۆستەچی هەروەکو جارانی پێشووی بە نەخێر وەڵامی داوە. ئەوسا دانا پرسیارە هەمیشەییەکەی جارانی تری دووبارە کردەوەو وتی:

– ئایا لە رۆژنامەو گۆڤارەکانیشەوە هیچ پەیامو وەڵامێکم بۆ نەهاتووە؟

پۆستەچیەکە بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارەیشی دایەوەو وتی:

– تۆ هیچ ناوونیشانێکی ئەو کچەت لەلا نیە تاوەکو نامەی بۆ رەوانە بکەیتو ئەویش وەڵامت بداتەوە. وەهایش باوە گەر بابەتێکیش بۆ رەوانە بکەیت ئەوان لە گۆشەی پۆستەی خوێنەراندا رەزامەندی یاخود ناڕەزامەندی خۆیانت بۆ دەنووسن. گەر بابەتەکەت بۆ بڵاوکردنەوە بشێت بۆتی بڵاو دەکەنەوە، گەر بۆ بڵاو کردنەوەیش دەست نەدات ئەوا لەو حاڵەتەیشدا وەڵامت دەدەنەوە داوای لێبوردونت لێدەکەن.

دانا تێڕاماو دەستێکی خستە ژێر چەنەیو وتی:

– تاوەکو ئێستا بە دەیان شیعرو هەڵبەستم بۆ رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان رەوانە کردووە، بەڵام لە بەد بەختیی مندا هیچ سەرو سۆراخێکیان نییە.!

پۆستەچیەکە قسەکانی پێ بڕیو وتی:

– مادامەکی کار بەم شێوەیەیە تۆیش چی تر هیچیان بۆ مەنێرە.

– نەخێر من شاعیرمو شاعیریش خاوەنی هەستو هۆشێکی ناسکە، بۆیە ناتووانم دەستبەرداری شیعرو هەڵبەست بم.

پۆستەچیەکە دەستی بۆ ناوەخنی جانتاکەی درێژ کردو نامەکانی تاوتوێ کردو وتی:

– پێویستە لە سەرم یەك بە یەكی ماڵەكان بەسەر بكەمەوە تاوەكو ئەو كەسانە بدۆزمەوە كە نامەیان بۆ هاتووە. كێشەكە لەوەدایە كە هەندێك ناوونیشان تێكەڵو پێكەڵنو بەو ئاسانیە خاوەنەكانیان نادۆزرێنەوە. بە هەر حاڵ دەبێت بكەومە خۆمو بڕۆم.

هەڵسایە سەرپێو دانا بە پەنجەی ئیشارەتی بۆ كرد كە راست بەرەو پاسكیلەكەی خۆی بڕواتو پارەی چایەكەیشی لەسەر ئەمە. كابرا تێگەیشتو چایخانەكەی بەجێهێشت. لەوسەرەوە سەمەدی شاگرد بە خەندەیەكی منالآنەوە بۆ لایان هاتو پێیانی وت:

– برسیتان نییە تاوەكو گۆشتی برژاوتان بۆ بهێنم.

دانا لێی هاتە وەڵامو پێی وت:

– خۆراكی خۆمان لەسەر پاسكیلەكەم هەڵگرتووە، وەهامان نیازە لە دەرەوەی شار لە شوێنێكی فێنكدا نیوەڕۆژە بكەین. ئەوە باش بوو كەوتەوە بیرمو دەمەوێت پێت بڵێم داخۆ ئێستا باوكت رەفتاری چۆنە لەگەڵتداو ئایا لێت دەدات یاخود نا.!؟

– نەخێر لەو رۆژەوەی كە تۆ هاتیت بۆ ماڵمان، ئەویش بە مەبەستی لێدان دەستم بۆ نابات.

منالەكە بە خۆشیەكەوە ئەو قسانەی كردو رۆیشت. سامەیش هەر پەلەی بوو تاونەتاوێك دەیوت:

– من زۆرم برسیەو داخۆ كەی دەكەوینە رێ.؟

برادەرەكەیشی رووی خۆی لێگرژ كردو پێی وت:

– دەك لە برسا بمریت حۆپەی قەڵەو. پەلەت چیە هێشتا زووە بۆ نان خواردن!؟



لە پڕ خلەی كوڕی گەڕەك خۆی كرد بە چایخانەكەدا كە لاوێكی رەشتاڵەی كورتە باڵای قژ لوول بوو. هەركە دانا لە دوورەوە چاوی پێكەوت چارەی دا بەیەكاو حەزی بە بینینی نەبوو. بۆیە بە پەلە چرپاندی بە بنی گوێی سامەی برادەریداو پێی وت:

– ئەوە خلە جاسووس بەرەو لای ئێمە دێت. گەر هاتو لە تەنیشتماندا دانیشت زۆر ئاگات لە زمانت بێت. چونكی ئەم بەدفەڕە پیاوی حكومەتەو قسە دەباتو دەهێنێت.

سامەیش سەری لەقاندو قسەكانی چوو بە گوێداو ئەو ئامۆژگاریانەی پەسەند كرد. خلە بە پێكەنینەوە بە تەنیشتیانەوە دانیشتو لێیانی پرسی:

– ئەی بۆچی ئاوەها قڕو قەپ لێی دانیشتوون؟ بۆچی دەستێك دۆمینە یاری ناكەن؟

دانا لێی هاتە وەڵامو وتی:

– ئێمەی رۆشنبیرو شاعیر لەگەڵ ئەو جۆرە گەمەو یاریانەدا سەرو سەودامان نییە.

– ئەی ئاگاتان لێیەتی كە بۆ چەند رۆژێك دەچێت شەڕو پێكادان لە بەرەكانی جەنگدا لە نێوان سوپای عێراقو ئێراندا گەرمە؟

– بەڵێ ئاگامان لێیەتی.

– نازانم ئەم دەوڵەتە بێ ویژدانە بۆچی خوێنی ئەم هەموو گەنجو لاوە بە ختو خۆڕایی دەڕێژێت؟

هەردوو هاوەڵ دەمیان دا بە یەكاو تەماشای نێو چاوی خلەیان كردو وەڵامیان نەداوە. وەكو ئەوەی بیانەوێت لە دڵەوە پێی بڵێن ئێمە

دەزانین کە تۆ چیتو مەبەستت لەم قسانە چییە. ئەمیش تێڕاماو نائومێد بوو. پاش بێدەنگیەك هاتە قسەو وتی:

– باشە ئێوە سەرباز نینو دوورن لە ئاگرو دۆزەخی شەڕەوە.

دانا هەڵیدایەو وتی:

– ئێمە هەردووکمان قوتابینو بە شەو لە قوتابخانە دەخوێنین بۆیە سەربازی ئێمە ناگرێتەوە.

دانا رووی بەلای سامەدا وەرچەرخاندو لێی پرسی:

– قسەکەم راستە یانا؟

ئەویش بە پەلە وەڵامی داوەو وتی:

– بەڵێ وایەو پسوولەی قوتابیمان هەڵگرتووە.

هەر لەو کاتەدا بوو کە ئۆتۆمبیلێکی ئینزباتی سەربازی لە بەردەم چایخانەکەدا وەستا. خلەیش پاشەکشەی لێکردو چایخانەکەی بەجێهێشت. دوو ئینزباتی عەسکەری بێری سوور لەسەر خۆیان کرد بە چایخانەکەداو بەرامبەر بەمان بە پێوە وەستان. یەکێکیان بە زمانی عەرەبی پێیانی وت:

– هەویەکانتانم پیشان بدەن.

ئەمانیش دەستیان بۆ گیرفانیان درێژ کردو هەویەکانی خۆیانیان دەرکردو دایان بە دەستی ئینزباتەکەوە. ئەویش بۆ ماوەیەك چاوی بڕیە هەویەکانو لە پاشاندا دایەوە دەستی خۆیان. ئینزباتەکان چایخانەکەیان بەجێهێشتو لە بەردەم چایخانەکەدا دوو گەنجی تریانیش بینیو داوای هەویەیان لەوانیش کرد. نائومێد بوونو هیچ نێچیرێکیان



دەست نەکەوتو سوواری ئۆتۆمبیلەکەیان بوونو رۆیشتن. دانا دەمی هەڵهێناو وتی:

– ئەمانە وەکو سەگی هاریان لێهاتووە. چێژ لەوە دەبینن کە بچن بە گژی خەڵکیدا یاخود خوێنی کەسانی بێ تاوان بڕێژن. خلەیش دەستی لەگەڵیان تێکەڵەو لە ژێرەوە یارمەتیان دەدا.

– بچین لێی بدەینو مارکوژی بکەین؟

– نا نەخێر لێدان بۆ ئەم جۆرە کەسانە سوودی نییە، چونکی بەردەوام دەبێت لە جاسووسی خۆیو ئێمەیش تووش دەکاتو لە پاشانیشدا پاداشتی لێدانەکە وەردەگرێتو پلەو پایەی لەلای ئاغاکانی بەرز دەبێتەوە.

وەستا سابیر چاپچی بە ئاسپایی گەیشتە لایانو پێیانی وت:

– زۆر ئاگاتان لە زمانی خۆتان بێت گەر خلە لەگەڵتاندا دانیشت، چونکە ئەو زۆڵە کەسێکی خۆ فرۆشەو ملی خەڵکی بە شکاندن دەدات.

دانا دەستی بە پێکەنین کردو وتی:

– خەمت نەبێت وەستا سابیر ئێمە لەوسەری مەسەلەکەوە دێین. هەوڵی دا لەگەڵمان کە زمانمان بسەنێتو قسەیەکمان پێدەرکات بەڵام بووارمان نەدا پێی. بۆیە بە نائومێدیەوە بەجێمانی هێشتو رۆیشت.

– بە خوا گەر ترسی دەوڵەتم نەبێت ناهێڵم رووبکاتە ئەم چایخانەیەی من. بەڵام بڵێم چیو چاوی زەمانە کوێربێت.

هەردوو هاوەڵ هەڵسانە سەرپێو پارەی چایەکانیان داو بەرەولای پاسکیلەکانیان چوون. دنیا گەرم داگیرابوو جاروبار ئۆتۆمبیلێك بەسەر شەقامەکەدا رەت دەبوو. خەڵکەکەیش بەردەوام لە هاتو چۆدا بوون.

گەرماکە تەنگی بە خەڵکی هەڵچنی بوو. چەند دوکانێکیش بەوبەر جادەکەوە کرابوونەوەو شتو مەکی خۆیان خستبووە روو بە مەبەستی فرۆشتنیان. شەڕی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێی عێراقو ئێران بۆ چەند ساڵ دەچوو کە بەردەوام بوو. رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی نێو وڵات ئیشو کاریان ئەوە بوو کە وتاری ئاگرین بدەنو سروودی درۆزنانەی نیشتمان پەروەری پەخش بکەن، کە خەڵکیان هان دەدا جلو بەرگی سەبازی لەبەر بکەنو خوێنی خۆیان برێژن. رادیۆی نێو چایخانەکەیش بە هەمان شێوە دەنگی بەرز ببووەوە سروودی پەخش دەکرد. رادیۆی کوردیی بەغدایش لە چوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتدا کاری دەکرد. جاروبار سروودی نیشتمانیی درۆزنانەی پەخش دەکردو، هەندێك جاری تریش سرووده کوردیە رەسەنە کۆنەکانی دەخستە کار، ئەمەیش مایەی نیگەرانی بوو بۆ هونەر دۆستان. ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو رادیۆیو کوردیی وڵاتی ئێران هێرشی توندو تیژیان دەکردە سەر وڵاتی عێراقو بە داگیرکەریان لە قەڵەم دەداو لە پاشاندا سروودێکی کوردیی رەسەنیان ئاوێتەی قسەو بۆچوونەکانیان دەکرد، کە هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی نێوان عێراقو ئێرانەوە نەبوو، لە هەمان کاتدا رادیۆی کوردیی بەغدایش بە هەمان شێواز دەستی بە جوێنو قسەی ناشیرین دەکرد دەرهەق بە وڵاتی ئێرانو لە پاشاندا هەر هەمان ئەو سرووده کوردییەیان پەخش دەکرد، کە پێشتر رادیۆ کوردیەکەی ئێران بۆ پاڵپشتی قسەکانیان بە ناهەق پەخشیان دەکرد. رژێمی بەعس ژیانی خەڵکیی کردبووە دۆزەخ. بە زۆری زۆردارەکی دەستە دەستە لاوانو گەنجانیان راپێچی ریزی سەربازی دەکردو، جلو بەرگی خاکییان لەبەر دەکردنو



رەوانەی بەرەکانی جەنگیان دەکردن، ئیتر لە پاشاندا یا دەکوژرانو یا بریندارو پەککەوتە دەبوونو یاخود بە دیل دەگیران. هەر بەوەیشەوە نەدەوەستانو خەڵکانی بەساڵاچووو پیرو پەککەوتەیشیان دەگرتو دەیانکردن بە جەیشی شەعبی. خەڵکانێکی زۆر بە شەوان لە ترسی راپێچان هەڵدەهاتنو لە ماڵی خۆیان نەدەخەوتن. ئەوەی پارەدار بووایە پارەو پووڵی دەداو خۆی لەو داوە رزگار دەکردو لە پاشاندا خەڵکانی هەژارو نەدارا لە بری ئەوان پێوەدەبوونو جلو بەرگی خاکییان بە ناوی سوپای میللیەوە لەبەر دەکرا. هەندێك لە گوندەکان لە سەرەتای جەنگدا لە رووخانو وێرانکردن رزگاریان ببوو، ئەمەیش باشترین داڵدە بوو بۆ ئەو گەنجانەی کە لە ریزی سەربازی هەڵدەهاتن.

داناو سامە پێکەوە بەو نیوەڕۆ گەرمە سوواری پاسکیلەکەیان بوونو لە راستە رێگاکەدا بەرەو ژوور بوونەوە. دانا لە پشتی خۆیەوە بەبانی تایەی دوواوە مەنجەڵێك خۆراکی بە پریاسکەیەك شەتەك دابوو، وەکو توێشووی سەفەرو گەشتێکی کەم خایەن دایکی بۆی ئامادە کردبوو. بە نیازی ئەوەبوون بەرەو ژورووی شاری کەرکوك بڕۆنو لە ژێر سێبەری دار توویەکدا لە رۆخی خڕی خاسەدا بنەو بارگەیان بخەنو نیوەڕۆژە بکەن. دانا بە لەشە لەڕو لاوازەکەیەوە لە پێشەوە پاسکیلی لێدەخوڕی. سامەیش لە دووایەوە بە زەحمەت پایدەری لێدەداو هەناسە بڕکێی بوو. ئارەقە هۆن هۆن بەسەر روومەتە خرپنە قەڵەوەکەیدا دەهاتە خوارەوە. بەڵام بەهەر حاڵێك بێت لەسەریەتی ملکەچی داواکاریەکانی دانای برادەری نزیکی بێتو لەژێر رکێفی ئەودا هەڵسو کەوت بکات. لە هەموو گەڕەکدا لە دانا بەولاوە برادەرێکی تری شك نەدەبردو کەسێکی تری

بەدی نەدەکرد کە رەفیقایەتی بکات. دانا هەر رۆژێکی تازەی لێهەڵبهاتایە ئەوا قۆڵی لێهەڵدەماڵی‌و خۆی بۆ سەرکێشیەکی تازەو نوێ ئامادەو تەیار دەکرد. وەهای بۆ دەچوو کە دەبێت وەکو کوڕێکی بەوەفاو بە ئەمەك شوێن پێی کوێخا شەوکەتی باوکی هەڵبگرێت. هەردەم حەزی لەوەبوو کە بانگی بکەن بە دانای کوێخا شەوکەت‌و پێی بڵێن بە راستی کوڕی باوکی خۆیەتی‌و نەیدۆڕاندووەو ئۆجاخی باوکی کوێی نەکردۆتەوە. هەردوو هاوەڵ لە ماڵەوە لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە سەرزەنشت دەکران. هەردەم دەدرا بە روویاندا کە گوایە تەمەڵ‌و تەوەزەل‌و دەستە پاچەن‌و هیچ ئیش‌و کارێکیان پێهەڵناسوورێت. ئەمانیش مەهانەو بیانوویان بە تەنیا ئەوەبوو گوایە قوتابین‌و بە شەو لە قوتابخانەدا دەخوێنن. بەڵام ئێستا وەرزی گەرمایەو پشووی هاوینەو بۆیە وەها پێویست دەکات کە وچانێکی لێبگرن‌و پشوویەك بە خۆیان بدەن. لە پڕ دانا چاوی بە کۆنە برادەرێکی خۆی کەوت کە دەیویست خۆی بگەیەنێتە ماڵی خۆیان لەو سەری ریزە خانووەکەوە. پاسکیلەکەی راگرت‌و دابەزی‌و سامەیش بە هەمان کار هەڵسا. ئەوسا دانا رووبەڕووی برادەرەکەی بووەوەو کەوتە گلەیی کردن‌و وتی:

– کاروانی هاوەڵی ئازیزم بۆچی ئاوەها بە یەکجارەکی خۆت لێمان بزر کردووە؟

ئەویش رووی گەش بووەوەو وتی:

– نازانم من دیار نیم یاخود تۆ؟

– من هەردەم بە سوواری پاسکیل گوزەر دەکەم‌و بە درێژایی شاردا خوارو ژوور دەکەم. هەروەکو خدری زیندە هەمیشە حازرو ئامادەم‌و



لەبەر چاو بزر نابم. بەڵام وەها دیارە تۆ بە کارو باری هونەریەوە ئاڵاویت‌و بوواری دەرکەوتنت نییە؟

– باشت دۆزیەوەو لە راستیدا من بە شەوو بە رۆژ لەگەڵ وێنەکێشاندا خەریکم‌و بە رادەیەك ناتووانم سەری خۆم بخورێنم. ئەوەتا ماڵەکەمان نزیکەو حەز دەکەم بێن بۆ ماڵمان‌و چاوێکتان بەو تابلۆو نیگارانەیش بکەوێت کە ئامادەم کردوون بۆ پیشانگاکەم، کە لە مانگی داهاتوودا سازی دەکەم لە شاردا.

– ئێستا وەخت‌و کاتی تەواومان بە دەستەوە نییە، وەها چاکە ئەم کارە دوواخەین بۆ رۆژێکی تر.

– بەرەو کوێ دەچن؟

– نیازمانە لە دەرەوەی شاردا نیوەڕۆژە بکەین. گەر تۆیش حەز دەکەیت فەرموو لەگەڵمان بێ.

– ئێوە بڕۆن‌و گەشتی خۆتان بکەن، بەڵام من چەند ئیش‌و کارو بارێکم بە دەستەوەیەوە بۆم ناکرێت لەگەڵتاندا بێم.

خوا حافیزیان لە یەکتری کردو بۆ جارێکی تریش ملی رێیان گرتەبەرو لە نێو ماڵەکان دەرچوون‌و کەوتنە چۆڵاییەکەی ژورووی شار. باخەکانی کەناری رۆژهەڵاتی خڕی خاسە سەوزیان دەکردەوە. خڕی خاسەیش بە بەردی خڕو زیخ‌و چەو لە ژێر تیشکی خۆرەتاوەکەدا سپیی دەکردەوە. خڕی خاسە لەسەردا دەهات‌و شاری کەرکوکی دەبڕی‌و دەیکرد بە دوو بەشەوە. لە وەرزی سەرماو باراندا ئاوێکی لێخنی قوڕاوی بە خڕی خاسەدا بەرەو خوار شۆڕ دەبووەوە. بەڵام ئێستا کە وەرزی گەرمای هاوینە بۆیە هیچ ئاوێك بە درێژایی خاسە بە دی ناکرێت. بەڵکو یەك

جۆگەلە ئاوی ڕۆشنو پاك بە ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی خڕی خاسەدا بەرەو خوار دەبـووەوە. دارو دەوەنو گـژو گیایـەکی زۆریـش لـەم دیـوو لـەودیوی جۆگەلــە ئاوەکــەدا ڕووابــوون. لــەو ســەرەوەی ماڵەکانــدا تەلبەنــدی بارووتخانـە بـەدی دەکـرا کـە شـوێنی شـاردنەوەی چـەکو تەقەمـەنیی سەربازی بوو. خەڵکی نەیاندەوێرا لەو شـوێنە نزیـك ببنـەوە. ئـەمان بـە پایدەر لێدان خۆیـان گەیانـدە کـەناری خاسـەو گەیـشتنە سـەر گۆمـاوی جۆگەلە ئاوەکەی ئەودیوی ناوچەی حەمە شنە. سێ دار تـووی زەبـەلاح ڕووابـوونو سـێبەریان بـە لێـواری گۆماوەکـەدا بڵاوکردبـووەوە. کۆمەڵـە مـەلو باڵندەیـەکیش بەسـەر دارەکانـەوە بـێ وچـان دەیانــچریکاندو هەڵدەفڕینو دەنیشتنەوە. یەکسەر پاسکیلەکانیان لـە ژێـر سـێبەری دار توویەکدا ڕاگرتو خۆیشیان کەوتنە سەر پێ. هەرکە دانا چاوی بە پۆلێك قازو مراوی کەوت کە لە نێو گۆماوەکەدا مەلەیان دەکرد، چـارەی خـۆی دا بـە یـەکا وەکـو ئـەوەی ئـەو دیمەنـەی نەچـووبێت بـە دڵاو سـەرنجی ڕانەکێشابێت. خۆی گەیاندە پاسکیلەکەی‌و دار دەستەکەی دەرهێنا کـە بە شیشێکی پاسکیلەکەیەوەی بەستابوو. بە سامەی وت:

– ئایا ئەم دیمەنە نائاساییە نابینیت؟

– کام دیمەنی نائاسایی؟

– ئەم هەموو قازو مراویانە کە مایەی نەگبەتی‌و بەدیۆمین. !

– بۆچی نەگبەتن؟

– ئەی نازانیت دەقیڕێننو خـەڵکی ئاگـادار دەکەنـەوەو نەگبـەتی دێننـە کایەوە ! ؟

– لەم قسەیەی تۆ تێناگەم‌و سەرم لێی دەرناچێت !



– ئێستا من خۆم لـە هـەقی ئـەم جنۆکانـە دێـم‌و دەزانم چـییان بەسـەر دەهێنم.

دارەکەی دەستی بەرز کـردەوەو کەوتـە وێـزەی پۆڵـە قـازو مراویـەکان، چەند دارێکی بە پەڕو بـاڵی هەندێکیانـدا کێـشاو ئـەوانیش بـە قـیڕە قـیڕ کەوتنە پـەڕو باڵ ڕاوەشاندنو هەڵاتنو ئەو ناوەیـان بەجێهێـشت. ئەوسـا دانا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

– ئایا بە شتێکی باش هەڵنەستام؟

– کامەیە شتە باشەکە؟

– ئەم باڵندانەم دایە بەردار.

– من بە گیانلەبەری جوانو خنجیلانەیان تێدەگەم.

– تۆ عەقڵ‌و هۆش لە مێشکتدا نییە.

مەنجەڵە خۆراکەکەی لە پشتی پاسکیلەکە داگرت سەر گژوگیای ژێـر دار تووەکە، کاتێك پریاسکەو سـەرقاپەکەی لێکرایـەوە نـاوخنی مەنجەڵەکـە کەوتە ڕوو، کە پڕ بوو لە چێشتی دۆڵمەو لەلایەن دایکی داناوە لێنرابـوو. ئەمانیش لێی دانیـشتنو دەسـتیان بـە نیـوەڕۆژە کـرد. کـە لـە خـواردن بوونەوە هەندێك دۆڵمە لە ژێر مەنجەڵەکـە مایـەوە. منـاڵێکی تـوولاز کـە چەند مەڕو بزنێکی دابووە پـێشو دەیانیلەوەڕانـد لێیـان نزیـك بـووەوە. مــەڕو بزنـــەکان گــژو گیایـــان دەخــواردو جاروبــار دەیانباڕانــد. چــەند زەنگوڵەیـەکیش بـە ملـی هەندێکیانـەوە دەزرنگانـەوە. دانـا بـانگی لـە مناڵەکە کردو مەنجەڵەکەی بـۆ درێـژ کـرد تـاوەکو بەرماوەکـەی بخـوات. مناڵەکەیش لێـی وەرگـرتو لەسـەر گـژو گیاکـە دانیـشتو کەوتـە دۆڵمـە خواردن. پاش ئەوەی لە خواردنەکەی بـووەوە ئاژەڵـەکانی دایـە پـێشو

دوور کەوتەوە. قرچەی گەرمای ئەو نیوەڕۆیە لە کێشدا نەبوو، بەڵام سێبەری دار تووەکانی کەناری گۆماوەکە فێنکاییەکی گونجاوی پێکهێنابوو. ئەمانیش یەك لە دووای یەك خۆیان رووتکردەوەو، لە پاشاندا خۆیان هاویشتە نێو گۆماوەکەوەو کەوتنە مەلە کردن. لەشو لاری دانا ئەوەندە لەڕو لاواز بوو کە بە زۆری لە داوڵی نێو باخ دەچوو. لەشو لاری سامەیش بە پێچەوانەوە قەڵەو گۆشتن بوو، بۆیە بە زەحمەت دەیتووانی مەلە بکاتو لەشی لە نێو ئاوەکەدا بجووڵێنێتەوە. ئاوەکە ئەوەندە قووڵ نەبوو کە ترسی ئەوەیان هەبێت بخنکێن، بەڵکو زۆر بە ئاسانی لە نێو ئاوە رۆشنەکەدا ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد. ئەو نێوەندە چۆڵو بێدەنگ بوو بەڕادەیەك هیچ کەسێك بەدی نەدەکرا. خۆرەتاوە گەرمەکەیش بێ وچان تیشکی گەرمی خۆی بەو ناوچەیەدا پەخش دەکرد.

پاش مەلە کردنێکی زۆر هەستیان بە فێنکاییەك کردو جلو بەرگەکانیان کردەوە بەر. لەسەر گژو گیا سەوزو نەرمەکە لێی راکشانو خەوێکی قووڵ بردیانیەوە. دەمەو عەسر بە ئاگا هاتنەوەو لە خەوەکەیان راپەڕین. سامە چاوی بڕیە ئەو شوێنەی کە پاسکیلەکەی تێدا راگرتبوو. یەکسەر دڵی داخورپا کە بینیی پاسکیلەکەی نەماوە. هەردوو دەستی هەڵبڕیو کەوتە هاتو هاوار. دانا بە هانایەوە چوو لێی پرسی:

– ئەم هاتو هاوارەت لەپای چییە!؟

– پاسکیلەکەم نەماوە.!

دانایش بە باشی رووانیە دەورووبەری خۆیانو ئەوسا بۆی دەرکەوت کە پاسکیلەکەی سامە نەماوە. ئەمیش نیگەرانیەکی زۆر دایگرتو وتی:



– راست دەکەیت پاسکیلەکەت نەماوە؟

– دەبێت چی بەسەر هاتبێت؟

– لەو کاتەیدا کە ئێمە خەومانلێکەوتبوو کەسێك بە ئێرەدا تێپەڕیوەو خەوتنەکەمانی بە هەل زانیوەو بە ئاسپایی پاسکیلەکەتی دزیوەو لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی..

سامە دەنگی لێهەڵبڕیو کەوتە گریانو فرمێسك بە خوڕ لە چاوانی داباری. دانا رووی خۆی لێگرژ کردو ویستی بە روویدا هەڵشاخیو سەرزەنشتی بکاتو بە تووڕەییەوە پێی وت:

– بەسیەتی گریانو فیغان بۆ پاسکیلە کۆنێك؟

– پاسکیلەکەم بەڕادەیەکی زۆر بە کەڵکم دەهاتو هەموو شوێنێکم پێی دەکرد، جا ئێستا چی بکەم.!؟

بەردەوام بوو لە گریان بۆ پاسکیلە دزراوەکەی. دانا ویستی بەسەریدا بێتو دڵی بداتەوەو هێوری بکاتەوەو پێی وت:

– دەنگتی لێهەڵمەبڕەو بەس بگری. سبەی رۆژی هەینیەو هەردووکمان پێکەوە دەچینە هەڕاجخانەو پاسکیلێکی ترت بۆ دەکڕم.

ئەم قسانەی دانا ئارامی پێگرتو گریانەکەی وەستاندەوە. دەمی هەڵهێناو وتی:

– جا پاسکیلێکی وەکو ئەوەی خۆمم چۆن دەستدەکەوێت؟

– مەرج بێت بە پارەی خۆم پاسکیلێکی لەوەی خۆت باشترت بۆ بکڕم.

هەوایەکی فێنك لە ژێر دارەکاندا هەڵی کردبوو. دانا هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژیو وتی:

– خۆزگە قەڵەمو کاخەزم پێبوایەو ئێستا بمتوانیبایە چەند هەڵبەستێك بۆ دڵسینەی خۆشەویستم بهۆنیبایەتەوە.

سامە پرسیاری لێکردو بەدەنگێکی زبر پێی وت:

– سەرمانت کەچەڵ کردووە بەم دڵسینە ناوە. داخۆ پێم ناڵێیت ئەم کچە کێیەوماڵیان لە کوێیە؟

– تۆ بۆ پاسکیلی خۆت بکڕوزێوەو هەقی دڵسینەی منت نەبێت. منی شاعیری هەست ناسك خۆم دەزانم کە کێ کەمەنکێشی کردووم. من ئەوینداری دلبەرێکم کە هەردەم لە شادەمارەکانمدا لەگەڵ خوێنمدا هاتوچۆ دەکات. جا گەر هەموو ژیانی خۆمی بۆ تەرخان بکەم هێشتا هەر کەمە..

– باوا بێت.!

خۆیان پێچایەوەو سوواری پاسکیلەکانیان بوونو بەرەو نێو شار ملی رێیان گرتەبەر.

– ٥ –

پاش مەغریب کە تاریکایی دنیای پۆشی بوو. گڵۆپی دار تەلی کۆڵانەکانی گەڕەکی زێویە داگیرسابوون. دانا خۆیو پاسکیلەکەیەوە خۆی کرد بە حەوشەدا. دایکی بە شپرزەییەوە لە نێو حەوشەدا لە چاوەڕوانیدا بوو. هاتە قسەو پێی وت:

– هەمدیس دوواکەوتیت.. وەها دیارە رێی ماڵت بزر کردبێت....!؟



– دایکە خۆت سەخڵەت مەکەو خۆت مەخەرە دڵەڕاوکێوە. من مناڵ نیم تا چاوت بەدووامەوە بێت.

– زۆرم وتو زۆرم هەڵڕشت وەها دیارە قسەکانم سوودیان نییەو بە دەم باکەدا دەڕۆن. گەر لەسەر ئەم خەسڵەتەت بمێنیتەوە ئەوا بێگومان رۆژێك خۆت بە فەتارەت دەدەیتو دەکەویتە نێو قۆرتێکەوە.

بە رووی دایکیدا پێکەنیو وتی:

– دڵنیات دەکەمەوە کە زۆر ئاگاداری خۆم دەبمو هەرگیز خۆم تووشی گێرمەو کێشە ناکەم.

– کوڕم تۆ ئاگات لە دڵی دایك نییەو نازانیت چۆن جۆشم خواردووەو لە ناخەوە ئازار دەکێشم..

خانووەکەیان وەکو هەر خانووەیەکی گەڕەك لە قوڕ دروست کرابوو. دایکە پیرەژنەکە لە خوارەوە لە نێو ژوورێکدا دەژیاو کوڕەکەیشی لە نهۆمی بانەوە لە نێو ژوورێکدا دەژیا، پێپلیکانە لە قوڕ دروست کراوەکان لە حەوشەوە دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە بەردەم ژوورەکەی سەرەوە کە رووی لە دەرگای حەوشە بوو. لە نێو حەوشە خۆڵاویەکەیشدا دار توویەکی گێڕو گەواڵ بەلایەکدا خۆی لار کردبووەوە. دایکە پیرەژنەکە لە ژێر پێپلیکانە قوڕەکەدا کولانەیەکی بۆ چەند مامرو جووجەڵەیەك دامەزراندبوو. بە تەنیشتی دەرگای حەوشەیشەوە تەنووربانێك دەبینرا کە چەند رۆژ جارێك ئەو پیرەژنەی دایکی دانا نانی مادەو کولێرەی دەکرد. دانا لە ژێر دار توووەکەدا پاسکیلەکەی راگرتو بە پێپلیکانە قوڕەکەدا بەرەو ژوورەکەی خۆی سەرکەوت. قەرەوێڵەیەك لە سووچێکدا داندرابوو کە بە چەند بەتانیەکی کۆن بانی درابوو.

دۆلابێکیش لەوسەرەوەدا پڕکرابوو لە کتێبو دەفتەرو کاخەز. بە تەنیشتی دۆلابەکەیشەوە تەلەفزیۆنێکی شاشە رەشو سپی لەسەر مێزێکدا داندرابوو. دانا گلۆپی ژوورەکەی داگیرساندو بە چاوێکی پشکنەرانەوە تەماشای قەد دیواری ژوورەکەی کرد. بینیی ئەو وێنانەی کە هەڵیانی واسیبوو لە جێیەکەی خۆیاندا یا هەڵکەندراون یاخود دڕاون. ئەم دیمەنەیش کسپەی لە نێو دڵیدا هەڵساندو تووشی نیگەرانیەکی زۆری کرد. سەری لەو کارە سوڕماو لە جێیەکەی خۆیدا چەقیو تووشی واق وڕمان بوو. نەیدەزانی مەسەلەکە چییەو ئەمەی کە دەیبینێ راستە یاخود درۆیە. بەپەلە لە پێپلیکانەکان هاتە خوارەوەو خۆی کرد بە ژووری دایکیدا. لەو کاتەدا دایکی لەسەر سرفە خۆراکی ریز کردبوو، چاوەڕوانی ئەوەبوو کە کوڕەکەی ئامادە بێتو پێکەوە شام بکەن. دایکی یەکسەر تێگەیی‌و شپرزەیی‌و نائارامیی بەڕووی کوڕەکەیەوە خوێندەوە. لە جێیەکەی خۆی هەڵسایە سەرپێ‌و لە کوڕەکەی پرسی:

– چیت لێ قەوماوەو بۆ چی ئاوەها ئۆقەرەت لەبەر بڕاوە؟

– پێم بڵێ کێ وێنەکانی قەد دیواری ژوورەکەمی دڕاندووە؟

– من هەموویانم دڕاند.

– بۆچی دڕیانتو فڕێت داون؟

– دەڵێن سبەی مەنعە تەجەولەو ناهێڵن کەس لە ماڵی خۆی دەربچێتە دەرەوەو هەموو ماڵەکانیش دەپشکنن، بۆیە منیش بە باشم زانی وێنەی ئەو ریشدارە بیانیانە لە قەد دیواری ژوورەکەت بکەمەوە. باش دەزانم گەر پیاوانی ئەمن‌و پۆلیس چاویان بەو وێنە هەڵواسراوانەی قەد دیواری ژوورەکەت بکەوێت یەکسەر دەتگرن‌و لەگەڵ خۆیاندا دەتبەن.



– پێش ئەوەی بیاندڕیت دەبوو بە منت بووتایەو ئەوسا منیش شتێکم دەووت.

– کوڕەکەم ئەو وێنانە قەدەغەن‌و دەبنە مایەی گرتن‌و حەپس کردنت لەلایەن دەوڵەتەوە. نازانم چۆن بە شەو خەوت لێدەکەوێت لە کاتێکدا وێنەی ئەو هەموو ریشدارانە بە قەد دیواری ژوورەکەتەوە بە ژوور سەرتەوە هەڵواسراون. نازانم چۆن زەندۆقت لێیان ناچێت؟

– دایە چۆن وەها دەڵێیت ئەوانە هەموو کەڵە پیاوو فەیلەسووفن‌و دنیا دەگۆڕن..!

دایکی بە تەوسەوە پێکەنی‌و وتی:

– باشی دەگۆڕن.! بەڵام مەگەر تۆ تووشی حەپس کردن بکەن. جا نازانم خاوەنی ئەم وێنانە چی تۆ دەبن تاوەکو بەم شێوەیە پەرۆشیان بیتو جاڕیان بۆ بدەیت.!؟

قسەکانی دایکی نەچوو بە گوێداو هەندێك پێی خۆی دا بە زەویداو زرمەی لەسەربانی ژووری خوارەوەیان هەڵساند. دایکی درێژەی پێداو وتی:

– هەرکە بیستم کە سبەی پیاوانی دەوڵەت هەموو ماڵە کوردەکان دەپشکنن، ترسم لێنیشتو تەنانەت وێنە هەڵواسراوەکانی ژوورەکەی خۆمیشم لابردو هەمووم شاردنەوە.

– کام وێنەی ژوورەکەی خۆت؟

– وێنەی شێخ مەحموودی نەمرو سەرۆك سەر سپی‌و مامەم لابردو لە کونجێکدا هەمووم لە ترسانا شاردەوە. ئەوەتا ئێستا بە چاوی خۆت تەماشای قەد دیواری ئەم ژوورەمان بکە، بزانە بە تەنیا وێنەی ئیمامی

عەلیو حەزرەتی مریەمو کچە کافرۆشیم هێشتۆتەوە. دوور نییە لە پای دۆزینەوەی وێنەیەکی قەدەخەو یاساخدا پێستمان ببەن بۆ دەباخانە.
هیوادارم باش گوێ رایەڵی قسەکانی دایکی خۆت بیت.
سەرێکی بۆ قسەکانی دایکی لەقاندو کەوتە نان خواردن. دایکیشی دانیشتو دووابەدووای ئەوەوە دەستی بۆ خۆراکەکەی سەر سرفەی خوانەکە برد. لە نانخواردن بوونەوەو ئەوسا وادەی چایخواردنەوە هاتە پێش. لە ناکاودا میمکی دانا کە دەیکردە خوشکی دایکیو بە تەمەنیش زۆر گەورە نەبوو هاتە ژوورەوە. ئەمانیش بەخێرهاتنیان لێکردو بە تەنیشتیانەوە دانیشتو بۆ ئەمیش چایە پێشکەش کرا. بە دەم چایخواردنەوەوە قسەو باس دەستی پێکرد. میمکی دانا ویستی ئامۆژگاریو راوبۆچوونی خۆی دەربڕێتو بە خوشکەزاکەی وت:
– تاکەی بە بی کارو کاسبیو رەبەنی بە تەنیشتی دایکتەوە لێی دادەنیشیت!؟ دەبێت مشوورێکی خۆت بخۆیتو بە کارو کاسبیەك هەڵبستیت. کاتی ژن هێنانت هاتۆتە پێشەوەو وەها پێویست دەکات کە ئەم دایکە پیرەژنت لە سایەی تۆ بحەسێتەوەو تۆیش برێك پارە پاشەکەوت بکەیت.
ئەم قسانە کاریان کردە سەر هەستو هۆشی داناو لە ناخەوە هەژاندیان. هەردەم گوێ بیستی ئەم جۆرە ئامۆژگاریو رێنماییانە بوو. خۆیشی هیچ وەڵامێکی لەبەر دەستدا نەبوو تاوەکو بەرامبەرەکەی قایل بکات. بەڵکو بە تەنیا لە دڵی خۆیەوە دەیوت گوایە تاقە خۆشەویستێکی هەیە کە ئەویش دڵسینەی شۆخو شەنگە. لە کاتێکدا ئامادە نەبوو کە ئەو کەسەیان پیشان بدات یاخود بنەماڵەکەیانیان بۆ دەستنیشان بکات.



لەلایەکی تریشەوە خۆی بە شاعیر لە قەڵەم دەداو وەهای تێدەگەیشت کە دەبێت شاعیر نەك بە تەنیا خەمی خۆی هەڵبگرێت، بەڵکو لەسەریەتی خەمی هەموو خەڵکی بخاتە ئەستۆی خۆیو، هەردەم ئاگاداری ئێشو ئازاری کۆمەڵ بێت. لێرەیشدا متەقی لە خۆی بڕیو نەیویست وەڵامی میمکی بداتەوە. گەرچی دایکیشی ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرێ، بەڵام لە ناخەوە پشتگیریی لە ڕاو بۆچوونی خوشکە بچووکەکەی دەکردو، حەزی دەکرد کە درێژە بە قسەکانی بداتو ئامۆژگاریو رێنمایی خۆی بداتە بەرگوێی کوڕەکەی، کە هەردەم بەوە ناسرابوو نەدەچووە ژێر باری قسەکانی دایکی. بۆ ماوەیەك ئەم جۆرە قسانەی میمکەکەی درێژەی کێشاو دانایش ئاواتە خواز بوو، کە میمکی لە کورتی بیبڕێتەوەو درێژە بە قسەکانی نەدات. پاش بەسەرچوونی ماوەیەك میمکەکەی ماڵئاوایی کردو رۆیشت. دانایش لە شوێنەکەی خۆی راپەڕیو بە پێپلیکانەکاندا بەرەو ژوورەکەی خۆی سەرکەوت. دەستی بردو گلۆپی ژوورەکەی پانکا هەڵواسراوەکەی هەڵکرد. ئەوسا چوو بەلای تەلەفزیۆنەکەداو ئەویشی ئیش پێکرد. یەکسەر نیگای بەسەر دیمەنی جەنگو شەڕو شوڕەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەدا لکا. دڵو دەروونی هاتە کوڵو رقێکی ئەستوور لە ناخیدا هەڵساو، بەو بووایە تەلەفزیۆنەکەی هەڵبگرتایەو بیدایە بەسەر زەویەکەداو پەڕاش پەڕاشی بکردایە. شەوو رۆژ رادیۆو تەلەفزیۆنو رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکانی راگەیاندنی وڵاتی عێراق، کارو پیشەیان ئەوەبوو کە باسی کوشتو کوشتار بکەنو شکۆمەندی بە جەنگو شەڕو شوڕ بدەن. تێکڕای خەڵکی لە بیستنی هەواڵی جەنگو شەڕو شوڕ بێزار ببوونو پشوویان لەبەر

برابوو. کەسیش دڵی بەو دیمەنانە نەدەکرایەوە کە بێ وچان تەلەفزیۆنی عێراق رووبەڕووی بینەرانی دەکردەوە. وێنەی ئەو سەربازە ئێرانیانەی پیشان دەدا کە لاشەکانیان پەنما بوون یاخود ئەندامی لەشیان پارچە پارچە ببوو. ئەمەو گەر کاروبار بەم شێوەیە لێرەدا بڕوات بەرێوە، کێ ناڵێت لەودیوی سنووریشەوە لە وڵاتی ئێراندا بە هەمان شێواز لاشەی کوژراوانی سەربازە عێراقیەکان بە شێوەیەکی قێزەوەن پیشان نادات.!

گەر هەر جەنگێك لە مێژوودا هۆیەکی تایبەتی بووبێتە مایەی هەڵگیرسانی، بەڵامی جەنگی نێوان ئەم دوو وڵاتە دراوسێیە هیچ هۆیەكو هیچ بیانوویەك پاڵپشتیی هەڵگیرسانی ناکات. بەڵام هەموو خەڵکی لە ترسی پیاوانی بەعس ناوێرن دەمی هەڵبهێنێتو رازی دڵی خۆی بە ئاشکەرا یەکالا بکاتەوە. تەنانەت باوکانو دایکانیش نەیاندەوێرا لەبەر چاوی منداڵەکانیان باسی رژێم بکەن، نەوەك منداڵەکانیان لە دەرەوە قسەی ماڵەوە بگێڕنەوەو کەسو کاریان تووشی کێشەیەکی دڵتەزێنی چاوەڕوان نەکراو بکەن. دانا سەری خۆی لەقاندو ناڕەزایی خۆی دەربڕی. بە پەلە دەستی بردو تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە. دەرپەڕیە دەرەوەو لە بەردەم ژوورەکەیدا لەو بەرزییەدا بە پێوە وەستاو بە دەنگێکی بەرز دەمی هەڵهێناو هاواری کرد:

– بڕووخێ ئیمپریالیزم.. بڕووخێ فاشیست...

لە نێو کۆڵانەکەوە دەنگی کەسێکی نادیار بەرز بووەوە کە وەها دیار بوو گوێ بیستی بانگەوازەکەی ئەم بووبێتو، ئەویش لە ئاستی خۆیەوە ویستبێتی تەڵفیسیی پێ بکاتو وەڵامی بداتەوە. دەنگی کەسەکەی نێو کۆڵانەکە بەرز بووەوەو وتی:



– بژی فس فس پاڵەوان.. بژی فس فس پاڵەوان..!

رەنگو روخساری دانا بە بیستنی ئەو دەنگە نامۆیە هەڵبزڕکاو رقو کینەی بە رادەیەکی زۆر بەرز بووەوە. هەر ئەوەندەی بۆ کرا ئەمیش بە دەنگێکی بەرز بێتە وەڵامو بڵێت:

– سەگی سەگباب چاوەڕێ بکە با بێمە خوارەوەوە بەرەنگاریت بکەمو تێلایەکت تێبڕم..

بە هەنگاوی گورجو گۆڵ لە پێپلیکانەکان هاتە خوارەوە بۆ نێو حەوشەکە. هەر لەو کاتەیشدا بوو کە دایکیشی ئاگاداری هاتو هاوارەکە بوو، رووبەڕووی کوڕەکەی بووەوەو پێی وت:

– چی قەوماوەو بۆچی ئەم قسانەت بە زاردا دێتو لەگەڵ کێدا قسە دەکەیت؟

– کەسێکی نادیار لە نێو کۆڵانەکەوە دەیەوێت گاڵتەو تەڵفیسیم پێبکات؟

– ئەو کەسە کێیەو چیت پێدەڵێ؟

– رەنگو روویم نەبینیوەو بە فس فس پاڵەوان ناوزەدم دەکات، منیش ئەوەتا دەچمو پیشانی دەدەم کە من دانای کوێخا شەوکەوتم.

– کوڕم لە کەلی شەیتان بێرە خوارەوەو واز لەم قسەو قسەلۆکانە بهێنەو بگەڕێوە ژوورەکەی خۆت.

قسەکانی دایکی نەچوو بە گوێیداو دەربەستی ئامۆژگاریەکانی نەبوو. بە پەلە خۆی گەیاندە بەردەرکی حەوشە، بەو نیازەی رووبەڕووی ئەو کەسە ببێتەوە کە لە دەرەوەدا گاڵتەی پێکردو بە فس فس پاڵەوان ناوزەدی کرد. هەرکە لە بەردەم دەرگای حەوشەیان بە پێوە وەستاو

بەملاو بەولادا چاوی گێڕا هیچ کەسێکی نەکەوتە پێش چاو، بە تەنیا ژنێك‌و دوو منالّی بینی کە لەوسەرەوە بە ڕێی خۆیانەوە دەڕۆیشتن. هیوا بڕاوو نائومێد لێی ڕاوەستاو نەیدەزانی چیبکات‌و چی بەسەر زاردا بێت. دایکیشی گەیشتە تەنیشتی‌و پێی وت:

– ڕۆڵەکەم واز لە خەڵکی بێنە کە بە ڕێی خۆیانەوە دەڕۆن. کێ دەڵێ ئەو کەسە مەبەستی تۆ بووبێت؟

– با باش دەزانم کە مەبەستی لە فس فس پاڵەوان بە تەنیا منە. بۆیە گەر بزانم کێیەو بکەوێتە بەردەستم دەبێت دارکاریەکی باشی بکەم‌و تەمێ خواردووی بکەم، تاوەکو جارێکی تر نەتووانێت خۆی لە قەرەی دانای کوێخا شەوکەت بدات..

هەرچەندی کردو کۆشا نەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بزانێت خاوەنی دەنگەکە کێ بوو. چونکی بە پەلە هەڵاتبوو ئەو کۆڵانەی بەجێهێشتبوو. وەها دیار بوو کە زانیبێتی دانا بەو ئاسانیە بەرۆکی بەرنادات‌و تەشقەڵەیەکی پێدەکات. دانایش بەوپەڕی نائومێدیەوە پاشەکشەی لێکردو گەڕایەوە نێو حەوشەکەیان. دایکیشی شان بە شانی هەنگاوی دەنا، هەروەکو چاودێری بکات‌و ڕێگری لێبکات نەبادە بە کارێکی پڕ لە هەڵەشەیی هەڵسێت. دایکی هەندێك بەسەریدا هاتو ڕێنمایی کردو لە پاشاندا بەوە قسەکەی بڕیەوە کە پێی بڵێت:

– مامۆستا حەمیدی مەلای مزگەوتی گەڕەکمان وەکو ئاگاداریت لە ئاکامی کەوتنەکەیدا لە نێو جێدا ڕاکشاوە، هەموو خەڵکی گەڕەك چوونە بۆلای‌و سەردانیان کردووە، وەها چاکە تۆیش بچیت بۆماڵیان‌و لە ئەحواڵی بپرسێت.



ئەو قسانە کاریان تێکردو لە دڵەوە ڕەزامەندیی خۆی پیشاندا کە پەیڕەوی داواکارییەکەی دایکی بکات‌و بچێت بۆ ماڵی مەلا. هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناو لە دەرگای حەوشەیان دەرچووە دەرەوە. لە ژێر ڕۆشنایی گلۆپی دار تێلەکانی نێو کۆڵانەکەدا بەرەو ژوور بووەوە. بە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا چڵکاوی ماڵان ڕەتدەبوو، کە لە هەر ماڵێکەوە چڵکاو ڕێچکەی دەبەست‌و دەڕژانە نێو ئەو چڵکاوە زۆرەی کە بە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا بەرەو خوار دەبووەوە. بەو شەوە بۆنی ناخۆشی چڵکاوەکە دەهات بە لووتیداو هەستی شاعیرانەی دەڕووشاندەوە. ڕێگا خۆڵە پەتانیەکەی نێو کۆڵانەکانیش سەرباری هەمووی بوو. بە ئاسمانەوە ئەستێرەی وردو درشت‌و دوورو نزیك دەدرەوشانەوەو، دەیانویست وێنەیان لە نێو ئاوێکی ڕوون‌و بێگەرددا ڕەنگ بداتەوە لەسەر زەوی، نەك لە نێو چڵکاوی ماڵە قوڕەکاندا. دەوڵەت بە دەستی ئەنقەست کۆڵان‌و گەڕەکە کوردەکانی پشت گوێ خستبوو، بە هیچ کلۆجێك ئاوڕی لێنەدەدانەوەو ئاوەدانیی تیایاندا بڵاو نەدەکردەوە. بەڵکو هەردەم دەیویست تەنگ بە گەڕەکە کوردنشینەکان هەڵبچنێت‌و بیانخاتە سەر بارێکی ناهەموارو، لە ئەنجامدا لە گیانیان تەق بکات‌و بگوازنەوەو شارەکە بەجێ بهێڵن. سەرەڕای هەمووی خەڵکەکە بە چاو قایمی‌و خۆڕاگریەوە بەرگەی هەموو نەهامەتیەکیان دەگرت‌و نەیاندەویست شارەکەیان بەجێبهێڵن‌و سەری خۆیان هەڵبگرن. شەوانە لە نێو خڕی خاسەوە بەردەوام سەگی برسی‌و لات جوون جوون‌و تاك تاك دەکەوتنە نێو گەڕەك‌و کۆڵانەکان، بە مووشە مووش بە دووی خۆراك‌و بەرماوەدا دەگەڕان تاوەکو سکی خۆیانی پێ تێر بکەن.

خەڵکەکەیش بە دیمەنی سەگەکان راهاتبوون و وەهای تێدەگەیشتن کە ئەمسەرو ئەوسەر کردنی سەگی خاسە بە نێو کۆڵانەکانداو لەبەر دەرگای ماڵەکاندا بەشێکە لەو کوێرەوەرییەی کە تێیدا دەژین. ئا ئەوەتا سەگێکی چڵکن لمۆزی هەڵبڕیوەو بە هەموو هێزی خۆیەوە دەوەڕێت. لە پڕ منداڵێك پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیانی کردەوە کەدەیڕووانیە کۆڵانەکە، سەری دەرهێناو بە خۆشیەوە روانیە سەگەکەو دەمەلاسکێی وەڕینەکەی کردو ئەویش وەکو سەگ کەوتە وەڕین بەڕووی سەگەکەدا. بەڵام سەگەکە خۆی لێل نەکردو گوێی بە دەنگی وەڕینی منداڵەکە نەدا، ئەویش لەبەر ئەوەی سەگ مانای دەمەلاسکێ و تەشقەڵە نازانێت. زۆری نەبرد منداڵەکە سەری بردە ژوورەوەو سەگەکەیش هێدی هێدی بە کلکە لەقێ هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە نا. لەو کۆڵانە کوردنشینەدا کە ژێر خانووەکانی هەمووی هەر نەوتە، جگە لە خۆڵ و قوڕو تۆز بەولاوە هیچ شتێکی تری سەرنج راکێش بە دی ناکرێت. هەموو دنیا بە چاو چنۆکیەوە چاویان بڕیوەتە ئەو ناوچە نەوتیە پان و بەرینە، کەچی دانیشتووانەکانی بە دەم و ئێش و ئازارو نەبوونیەوە دەناڵێنن.

گەیشتە بەردەم ماڵی مەلاو لە دەرگا شلۆقەکەی دا. زۆری پێنەچوو دەرگای بەڕوودا کرایەوەو بەرەو هەیوانی ماڵی مەلا ملی نا. مەلای چاوپێکەوت کە لە هەیوانەکەدا لە ژێر تیشکی گلۆپدا دانیشتووەو پانکەیەکی هەڵواسراویش بە بن میچەکەوە بە ژوور سەریەوە لە سووڕانەوەدایە. لە خوارەوەیش مەلا ژن و کچە عازەبەکەی لەگەڵ ژنێکی رەش پۆشدا بە چاوی پشکنەرانەوە دەڕواننە دەم و دووی مەلاو، مەبەستیانە کە بزانن مەلا چی لە دەم دەردەچێ و باری تەندروستیشی



چۆنە. بە تەنیشتی مەلایشەوە مامە محەی ریش سپیی قۆشمەو گاڵتەچی و دوو زەلامی تر دانیشتبون. کاتێك ئەم گەیشتە شوێنەکە هەموو پێدەکەنین و، وەها دەرکەوت کە باس و خواسێکی سەرنج راکێشیانی لە یەکێك لە دانیشتووانەکانەوە بیستبێت. حەوشە پان و بەرینەکەی ماڵی مەلا کە چەند دارو دەوەنێك لە نێوەڕاستیدا رووابوون، جۆرە فێنکاییەکی بەبەر هەیوانەکە بەخشی بوو. پاش سەڵاو چاك و چۆنی و ئەحواڵ پرسین چووە ریزی دانیشتوانەوە. بە پەرۆشەوە بوو کە گوێ بیستی قسەو باسی مەجلیسەکە بێت. بە تایبەتی مامە محەی ریش چەرموو بەوە ناسرابوو کە زۆر بە شان و باڵی خۆیدا هەڵی دەداو خۆی وەکو پاڵەوانی سەردەمانی کۆن پیشان دەدا. خەڵکیش شارەزای رەوشت و ئەتواری ببوون و قسەیان نەدەدایە بەر قسەی، بەڵکو پەتیان بۆ شل دەکرد کە زیاتر لەسەر قسەکانی بڕواو ئەمانیش بە کامی دڵ بکەونە پێکەنین. مەلا جاروبار دەستی بۆ لاکەلەو قەبرغەی خۆی درێژ دەکردو دەیوت کە لە ئاکامی کەوتنەکەی بەسەر زەویدا تووشی جۆرە ئێش و ئازارێك بووە، لە هەمان کاتدا دەیووت گەر هەر ئەندامێکی جەستەی کەسێك لەلایەن زاڵم و ستەمکارێکەوە تووشی ئازار ببێت، ئەوا لەو دنیادا پاش مردن ئەو ئەندامە تووشبووانە بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێن. ئەوسا بە پێکەنینەوە ئاماژەی بۆ هەردوو روومەتی دانا کردو وتی:

– هەردوو روومەتی دانایش کە بەر شەپازللەی بەعسیەکان کەوتووە، بۆیە لەو دنیادا بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێن.

قسه هاتو هەر کەسەو لە ئاستی خۆیەوە هەگبەی مێشکی خۆی هەڵڕشت. یەکێك لە زەلامەکان پرسیاری لە مەلا کردو وتی:

– داخۆ دەبێت ئەم جەنگەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە تاکەی بەردەوام بێتو توولان بکێشێت. ! ؟

مەلا خۆی گورج کردەوەو بە بڕوا بە خۆکردنێکی زۆرەوە لە وەڵامدا وتی:

– مەگەر هەر خوا خۆی بتوانێت ئاوێ بکات بەسەر ئەم ئاگرەداو بیکوژێنێتەوە. ئێستا لە تووانای بەشەردا نییە کە کۆتاییەك بۆ ئەم جەنگە دەستنیشان بکات. !

لە پاشاندا هەموو رووی دەمیان کردە مامە محەی پینە دۆز، بە پەرۆشەوە بوون کە بکەوێت قسەو هەندێك باسی ئازایەتیو جوامێریی خۆیانی بۆ بکات. ئەویش ئاگاداری نێو دڵی دانیشتووانەکە بوو بۆیە دەستی پێکردو وتی:

– داخی گرانم بۆ رۆژانی گەنجیم. !

یەکێك لە دانیشتووان مەبەستی بوو کە مامە محە درێژە بە قسەکانی بدات، بۆیە بە گەرمیەوە پرسیاری کردو وتی:

– مەبەستت چییە ؟

– لە تاڤ لاوێتیمدا هیچ کەسێك نەبوو بتووانێت رووبەڕووم ببێتەوە. رۆژێك خزمێکی نزیکم هانای هێنایە بەرمو، بە هەڵەداوان هات بۆ لامو کەوتە سەر دەستو پێمو دەخالەتی بۆم هێناو وتی وا چەند دزو جەردەیەك مێگەلە مەڕەکەیان دزیوە. منیش نەمکردە نامەردی تفەنگە بڕنەوەکەم دا بەسەر شانی خۆمداو، بە پێی ناوونیشان دوورو نزیك بە



دووی دزەکان کەوتم. لێیان هاتمە دەستو دایانمە بەر گوللەو لە ئەنجامدا تەنگم پێیان هەڵچنی. ئەوەبوو تووانیم راویان بنێمو مێگەلە مەڕەکە بگەیەنمەوە دەستی خاوەنەکەی.

لە قسەکانی بووەوەو مرخەیەکی بۆ کردو ئەوسا سەرو ملی خۆی قیت کردەوەو درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

– ئەی براینە سەردەمانی زوو پیاوانی ئازاو بە جەرگ هەبوون. بۆیە هیچ کەسێك نەیدەتووانی غەدر لە کەسێکی تر بکات. بەڵام لەم رۆژگارەماندا کەس مەچەکی لێناکات بەلاوە تاوەکو ئازایەتی بنوێنێت.

مەلا بزەیەکی بۆ کردو وتی:

– مامە محە گەر تۆ لەو شوێنە بوویتایە کە منیان فڕێدایە سەر زەویەکە چیت دەکرد؟

– بڕوات بێت دەچووم بە گژی ئەو زاڵمانەداو روو بەڕوویان دەبوومەوە. هەموو دنیام دەنا بەولاوەو هەرچیش رویشی دەدا با رووی بدایە.

هەموو بە قسەکانی پێکەنینو ئافەرینی مامە محەیان کرد. ئەویش زیاتر با چوو بە لووتیداو، رووی خۆی بەلای دانادا وەرچەرخاندو دەستی نایە سەرشانیو وتی:

– ئەم کوڕە ئازایە جێ نشینی منە. بۆمیان گێڕایەوە کە چۆن بەرەنگاری بەعسیەکان بووەوەو خۆیشی تووشی لێدان کرد. بەر لەوەی بمرمو دنیا بەجێ بهێڵم ئەوەتا لەبەر چاوی هەمووتان ئاشکەرای دەکەمو رایدەگەیەنم، کە بە تەنیا ئەم کوڕە ئازاو بوێرە شوێن پێی من هەڵدەگرێتو هەر خۆیشی شایستەی ئەوەیە کە ببێت بە جێ نشینی محە..

تا درەنگانێکی شەو کۆڕی مەجلیس لەبەر هەیوانی ماڵی مەلادا گەرم بوو. مەلاژنو کچەکەیشی پەیتا پەیتا ئیسکانی چایەیان دەخستە بەردەم دانیشتووانەکەو جۆشو خرۆشیان دەخستە بەر کۆڕی مەجلیسەکە. قسەی جۆر بەجۆر دەکراو ناوبەناویش دەنگی پێکەنین بەرز دەبووەوە. مامە محە لە هەمووان زیاتر گەرمو گوڕیی دەخستە بەر ئەلقەی دانیشتنەکە. هەردەم خۆی بە پاڵەوانی سەردەمی کۆنو نوێ دەزانی. بەڵام خەڵکیش لە پاشملەی گاڵتەیان بە قسەکانی دەکردو بە فس فس پاڵەوانی تێدەگەیشتن. قسەی یەکێك لە زەلامەکان کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا کاتێك وتی:

– ئێستا درەنگانێکی شەوەو وەها چاکە مامۆستایش پشوویەك بدات. لە هەموو مەترسیدارتر لەوانەیە بەعسیەکان بە کۆڵاندا رەتبنو وەهای تێبگەن گوایە ئێمە کۆبوونەوەی سیاسی دەگێڕین.

هەموو هەڵسانو ماڵئاواییان کردو بەڕێی خۆیاندا بۆ ماڵی خۆیان رۆیشتن. دانایش کۆڵانە چۆڵەکەی بڕیو بەرەو خوار بەرەو ماڵی خۆیان شۆڕ بووەوە. خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆی لە بەرزییەکەیدا. بۆ چەند جارێك چووە نێو ژوورەکەداو دەرچووە دەرەوە. خۆی پێڕانەدەگیراو ئۆقەرەی لەبەر بڕابوو. هەستێکی نادیار لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو، کە بێ وچان ئازاری دەداو تەکانی گورجو گۆڵی پێدەدا. لە ئەنجامدا هەردوو پێی لە بەردەم ژوورەکەی چەقین. دەمی هەڵهێناو وتی:

– شەو رۆژ هەستی ناسکی شاعیریم هانم دەداو ناهێڵێت بۆ ساتە وەختێك بحەسێمەوەو ئاسوودەگی بە خۆمەوە ببینم. ئەوەتا هەموو خەڵکی راکشاونو بە بێ خەم لێی خەوتوون. بەس بە تەنیا من



گیرۆدەی هەستو هۆشی خۆم بوومەو شادیو بەختەوەری بە خۆمەوە نابینم. هەردەم ناخم هانم دەداو بێ وچان فەرمان بە سەرمدا دەداو پێم دەڵێ.. دەیو.. دەی...!

بە پێپلیکانەکانا هاتە خوارەوەو لە بەردەم دەرگای حەوشە خۆی بینیەوە. چاوی گێڕاو کەسی نەکەوتە پێش چاو. پشیلەیەکی رەش بەسەر دیوارێکەوە بە ئاسپایی هەنگاوی دەنا. پاش تۆزێك تارماییەکی لەوبەرەوە بینی. کە زیاد لێی ورد بووەوە بۆی دەرکەوت کە سەمەدی کوڕی عەودلەو بەو شەوە لە ماڵی خۆیان دەرچووەو کەوتۆتە کۆڵان. بانگی لێکردو پێی وت:

– بەم نیوە شەوو درەنگ وەختانە چی دەکەیت لە دەرەوە.!؟

– باجی ناهیدی دراوسێمان خەریکە مناڵی دەبێت. منیشیان ناردووە تاوەکو بچم باجی رەحمەی مامانی بۆ بانگ بکەم.

تێڕاماو دڵی بە مناڵەکە سووتاو نەیویست بە تەنیا رێ بگرێتە بەرو بەو شەوە بە کۆڵانەکاندا بە تەنیا بسووڕێتەوە. لێی هاتە قسەو پێی وت:

– باش نیە بە تەنیا بڕۆیت، بۆیە منیش لەگەڵتدا دێم.

شان بە شانی یەکتری کۆڵانەکەیان بڕیو لەوسەرەوە پێچیان کردەوە تا گەیشتنە بەردەم ماڵی باجی رەحمەی مامان. دانا لە دەرگای ماڵەکەی داو پاش ماوەیەك چاوەڕوانی دەرگایان لێکرایەوە. باجی رەحمەی مامانیش بە دوویان کەوت بۆ شوێنی مەبەست. باجی رەحمە بێ وچان مامانیی ژنانی سکپڕی دەکردو، بە پارەکەی خۆیو مناڵەکانی کچە بێوەژنەکەی بە خێو دەکرد. تاکو ئەو وەختەیش دووجار حەجی کردبوو.

## – ٦ –

سەرلەبەیانیی رۆژی هەینی بوو. ئۆتۆمبیلو خەڵکانێکی زۆر بەسەر جادە قیرە سەرەکیەکەی تەنیشتی چایخانەکەوە لە هاتوچۆدا بوون. خۆرەتاوەکە بەرز ببووەوەو گەرمو گوڕیی خۆی بەسەر شاردا دەبەخشی. چایخانەکە قەرەباڵخیەکی زۆری بە خۆیەوە نەدەبینی، چونکی بەشێك لە گەنجانو لاوان یا لە سەرنگەرەکانی جەنگدا سەرباز بوون، یاخود هەڵاتووی سەربازیو یاخود پێشمەرگە بوون. کەم کەس دەیوێرا خۆی پیشان بداتو بکەوێتە پێش چاو. چایچیەکەیش دادو بێدادی بوو لەبەر کەمیی دانیشتووانی نێو چایخانەکەی. هەردوو هاوەڵی دراوسێ پێکەوە بە پیادە هاتبوونو لەسەر تەختەیەکی نێو پانتاییە کراوەکەی چایخانەکە دانیشتبوون. دانا پارەی کڕینی پاسکیلێکی بۆ برادەرەکەی لە گیرفانیدا هەڵگرتبوو. بە زۆری سەر لە بەیانیی رۆژانی هەینی خەڵکانێکی زۆر لە کڕیارو فرۆشیار روویان دەکردە هەڕاجخانە بۆ کڕینو فرۆشتنی پاسکیل. هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوت جێگیر بوونی بنکە سەربازیەکاندا دیاردەی پاسکیل لێخوڕین لە شاردا بەردەوام لە زیاد بووندا بوو. کەمیی ئۆتۆمبێلو ئامرازەکانی گواستنەوە وەهای کردبوو کە خەڵکی روو لە بەکارهێنانی پاسکیل بکەن. لەلایەکی تریشەوە پانو پۆڕیی شار بەبێ بەرزیو نزمیەکی زۆر، یارمەتیی لێخوڕینی پاسکیلی بە ئاسانی دەدا. شاری کەرکوك بە زۆری وەکو یەکێك لە شارەکانی وڵاتی هۆڵەندا دەچوو. بەردەوام لەسەر جادەو



شەقامو رێگاو بانو کۆڵانەکاندا پاسکیل سوارو ماتۆڕ سوار بە ڕادەیەکی زۆر دەکەوتنە پێش چاو. بۆ پیاوی هەژارو نەدارا پاسکیل باشترین ئامرازی گواستنەوە بوو بۆ گەیشتن بە دایەرەکان یاخود بۆ شوێنی کارو کاسبی. ماڵ نەبوو لە شاری کەرکوکدا کە یەك یاخود دوو پاسکیلی نەبووبێت. گەورەو بچووك سوکانی پاسکیلیان دەگرت بە دەستەوەو بەوپەڕی بەختەوەریەوە پاسکیلیان لێدەخوڕی. تەنانەت منداڵانیش لەگەڵ پێ گرتنیاندا پاسکیلێکی سێ تایەی بچووکیان بۆ دەکڕاو لە نێو حەوشەدا بە زاقو زریق ئەم سەرو ئەوسەریان دەکرد.

بەو سەرلەبەیانیە هەردووك بە تەنیشتی یەکترەوە دانیشتبوونو لە راو تەگبیردا بوون، کە چۆنو بەچ شێوەیەك خۆیان بگەیەننە هەڕاج خانەو پاسکیلێکی نیوداشتی شیاو لە بری پاسکیلە دزراوەکە بکڕن. سەمەدی شاگردی وەستا برزۆی تکە فرۆش لێیان نزیك بووەوە. بە رەنگو روویدا دیار بوو کە قسەیەك لە ناخیدا پەنگ دەخواتەوە. بە تەنیشتیانەوە وەستاو بە ئاسپایی پیانی وت:

– دەمەوێت بە ئاسپایی قسەیەکتان بۆ بدرکێنم!

هەردووکیان چاویان داچەقاندو بە واق وڕمانەوە گوێ رایەڵی قسەی مناڵەکە بوون. ئەویش دەستی پێکردو وتی:

– دەمەوێت پێتان بڵێم کە کێ ماڵی میمکە فاتمی دزیوە.!

هەردووکیان بە دانیشتنەوە زۆر بە هەند قسەی مناڵەکەیان وەرگرتو بێ دەنگ بوون، ئەویش درێژەی بە قسەکانی داو پێیانی وت:

– لەملاو لەولا گوێم لێبووە کە دەڵێن حەمە بزبزەو برا بچووکەکەی داویانە بەسەر ماڵی میمکە فاتمداو پارەکەیان دزیوە...

قسەکانی تەواو کردو گەڕایەوە بۆ لای وەستا برزۆ. ئەمانیش هەروەکو ئەوەی گەنجینەیەکیان دۆزیبێتەوە وەهابوو. بۆ ماوەیەك بە بێ دەنگی تەماشای نێو چاوانی یەکتریان کرد. سامە دەمی هەڵهێناو وتی:

– بڕۆین دایەرەی پۆلیسی لێ ئاگادار بکەینەوە؟

– نەخێر با چاوەڕوان بین‌و بزانین قسەو باس‌و وتی واتی خەڵکی بەرەو کوێ دەچێت..

سوواری تێمسەکانی ئیسکان بوون‌و چوون بۆ بەری ڕۆژئاوای شار کە هەڕاج خانەی لێبو. لەوبەری خڕی خاسە دابەزین‌و گەیشتنە ئەو پانتاییەی هەڕاج خانە کە پاسکیلی هەمە جۆری لێدەفرۆشرا. مەیدانە پان‌و پۆڕەکە جمەی دەهات لە خەڵکی کڕیارو فرۆشیار. هەندێك کەسان پاسکیلیان بە دەستەوە گرتبوو بە مەبەستی فرۆشتنیان، هەندێکی تریش یا تەماشاکەر بوون یاخود کڕیاری راستەقینە بوون. هەموو جۆرە پاسکیلێك لەو گۆڕەپانەدا بەرچاو دەکەوتن. هەموو جۆرە رەنگ‌و شێوازی پاسکیلێکیش لە ژێر تیشکی خۆرەتاوەکەی ئەو چێشتەنگاوەدا دەبریسکانەوە. دەنگە دەنگ‌و خلّپە خلّپی کڕیارو فرۆشیار گوێیان کاس دەکرد. لە چەند لاوە دەنگیان لێ هەڵدەبڕی‌و مامەڵەی کڕین‌و فرۆشتنیان دەکرد. ئەمانیش بە تەنیشتی یەکترەوە بە نێو خەڵکەکەدا کەوتنە گەڕان‌و سۆراخ بە دووای پاسکیلێکی شیاودا. هەندێك بەملاو بەولادا سووڕانەوەو چەند پاسکیلێکی نیوداشتیان بەسەر کردەوە. لە پڕ سامە هاواری لێ هەڵساو بە دانای وت:

– ئەرێ وەڵلا پاسکیلەکەی خۆم دۆزیەوە.!



داناش راچەنی‌و تەماشای ئەو شوێنەی کرد کە برادەرەکەی ئاماژەی بۆ دەکرد. سارسام بوون‌و بە تاسا چوون کاتێك کە پاسکیلە دزراوەکەیان بینی کە بەدەستی حەمە بزبزەوە بوو. ئەو حەمە بزبزەیەی کە سەمەدی شاگردی وەستا برزۆ وتبووی گوایە هەر ئەوو برا بچووکەکەی پارەکەی میمکە فاتمیان دزیوە. خۆشی‌و شادی‌و بەختەوەری بەڕووی سامە شان پاندا بە سانایی دەبینرا. لە خۆشی ئەوەی پاسکیلەکەی خۆی دۆزیوەتەوە پێی بە زەوی نەدەکەوت. حەمە بزبزە کوڕێکی هەتیوی بێ باوکی لاسارو چەتوونی شازدە ساڵان بوو. هەردەم خەڵکی گەڕەکی زێویە دادو بێدادیان بە دەستی حەمە بزبزەو برا بچووکەکەیەوە. باوکیان مردبووو دایکیان بە بێوەژن کۆشی هەردووکیان‌و خوشکە گەورەکەیانی بە خێو دەکرد. ئەوەبوو کچەکە بەختی هەڵساو شووی کرد، بەڵام دوو کوڕەکە بە هەتیوی‌و بێ باوکی مانەوە. بە ئاسپایی‌و بە بێ خشپە هەردووکیان لە پشتەوە گەیشتنە سەر حەمە بزبزە کە پاسکیلە شینە کۆنەکەی سامەی بە دەستەوە گرتبوو. لەگەڵ دوو گەنجدا لە مامەڵەدا بوو بۆ فرۆشتنی ئەو پاسکیلە دزراوە. هەردووکیان وەکو دێو خۆیاندا بەسەر حەمەداو رێی هەڵاتیان لێگرت. دانا خوڕی بەسەریداو وتی:

– هەی قوڕمساخی نەحلەتی ئەمە تۆ پاسکیلەکەی سامەی برادەرمت دزیوە؟

ئەویش لە ترسانا دەمی تەتەڵەی کردو بە دەنگێکی هەڵبزڕکاو وتی:

– نا من پاسکیلی کەسم نەدزیوە؟

سامە هاواری کرد بە سەریداو وتی:

– ئەی ئەم پاسکیلەی منت لە کوێ هێناوە؟

– منیش لە کوڕێکم کڕیوە.
– کوڕەکە کێیەو وەرە پیشانمانی بدە تاوەکو بیدەین بە دەستەوەو لە زیندانی توند بکەین.
– نازانم ئەو کوڕە کێیە بەس ئەوەندە دەزانم کەسێکی ڕێبوار بوو.
– ئەم قسانە ناچێت بەگوێمانداو ئێستا بە حەپس کردنت دەدەین.
– ئاخر تاوانو خەتای من چییە؟
– خەتاو تاوانت ئەوەیە کە تۆ پاسکیلەکەی منت دزیوە.
دانا زیاتر لێی هاتە پێشەوەو بە توندی یەخەی گرت. هەر لەو کاتەدابوو خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەریان خڕ بوونەوەو کەوتنە سەیر کردنیان. دانا داوای لێکرد کە بڕۆن لە خەڵکەکە دوور بکەونەوە. لەوسەرەوە لە پەنای دیوارێکی رووخاودا هەرسێکیان وەستانو ئەوسا دانا بە حەمەی وت:
– نەگبەتی نەفام ئێمە باش دەزانین کە ئەم پاسکیلەت دزیوە. هەروەها باش چاوت بکەوە ئێمە ئەوەیشمان پێگەیشتووە کە تۆ پێنج سەد دینارەکەی میمکە فاتمت دزیوە.
هەروەکو ئاسن ئەم قسانە کەوتنە بان گوێی حەمە بزبزەدا. رەنگ لە ڕووی نەماو قسە لە گەروویدا تاساو لەشو لارە باریکەکەی کەوتە لەرزین. دانا زیاتر لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو وتی:
– ئێستا ئەم پاسکیلەمان دەدەیتەوە دەستو هەر پێنج سەد دینارەکەی میمکە فاتمیش کەش دەخەیتە مشتمانەوە تاوەکو ئێمەیش بیدەینەوە دەستی ئەو پیرەژنە کڵۆڵو داماوە.
حەمە بۆ ماوەیەك کەوتە پاڕانەوەو لالانەوەو ترسێکی زۆری لێنیشتبوو. دانا هەڕەشەی زیاتری لێداو پێی وت:



– بە زووترین کات گەر پاسکیلەکەیشو پێنج سەد دینارەکەمان نەدەیتەوە دەست، ئەوا ئێمە ناچارین پیاوانی پۆلیست لێ ئاگادار بکەینەوەو بە گرتت بدەین.
– باشە ئێوە چۆن دەزانن من ماڵی ئەو پیرەژنەم دزیوە.؟
– ئێمە شایەدی زۆرمان هەیەو ئامادەن شایەدی بدەن کە تۆ شەو هەڵتکوتاوەتە ماڵی میمکە فاتمو پارەکەت لێ دزیوە. گەر خەبەریشت لێبدەین ئەوا کەوڵت دەکەنو پارەکەیشت لێدەسەننەوە.
– تکایە وازم لێبهێنن.
– هەرگیز دەستمان لە یەخەت نابێتەوە تا هەموو ئەو شتانە نەگێڕیتە دوواوە.
– باشە گەر گێڕامە دوواوە شکاتم لێناکەن.؟
– بەڵێنت دەدەینێ کە لەلای کەس باسی نەکەین.
– گەر تووشم نەکەن من هەموو ئەو شتانەتان دەدەمەوە دەست. بەس توخوا لای کەس باسم مەکەن.
– مەرج بێت بە باشو خراپ ناوت نەبەین.
– لە پارەکەی میمکە فاتم سەد دینارم لێ سەرف کردووەو ئێستا بە تەنیا چوار سەد دیناری ماوەتەوە.
– لە کوێت شاردۆتەوە.؟
– لە ماڵەوەم شاردۆتەوە. ها ئەوە پاسکیلەکەتان بەرنەوە بۆ خۆتانو پاشتریش چوار سەد دینارەکەتان بۆ دەگێڕمەوە.
حەمە بزبزە قسەی بە زەحمەت بۆ دەهاتو بەردەوام دەمی تەتەڵەی دەکردو لەشیشی لە ترسانا هەڵدەلەرزی. دانا ڕێی پیشانداو پێی وت:

— ئێمە ئێستا دەچین بۆ چایخانەکەی یادگارو تۆیش بە بێ چرپە، بە بێ ئەوەی کەس پێت بزانێت پاش ماوەیەکی تر پارەکەمان بۆ دەهێنیتە چایخانەکەو دەیدەیتە دەستمان. ئێمەیش لەلای کەس باسی ناکەین‌و بە هیچ کلۆجێکیش لەلای هیچ کەسێك ناوت ناهێنین.

ئەم گفتو بەڵێنانە ئاهێکیان خستەوەبەر حەمە بزبزەو هۆشێکیان هێنایەوە بەری. لێیان جیا بووەوەو ملی کەچ کردو کەوتە ڕێ. سامەیش بە خۆشیەوە پاسکیلەکەی گرت بە دەستەوەو تەکانی پێداو کەوتە ڕێ برین بۆ ئەوبەری شار. پاش بەسەر چوونی نزیکەی سەعاتێك ڕێ برین گەیشتنە چایخانەکەی یادگار. پاسکیلە دزراوەکەیشیان بەخۆشحاڵیەوە دۆزیبووەو لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان. بۆ جارێکی تریش بە تەنیشتی یەکترەوە دانیشتن‌و کەوتنە چاوەڕوانی حەمە بزبزە، بۆ ئەوەی چوار سەد دینارەکەی میمکە فاتمیان بداتەوە دەست. نزیك وادەی بانگی نیوەڕۆ لەوسەرەوە بەسەر جادە قیرەکەوە حەمە بزبزەو ئافرەتێکی عەبا بەسەر دەرکەوتن کە بەرەو چایخانەکە دەهاتن. لە بەردەم چایخانەکەدا هەردووکیان وەستان‌و کەوتنە دیقەتدانی دانا. لە پاشاندا حەمە بە دەستی ئیشارەتی بۆ کرد تاوەکو بەرەو لایان بڕوات. دانایش کەوتە خۆی‌و لە جێیەکەی خۆی هەڵساو بەرەو روویان چوو. کاتێك لێیان نزیك بووەوە بۆی دەرکەوت کە ژنە عەبا بەسەرەکە دایکە بێوەژنەکەی حەمە بزبزەیە. رەنگو رووی ژنەکە بە تەواوەتی شێوا بوو وەها دیار بوو کە ترسێك لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو. بەرامبەر بە دانا وەستاو بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە دەستی کرد بە قسەو وتی:



— کاك دانا مەعز بۆ خواو ئەم هەتیوەی من تووشی بگرەو بەردەی پۆلیس‌و پۆلیسخانە مەکە. وەکو خۆت دەزانیت بێ باوکەو کەسێکی ئەوتۆ شك نابەین کە پشتگیریمان لێبکات‌و لە سەرمان بێتە جواب. خوا ئاگای لێیەتی من خەبەرداری ئەو کردەوەیەی ئەم کوڕەی خۆم نیم. سەد جار بە نەحلەت بێت‌و بەر نەفرەتی خوا بکەوێت.

دانا هاتە قسەو وتی:

— ئێستا مەبەستت لەم قسانەت چییە؟

— ئەوەتا چوار سەد دیناری میمکە فاتمم لەگەڵ خۆمدا هێناوە تاوەکو تەسلیمی دەستی تۆی بکەم‌و تۆیش بە ئەمانەتەوە بۆی بگێڕیتەوە. بەس تو خوا ناومان مەزڕێنەو لەلای کەسیش باسمان مەکە. تەنانەت گەر پارەکەیشت دایەوە دەستی خاوەنەکەی ناوی ئێمەی لەلا مەدرکێنەو با ئەم هەموو کەین‌و بەینە لە نێو خۆماندا تەپس بکەین.

ژنەکە پڕپاسکەیەکی هەڵگرتبوو دای بە دەستی داناوەو پێی وت:

— ئەمە چوار سەد دیناری پیرەژنەکەیەو بە تەنیا ئەم کوڕە نەگبەتەی من سەد دیناری لێ سەرف کردووە. مەرج بێت گەر سوواڵیشم کردبێت لە پاشاندا سەد دینارەکەی تریشی بۆ کۆ دەکەمەوەو هەموو پارەکە بە بێ کەم‌و زیاد دەیگێڕمەوە بۆ دەستی خاوەنەکەی.

حەمە بزبزەیش بە تەنیشتی دایکیەوە ملی شۆڕ کردبووەو گوێی بۆ سەرجەم قسەکان رادەدێراو فزەی لە دەمەوە دەرنەدەهات. پاش ئەوەی دانا پارەکەی بەسەر کردەوەو ژماردی خستیە گیرفانی خۆیەوەو ئەوسا بە ژنەکەی وت:

– دڵنیات دەکەمەوەو بەڵێنت دەدەمێ کە سەرجەم ئەم رووداوە بپارێزمو لەلای کەسیش نەیدرکێنم. بەس لەمەو دووا ئاگاداری ئەم کوڕەت ببە، کە یەکەم جار دزی لە پیرەژنەکە کردو خوا بەوە رەحمی کردووە کە نەیکوشتووە، ئەگینا ئێستا بۆ هەتا هەتایە دەخرایە کونجی زیندانەوە. لەلایەکی تریشەوە پاسکیلی سامەی برادەرمی دزیو ویستی لە هەراجخانە بیفرۆشێت، بەڵام خۆش بەختانە هەموو تاوانەکانیمان لەلا ئاشکەرابوو مەسەلەکەیش ئەوەتا کۆتایی پێدێت.

– خوا دەست بە عەمرتەوە بگرێتو هەرگیز لە پیاوەتی تۆ دەرناچم هەردەم مەمنوونتم.

– پێویست بە مەمنوونو سوپاس ناکات. بەس گرنگ ئەوەیە لەمەودووا بە باشی چاودێری منداڵەکانت بکەیتو نەهێڵیت پێیان بەرەو تاوان بخزێتو خۆیشیانو تۆیش تووشی کێشەو دەردی سەری بکەن.

– ئەوا ئێستا من دەڕۆمو پشتو پەنام هەر تۆیت.

– بڕۆ خوات لەگەڵو خۆم هەموو کێشەکە چارەسەر دەکەم.

ژنەکە پاشەکشەی لێکردو کوڕەکەیشی دایە پێشی خۆیو رۆیشت. لە نێو چایخانەکەیشەوە سامە ئارامی لەبەر بڕابوو هەر ملە قووتێی بوو بزانێت چی روودەدات. دانا بەرەو شوێنەکەی خۆی چوو بە تەنیشتی برادەرەکەیەوە لێی دانیشت. بە شێنەیی هەموو شتێکی بۆ گێڕاوەو داوای لێکرد کە بەردێك بخاتە سەر ئەم نهێنیەو لەلای کەس بە هیچ جۆرێك باسی نەکات. ئەویش لە ئاستی خۆیەوە رەزامەندیی دەربڕی بەوەی دەمی خۆی بگرێتو لە هیچ لایەكو لەلای هیچ کەسێکیش باسی نەکات. ئەوسا بە باشیان زانی بە زووترین کات بگەنە لای پیرەژنو



پارەکەی بۆ بگێڕنەوە. هەڵسانو سامە بە دەستی توند پاسکیلەکەی گرتو بەرەو پێشەوە تەکانی پێدا. شان بە شانی یەکتری بە پیادە گەڕانەوە بۆ کۆڵانەکەی خۆیان. لەبەر دەرگای ماڵی میمکە فاتم بە ئاسپایی سامە پاسکیلەکەی راگرتو دوواجار هەردووکیان چوونە ماڵی میمکە فاتمەوە. پیرەژنەکە بێ کەس بوو بە تەنیا خۆی لە نێو ئەو خانووە پەرپووتەدا دەژیا. کاتێك چاوی بەمان کەوت بەرەو پیریان هاتو بە گەرمیەوە پێشوازی لێکردن. نەیدەزانی مەبەستیان لە هاتنەکەیان چیە. چوونە ژوورێکی تەنگو تاریکەوە کە بە زۆری لە ئەشکەوت دەچوو، بە تەنیا پەنجەرەیەکی بچووك بە تەنیشتی دەرگای ژوورەکەوە دەیڕووانیە نێو حەوشە بچووکەکە. ئەوان لەسەر دوێشەکێکی شڕ دانیشتنو پیرەژنەکەیش بە پێوە بە گەرمی بەخێرهاتنی لێکردن. لە پێناوی دڵنیایی کردنەوەی پیرەژنەکەدا دانا بزەیەکی بۆ کردو بە گەرمیەوە لە ئەحواڵی پرسی. ئەویش شوکرانەی خوای کردو بۆ جارێکی تریش بە گەرمیەوە بە خێر هاتنی لە دوو میوانەکەی کرد. دانا بە دەستی ئیشارەتی بۆ پیرەژنەکە کردو داوای لێکرد کە بە تەنیشتیەوە دابنیشێت. ئەویش بە قسەی کردو شان بە شانی بە سەرسوڕمانەوە دانیشت. دانا ویستی بە هێمنیو بە شێنەیی هەموو شتێك بچرپێنێتە بنا گوێی پیرەژنەکەدا. قسەی بۆ کردو پێی وت:

– میمکە فاتمە ئێمە توانیمان دزەکان بدۆزینەوەو دەست بگرین بەسەر بڕێك لە پارە دزراوەکانت.

پیرەژنەکە لە خۆشیانا رەنگو رووی کرایەوەو بە پەلە وتی:

– بە قوربانی باڵات بم ئەم شتە چۆن روویدایە ! ؟

– به کورتیەکەی ئێمە ئێستا بڕێك لە پارەکەت بۆ دەگێڕینەوە، بەڵام بەو شەرتو مەرجەی کە داوای ناوی دزەکانمان لێنەکەیت.

– تۆ چی دەڵێیتو ئەم قسەیەت مانای چی دەبەخشێت؟

– ئەوەی راستی بێت کەسو کاری دزەکە کەوتوونەتە سەر دەستو پێمانداو لێمان پاڕاونەتەوە کە ناویان لەلای کەس نەبەین، ئێمەیش رەزامەندیی خۆمان بۆیان دەربڕیوەو گفتی ئەوەمان پێداون کە ئەم سڕو نهێنیە بشارینەوەو دیزە بە دەرخۆنەی بکەین.

پیرەژنەکە ویستی بەرهەڵستی بنوێنێت. دانا درێژەی پێداو وتی:

– میمکە فاتمە ئەوەتا چوار سەد دینارمان بۆت هێناوەو هەر ئێستا تەسلیمی دەستی تۆی دەکەین. تۆیش دەست بە روومانەوە مەنێو دەستەخەڕۆمان مەکەو بە مەرجەکەمان قایل بە.

– لەبەر خاتری گۆڕی کوێخا شەوکەتی باوکت دڵت ناشکێنمو قسەت دەنێمە بانی چاوم. ئای کە باوکت چ پیاوێکی جوامێرو قارەمان بوو. منیش خەڵکی گوندەکەی ئێوەمو هەر لە منداڵیەوە باوکتم ناسیوەو زانیومە چ جۆرە پیاوێکە.

دانا پارەکەی ژماردو خستیە مشتی پیرەژنەکەوە. ئەویش بە دەستە لەرزۆکە لاوازە مۆر هەڵگەڕاوەکەیەوە لێی وەرگرتو شادیو بەختەوەری بە روخسارە چرچو لۆچەکەیەوە دەبینرا. بۆ جارێکی تریش کەوتەوە گێڕانەوەی باسو خواسی سەردەمانی کۆن وتی:

– دەك عەمر درێژ بێت دانای کوێخا شەوکەت، بە راستی نەتدۆڕاندووەو کوڕی باوکی خۆتیت. باشم لە یادە کە ئاوی خڕی خاسە بە تەنیشتی گوندەکەماندا رەت دەبوو، بەڵام دەوڵەت لێمانی قەدەخە کردبوو کە ئەو



ئاوە زۆرو زەوەنەیە بۆ زەرعاتو کشتو کاڵ بە کاری بهێنین. ئەوەبوو بە بەرچاومانەوە ئاوەکە بەرەو شاری کەرکوك شۆڕ دەبووەوەو، لە پاشاندا باخەکانی شاری کەرکوکی ئاودێر دەکرد. باوکی رەحمەتیت بەم شتە قایل نەبوو ناڕەزایی خۆی دەربڕی. چەند کەسێکی تفەنگ لە شانی دایە دووای خۆیو لە پاشاندا بە زەبری لوولەی تفەنگ توانیان بەشێك لە ئاوەکە بەرەو لای ئاوایی دابشکێننو ئێمەیش سوودی تەواومان لەو کردەوەیە بینی. دەك رەحمەت لە گۆڕت کوێخا شەوکەت بۆ کوڕێك کە خستووتەوە. بە راستی ڕێو شوێنی باوکت کوێر نەکردۆتەوە.

پیرەژن ویستی بای کۆن بە باداو زیاتر لەسەر سەردەمانی کۆن بدوێت. بەڵام دانا بۆی پێکەنیو دەستێکی خستە سەرشانیو وتی:

– من هەردەم دەمەوێت باوکم لە گۆڕەکەیدا ئاسوودە بێت. بیشتووانم بە پێی توانا دەستی یارمەتی بۆ لێقەوماوانو لارەو خواران درێژ دەکەم. ئێمە ئێستا دەڕۆینو هەر ئەوەندەمان لە تۆ دەوێت کە ئەم نهێنیە لە نێوانمان دەرنەچێتە دەرەوە. گەر سەد دینارەکەی تریشم کەوتەوە دەست ئەوا بۆتی دەگێڕمەوە.

هەڵسانە سەر پێو پیرەژنەکەیش وتی:

– ئێوە ئەم پیاوەتیەتان لەگەڵ مندا کردو، بەڵام دەستی شکاوم نە چایەكو نە ئاوێکیشتان لە ماڵەکەمدا نەخواردەوە.!

هەردووك ماڵئاواییان لە پیرەژن کردو ماڵەکەیان بە جێهێشتو رۆیشتن. روویانکرد بەلای ماڵەکانی خۆیاندا کە خانووەکانیان بە تەنیشتی یەکترەوە بوو. سامە پاسکیلەکەی بە دەستی پاڵ پێوەدەناو بە تەنیشتی برادەرەکەیەوە هەنگاوی دەنا. کاتێك لە ماڵەکانی خۆیان نزیك

بوونەوە تەماشایان کرد دایکو باوکی سامە لەبەر دەرگای خۆیان وەستاونو چاوەڕوانی ئەمان دەکەن. سامەیش بە ڕوویەکی گەشەوە رووی دەمی تێکردنو بە خۆشیەکەوە وتی:

– پاسکیلە دزراوەکەم دۆزیەوە.

باوکی بە دەنگێکی گڕ وەڵامی داوەو وتی:

– سەد بریا هەر نەتدۆزیبایەتەوەو لە کۆڵت ببوایەتەوە.

دایکیو باوکی بە تەمەن زۆر گەورە نەبوون. بە رەنگو روو روخساریانەوە دیاربوو کە خۆشیان بە پاسکیلەکەی کوڕەکەیانەوە نایەت. دایکیشی خۆی تێ هەڵقورتاندو ئەویش قسەی مێردەکەی سەلماندو وتی:

– ئەم ئاسنە کۆنە رۆژێک سەرت بە فەتارەت دەدات. خۆزگە بە یەکجارەکی دەدزراو ئێمەیش لە دڵەڕاوکێ رزگارمان دەبوو. بەم نیوەڕۆ گەرمە بۆچی لە ماڵی خۆتانا تاوێک ناحەسێنەوە.!

دانا بەو قسانە سەخڵەت بوو. ویستی رێگای خۆی بگرێتەبەر بەرەو ماڵی خۆیان، بەڵام دایکو باوکی سامە بە توندی رێیان پێگرتو نەیانهێشت بڕوات. ئافرەتەکە پێی وت:

– خواردنم ئامادە کردوەو ئێوەیش هەردووکتان پێکەوە دێنو نیوەڕۆژە دەکەن.

پیاوەکەیش بە هەمان شێوە داوای لە دانا کرد کە بێتە ماڵیان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. هەر چوواریان چوونە ژوورەوە. پێش ئەوەی دوو برادەرەکە بچنە ژووری نانخواردنەوە برا گەورەکەی سامە روو بە روویان بووەوەو بە دانای وت:



– ماوەیەکی زۆرە تۆم چاوپێنەکەوتووە باش بوو هاتیت.

– وەها دیارە ماڵمان لەسەر مەریخە بۆیە یەکتری نابینین.

– نەخێر من سەربازمو زۆر وەخت لە ماڵی خۆمان نیم.

بە دەم قسە کردنەوە چوونە نێو ژوورەکەوەو هەرسێکیان بە تەنیشتی یەکترەوە دانیشتن. کەوتنە چاوەڕانیکردنی خواردنی نیوەڕۆژە. دایکی سامە سەری کرد بە ژوورەکەداو بەخێرهاتنی دانای کردو پێی وت:

– ئەوەتا سەڵاحی کوڕیشم ئیجازەو پشووی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە ماڵ. ناشوکری نەبێت ئەم کوڕەیشم خێری لە گیانی خۆی نەبینی. هەر کە کۆلیجی تەواو کرد یەکسەر جلو بەرگی خاکیی سەربازیان لەبەر کرد.

کوڕەکە بە رووی دایکیدا پێکەنیو وتی:

– هەر ئەم هاتنەمەو ئیتر نیازی ئەوەم نییە بگەڕێمەوە بۆ سەربازی.

دایکی دەمی داچەقاندو دڵی داخورپاو لێی پرسی:

– دەتەوێت چیبکەیت؟

– نامەوێت بەبێ ئایدە فایدە خۆم بە کوشت بدەم. منیش هەر وەک زۆرێک لە خەڵکانی تر فیرار دەکەمو لە ریزی سەربازی هەڵدێم.

دایکی بۆ ماوەیەک لە جێیەکەی خۆی بە تاسا چوو. ئەوسا هاتەوە سەرخۆیو لە ژوورەکە دەرچووە دەرەوە. دانایش دەستی خستە سەر شانی کوڕەکەو پێی وت:

– بۆ یەک دەقە لێی مەوەستەو بە زووترین کات خۆت دەرباز بکە. پێم ناڵێیت ئەم گەنجانە بۆ کێ خۆیان بە کوشت دەدەن.؟ ئایا لە پێناوی چیدا ئەم شەڕە خوێناویە بەردەوامە.؟

- ٧ -

له تاریکایی شەوی پاش کاتی مەغریب هەردوو هاوەڵ ڕێگەیان بڕیو سەرکێشیەکی نوێ لە مێشکیاندا چەکەرەی کردبوو. بە بێ گۆبەند نانەوەو جەربەزەیی هەڵیاننە دەکرد. لە کێشەیەکەوە بازیاندەدا بۆ کێشەیەکی تر، هەروەك ئەوەی خۆیان پایدۆزی کێچەڵەکان بنو بە دوویدا عەودالْ بن. بە پیادە بە بێ دەنگ بە تەنیشتی یەکترەوە بە کۆڵانەکاندا بەرەو خوار بوونەوە. لە نێو تاریکایی شەوو لە ژێر تیشکی گلۆپی دار تەلی کۆڵانەکاندا یەکێکیان قەڵەوو ئەستوور دەبینراو ئەوی تریشیان لەڕو لاوازو باریك خۆی دەنوواند. چەند کۆڵانێکیان بڕیو ئەوسا لە بەردەم دەرگایەك بە پێوە وەستان کە لە بەردەم دەرگاکەیان قتعەیەکی گەورە هەڵواسرابوو لێی نووسرا بوو (سەی سین بۆ فالگرتنەوە). دانا هاتە قسەو وتی:

– گەر من قسەم کردو بە درۆ کەوتمە رازو نیاز هەڵڕشتن تۆ پێنەکەنیت.



– نا.. نا.. چۆن کاری وەها دەکەم.

– لە سەرەتادا لە پێناوی تاقیکردنەوەی ئەم تەڵەکەبازەدا، دەڵێم گوایە پێنج سەد دیناری پیرەژنێکی خزممان دزراوەو ئایا کێ دزیویەتیو کەی دەدۆزرێتەوە.؟

– بێ گومان ئەویش ئاگای لە هیچ کەینو بەینێکی بەسەرهاتەکە نییەو هەر لە خۆیەوە هەندێك درۆو دەلەسەمان بۆ هەڵدەڕێژێت.

لە دەرگایان داو کابرایەکی چڵکن کە موریدی سەی سین بوو دەرگای لێکردنەوە. هیچ نەیپرسی کە ئێوە کێنو کوێندەرینو چیتان دەوێت. چونکی بە شەوو بە رۆژ خەڵکی رووی تێدەکردنو، کێشەو تەنگو چەڵەمەی خۆیان بۆ سەی سین باس دەکردو، گوایە ئەویش بە چاوی باتنی چارەنووسیان بۆ دەستنیشان دەکات. گەر کەسێکیش ماڵی بدزرایە ئەو بە چاوی کەرامەت دزەکەی بۆ خاوەن ماڵەکە وەسف دەکرد. گەر کچێکی قەیرەیش شووی نەکردایە ئەوا ئەو دڵنیای دەکردەوە کە گوایە لەم نزیکانە بەختی هەڵدەستێتو لاوێکی شیاوو گونجاو دێت بۆ خوازبێنیی. ئەوانەی کە روویان تێدەکرد لە پاشاندا دەستیان بۆ گیرفانیان درێژ دەکردو پارەی سەرقەڵەمانەیان پێی دەبەخشی. لەو کاتەی کە ئەمان دەیانویست بچنە ژووری سەی سینەوە، دوو ژنی عەبا بەسەر دەردەچوونە دەرەوەو دەڕۆیشتن. لە ژوورەوە چاویان بە سەی سین کەوت کە بەرگێکی سپیی پۆشی بووو ریشێکی درێژیشی بەردابووەوە. چاوە دەرپۆقیوەکانی فڕو فێڵێکی زۆریان لێدەباری. هەردووکیان بەرامبەری دانیشتنو ئەویش داوای لێکردن کە کێشەکەیانی بۆ باس بکەن. سامەیش لە ئاستی خۆیەوە

چاوی بە دیواری ژوورەکەدا دەگێڕا کە بە نووسینی جۆراو جۆر پۆشرابوو. بۆنی بوخوریش مێشکی کاس دەکرد.دانا لەسەرخۆ دەستی کرد بە قسەو وتی:

– سەی سین گیان پیرەژنێکی کلۆڵو داماوی گەڕەکمان پێنج سەد دیناری دزراوە. بزانە ناتوانیت دزەکانمان بۆ بدەیتە بەر نیگاتو بۆمانی دەستنیشان بکەیت. تاوەکو ئەو تاوانبارە دەستگیر بکەینو پارەکانیش بۆ پیرەژنە هەژارە بگێڕینەوە.؟

سەی سین کەوتە سەر بادانو حەیو حوی کردنو ئەوسا هاتە قسەو وتی:

– ئەوەتا دزەکەم لەبەر چاوە.

دانا وتی:

– تکایە وەسفی تەواویمان بۆ بکەیت.

– دزەی نەگریسو لەعین کابرایەکی رەشتاڵەی درێژەو هەر خزمێکی نزیکی ئەو پیرەژنەیشە. ئەوەتا بە بەرچاومەیەو دەیبینم ئێستاکێ پارەکان دەژمێرێتو تاوتوێیان دەکات.

دانا پێکەنیو سامەیش بە تەنیشتیەوە دایە قاقای پێکەنین. ئەوسا دانا هەڵسایە سەرپێو وتی:

– وەڵا نەتدۆزیەوەو راستیش ناکەیت. ئێمە بە مەبەستی تاقیکردنەوەت بۆ لات هاتووین. دەباش بزانە کە ئێمە توانیومانە دزەکە بگرینو دەستبگرین بەسەر پارەکەیشدا. کابرای تەڵەکەبازی فرو فێڵاوی تاکەی قۆڵی خەڵکی دەبڕیتو درۆ لەگەڵ هەمووان‌دا دەکەیت. ! ؟



سامەیش شان بە شانی برادەرەکەی وەستاو بە جووتە کەوتنە وێزەی کابرا. ئەویش شڵەژاو هەڵسایە سەرپێو رووبەڕوویان بووەوەو بە حیدەتەوە پێیانی وت:

– گەر بە زووترین کات نەڕۆنو ئێرە بە جێ نەهێڵن ئەوا تەلەفۆن دەکەمو بە گرتتان دەدەم.

کابرا کەوتە هەڕەشەو گوڕەشەی زیاترو لەسەری رۆی:

– بە یەك ئیشارەتی من تووش دەبنو ئەوسایش دەرباز بوونتان مەحاڵە. نازانم لە قسەکانم تێدەگەن یا نا..؟

ئەمانیش ترسیان کەوتە بەرو زانیان گەر لە سەری بڕۆن کار لە کار دەترازێتو، ئەمجارەیان بە راستی تووشی رۆژی رەشی خۆیان دەبن. بە پەلە کەوتنە خۆیانو دەرچوونە دەرەوە. بەرەو ماڵەوە گەڕانەوەو لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەو کابرا تەڵەکەبازە ئەوەندە پشت ئەستوور بێت. بە بێ ئەوەی لەلای کەس باسی ئەم بەسەرهاتەیان بکەن، هەریەکەیان بە بێ چرپە گەڕایەوە ماڵی خۆی.

دانا هەروەکو مامە خەمە نابێت بە ئیسراحەت هەناسەیەك هەڵکێشێتو بە ئاسوودەگی بژێت. هەر بەڵایەك لە ئاسمانەوە بەربێتە خوارەوە دەبێت یەخەی ئەم بگرێت. خۆی هەموو جار وەهای بڵاو دەکردەوە کە خوا ئەمی تەرخان کردووە بۆ خۆتێگلان بە کێشەو تەنگو چەڵەمەی خەڵکیەوە. کەسانی گەڕەکیش قسەکەیان دەسەلماندو زیاتر هانیان دەداو، بەو شێوەیەیش ئاگریان لە پووشو پەڵاشی ناخی بەردەدا. هەرچەند بکەوتایەتە بەر گوێی کە ئۆجاخی کوێخا شەوکەتی باوکی رۆشن کردۆتەوە، ئیتر زیاتر لە جاران گوڕو تینی دەدایە بەر خۆیو

بەسەر سەختیەوە ملی دەنا. بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئاکامی کردەوە پڕ لەسەر کێشیەکانی بەرەو کوێی دەبەن. لە هەمان کاتدا شانازیی بەوەیشەوە دەکرد کە شاعیرێکی بەهرەدارەو، شاعیریش وەهای بە باڵادا بڕاوە کە خەمخۆری خەڵکی بێتو بەبێ ترس بە دەنگی ئێشو ئازارەکانی کۆمەڵەوە بچێت. جا گەر ئەمیش پەیڕەوی ئەم دابو دەستووره باوە نەکات، ئەوا کوڕی کوێخا شەوکەوت نییەو بە هیچ کلۆجێکیش شایانی ئەوە نییە کە ناوی شاعیر لە خۆی بنێت. گیانێکی بەوە بوو کە سامە شان پانی هاوەڵی نزیكو دراوسێیان پاڵپشتیی لێدەکردو لە قسەی دەرنەدەچوو. بەڵام بنەماڵەی هەردوولا هەردەم دەستیان لەسەر دڵی خۆیاندا بوو، لەوە دەترسان کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم دوو لاوە ملهوڕو هەڵەشەیە خۆیان تووشی بەڵایەکی ناگەهان بکەنو دەرباز بوونیان مەحاڵ بێت. پاش هەر سەرکێشیەك دانا دەستی بە شیعر هۆنینەوە دەکردو خۆزیای ئەوەی دەخواست، کە دڵسینەی خۆشەویستی لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسو کەوتو جەربەزەییەکانی بێت. ئیتر بۆی نەنووسراوە کە بە تۆزی خۆیەوە بە بێ کێشە بە کامی دڵ پاڵی لێبداتەوەو پشوویەك بدات. ئەمجارەیشیان وەکو هەموو جارێکی تر ڕووبەڕووی کێشەیەکی نوێ بووەوە. کاتێك گەیشتە ماڵی خۆیان. چاوی بە کچی میمکی خۆی کەوت کە چاو پڕ لە گریان بە تەنیشتی دایکیەوە دانیشتووەو هۆن هۆن فرمێسك لە چاوانی دەبارێن. ئەمیش بە نیگەرانیەکی زۆرەوە تەماشای میمکزاکەی خۆی کردو لێی پرسی:

– چی قەوماوەو بۆچ ئاوەها بە کوڵ دەگریت.!؟



ئەویش بە دەم گریانو فرمێسك رشتنەوە هاتە قسەو وتی:

– ئەم سەر لە ئێوارەیە مێردەکەم گەڕاوەتەوە ماڵو هەر زوو زانیم کە ئاگر لە چاوانی دەبارێن. ئەوەبوو بیانوو بەهانەی پێگرتمو گەلێکی لێدام. منیش ماڵو حاڵم بۆی بە جێ هێشتووەو ئەوەتا پەنام بۆ ئێوە هێناوە.

بە بیستنی ئەم قسانە رقو کینەی هەڵساو بە تووڕەییەوە وتی:

– ئەو کابرا نەفامو ساویلکەیە چۆن وێراویەتی لە میمك زای من بداتو ئاوەهای بەسەر بهێنێت.؟ هەر ئێستا دەڕۆمو تۆڵەی لێدەسێنمەوە. هەرگیز رێنادەم کە خزمێکی نزیکی من تووشی لێدانو دەرکردن ببێت. ئەی گوایە من چیم لەم ماڵەدا. خۆ من داوڵ نیم کە بێ دەنگو بمو لە جێی خۆمدا نەبزوێم. هەر ئێستا دەکەومە رێو حەسیر مەیدانێکی باشی دەکەم.

دایکی پەشۆکاو هەڵسایە سەرپێو ویستی کوڕەکەی هێور بکاتەوەو نەهێڵێت بەو شەوە ملی رێگا بگرێتە بەرو خۆی تووشی گێچەڵێك بکات. بە هێمنی بەسەر کوڕەکەیدا هاتو پێی وت:

– کوڕی خۆم دان بە خۆتا بگرەو بە پەلە پروزێ کار مەکە. ئێستا شەوەو درەنگ وەختەو کاتی شەڕو شوڕو ناکۆکی نییە. با چاوەڕوانی بکەین تا سبەیو بزانین کار دەگاتە کوێ. ئەم ئافرەتەیش میوانی ئێمەیەو با لە ماڵی ئێمەدا سوکناك بگرێت. سەرەڕای هەموویشی نابێت بە هەڵەشەیی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکەیت. چونکی هەموو ژنو مێردێك ناخۆشیان دەبێتو لە پاشاندا پێکدێنو ئاشت دەبنەوە.

ئەم قسانە کاری کردە سەری‌و نەختێك هاتەوە سەرخۆی‌و رق‌و کینەکەی تۆزێك دامرکایەوە. بەڵام ئەم وەهای لە چارە نووسراوە کە هەر دەبێت بە بێ ویستی خۆی رووبەڕووی کێشەو تەنگ‌و چەڵەمە ببێتەوە. ئا ئەوەتا منالّی گەڕەکیان سەمەدی کاك عەودل بە راکردن هاتە ژوورەوەو، بە هەناسە بڕکێ ویستی بکەوێتە قسەو دووان. وەها دیار بوو هەواڵێکی دژواری نائاسایی پێیەو دەیەوێت بەمانی بگەیەنێت. وەها بەپەلە رایکردبوو کە روومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون‌و بەو ئاسانیە نەیدەتووانی بێتە گۆ. ئەمانیش کێشەکەی خۆیان لەبیر چووەوەو لە روخساری شێواوی منالّەکە ورد بوونەوە. لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کە منالّەکە زووبەزوویی بێتەوە سەرخۆی‌و بۆیان بکەوێتە قسە کردن. بە دەم هەنسك دانەوە منالّەکە دەمی هەڵهێناو وتی:

– کاك دانا بۆچی لەم رووداوە تازەیە بێ ئاگایت؟

– چی روویداوە پێم بڵێ..؟

– منالّان شتەکەیان بۆم گێڕایەوەو خۆمیش چووم‌و بە چاوی خۆم بینیم.!

– چیت بینی قسە بکە..؟

– هەر ئێستا هەموو دیمەنەکەت بۆ دەگێڕمەوە.

– کام دیمەن زوو بیلێ‌و دیقم کرد.؟

– کاك دانا ئەوەتا کۆمەڵێك دز بە چراوە چوون بەرەو گۆڕستانی شێخ محێدین، تاوەکو ئەو شتانەی کە دزیویانە لەوێدا بیشارنەوەو لەبەرچاو بزری بکەن..

کسپەیەك بە نێو دڵی دانادا هاتو پڕ بە دەم هاواری کرد:



– جا گوایە شار بێ خاوەنە تاوەکو دزو جەردە بەم شێوەیە بە بەرچاوی خەڵکیەوە دزی بکەن‌و بە ئاسانیش لە گۆڕستاندا بیشارنەوە.!؟ بۆچی گوایە غیرەت‌و پیاوەتی نەماوە تاوەکو پیاو خراپان بەم شێوەیە بەبێ ترس هەڵس‌و کەوت بکەن.!؟

ئەمجارەیشیان دایکی کەوتەوە دڵە راوکێ‌و بە کوڕەکەی وت:

– توخوا واز لەم ئەتوارانەی خۆت بهێنەو هەقت بەسەر ئەم جۆرە شتانەوە نەبێت. خۆ کوڕی خۆم تۆ حوکمەت نیت تا سەرپەرشتیی دنیا بکەیت‌و چاودێریی هەموو رەفتارێکی خەڵکی بکەیت؟ تکایە دان بە خۆتا بگرەو لە ماڵەکەی خۆتدا بحەوێوە.

– نا نەخێر من هەرگیز دەستەوستان لێی دانانیشم‌و دەبێت حەدێك بۆ ئەم جۆرە تاوانە دابنێم.

بە دەنگێکی بەرز خوڕیی بەسەر منالّەکەداو پێی وت:

– بڕۆ زوو سامەم بۆ بانگ بکە تاوەکو پێکەوە بڕۆین‌و نەهێڵین تاوان لە گەڕەکەماندا تەشەنە بسەنێت.

منالّەکە بە قسەی کردو بەپەلە دەرچووە دەرەوە.

رەنگ‌و رووی دایکی بەتەواوەتی تێکچوو. خەم‌و پەژارە بە رادەیەکی زۆر سەرتاپا باڵای داگیر کرد. کەوتە ئەمسەرو ئەوسەر کردنی ژوورەکەو بێ وچان بە هەردوو دەس دەیکێشا بە رانی خۆیدا. باش دەیزانی گەر هەرچیەك بڵێت ناچێت بە گوێی کوڕە کەللە رەقەکەیدا. خوشکەزاکەیشی لە سووچێکی ژوورەکەدا بە خەمباری‌و کەساسیەوە هەڵیدەڕوانی‌و نەیدەزانی چی بڵێت. لە لایەکەوە لە ماڵی مێرد تۆرابوو لەلایەکی تریشەوە لێرەدا روو بەڕووی ئەم بەزم‌و رەزمە ناسازە بووەوە.

پیرەژنەکە کۆستی کەوتبوو باش دەیزانی کە کوڕەکەی ئەمجارەیشیان خۆی تێدەگلێنێتو بەزمێکی ناهەموار بۆ خۆی دەنێتەوە. پاش ماوەیەك سامە بە واق وڕمانو سەرسامیەکی زۆرەوە گەیشتە لایان. چاوی کرابووەوەو دەمی داپچڕی بوو نەیدەزانی کە بۆچی ناردوویانە بە دووایدا. دانا فەرمانی بەسەردا داو وتی:

– وەرە لەگەڵمداو با بە زووترین کات بکەوینە ڕێ.

ئەویش بە بێ ورتە بە دووی کەوتو دەرچوونە دەرەوە. لە نێو کۆڵاندا هەر کەسێك چاوی پێیان بکەوتایە دەیزانی کە شتێکیان لێقەوماوە یاخود بەرەو کێشەیەك مل دەنێن. دانا توانیی بێتە قسەو بڵێ:

– دەووترێت کۆمەڵێك دز لە گۆڕستانەکەی شێخ محێدین بەتەمای شاردنەوەی شتی دزراون. !

– کێ پێتی وت؟

– سەمەد پێی ڕاگەیاندمو وتی گوایە بە چاوی خۆی دزەکانی بینیوە.

– جا ئێمە چیمان لە دەست دێت؟

– دەگەینە سەریانو ڕسوایان دەکەین.

– ئێ ئەگەر چەکیان پێبێت ئێمە چیمان لە دەست دێ؟

– ترسی ناوێت هەی ترسنۆك. پێویستە دەرهەق بە تاوانی ئاوەها گەورەو گران بێدەنگ نەبین. لەسەرمانە بڕۆینو ئاشکەرایان بکەین، بۆ ئەوەی بەم ئاسانیە جارێکی تر نەوێرن بە کاری ئاوەها هەڵبستن.

بە پەلەو بە هەنگاوی گورجو گۆڵ کۆڵانەکانیان بڕیو گەیشتنە ئاستی شەقامە سەرەکیەکەو پەڕینەوە بۆ ئەوبەر. لە پەرژینی باخچە گشتیەکەی تەنیشتی گۆڕستانی شێخ محێدین بازیان داو چوونە نێو دارو



دەوەنی باخچەکەوە. کۆمەڵێك داری سەروو داری کەژ چوو بوون بە ئاسماندا. نەمامو گژو گیای نێو باخچەکەیش کشو مات لە ژێر تاریکایی شەودا ئارامیان گرتبوو. لەودیوی باخچەکەیشەوە گۆڕستانەکە نوقمی تاریکایی شەوە زەنگەکە ببوو. گۆڕستانەکە ئەوەندە بە سام بوو تەنانەت هیچ کەس بە شەو زاتی ئەوەی نەدەکرد بە تەنیا بە نێویدا ڕەت ببێت. جاروبار سامە پرسیاری دەکردو دەیویست بپرسێت کە ئایا ئەمان چییان لە دەست دێت بیکەنو چۆنیش ڕووبەڕووی ئەو دزانە ببنەوە؟ بەڵام هەر زوو دانا دەمکوتی دەکردو قسەکەی پێدەبڕیەوەو، دەیوت ئێمە پیاوی شەوینو هەرچیەك دەبێت چش با ببێت. ! گەیشتنە ئەو دیوارە نزمەی کە باخچە گشتیەکەی لە گۆڕستانەکە جیا دەکردەوە. مانگ بە ئاسمانەوە بە دی نەدەکراو بەو تاریكو نوتەکە چاو چاوی نەدەبینی. ئەستێرەیەکی زۆر دەدرەوشانەوەو ڕووی ئاسمانیان داپۆشی بوو. لەم دیو دیوارەکەوە بە پێوە وەستانو تەماشای ئەو ڕێچکە ڕێیەیان دەکرد کە لە گۆڕستانەکەوە بەرەو ژوور بۆ لای ماڵەکان شۆڕ دەبووەوە. ترپەی پێی کۆمەڵە خەڵکێکیان کەوتە بەرگوێ کە فانۆسێکیان هەڵگرتبوو، بە بێ دەنگی ڕێیان دەبڕیو بۆلای گەڕەکەکە هەنگاویان دەنا. دانا خوێنی کوڵاو لە ناخەوە ڕقێك سەری هەڵداو زۆری نەمابوو لە پێستی خۆی دەرچێتە دەرەوە. لە دڵەوە بە خۆی وت کوا دەوڵەت لە کوێ خەوتووەو خەڵکیش بۆچی ئاوەها بەم ڕادەیە بێ غیرەت بوونە ! ؟ ئەوەتا دزو جەردە بە بێ ترسو دڵەڕاوکێ تەراتێن دەکەنو بە کاری ناڕەوای خۆیان هەڵدەستن. نیەتی هێنا کە دەرهەق بەم پێشهاتە بێ دەنگ نەبێتو هەر چیەکیشی لە دەست دێت بیکات.

ئەوەتا سامەی برادەریشی بە تەنیشتیەوەی یارمەتیی تەواوی دەدات. ئا ئەمەیە رۆژی پیاوی ئازاو بوێرو پێویستە پیاوی جوامێر لە کاتی ئاوەهادا بێتە دەستو ئازایەتیی خۆی بنوێنێت. لە پاشانیشدا بۆ خەڵکی بسەلمێنێت کە هەر قسە نییەو بەڵکو پیاوی رۆژی تەنگانەیە. ئەوەتا ئێستا کاروبار لە قافیدایەو پێویستە هەنگاوی پێویست بهاوێت. بە بێ دەنگ لە پشتی دیوارە نزمەکەوە وەستانو کۆمەڵە زەلامەکانیشیان بە باشی لێوە دیار بوو کە بە بێ دەنگی بە رێگاکەی تەنیشتی دیوارەکەوە رەت دەبوونو، ئەوەتا خەریکە لێیان نزیک دەبنەوە. دانا چرپاندی بە بنا گوێی سامەداو بە ئاسپایی پێی وت:

— لەسەر زەویەکەی ژێر پێمان بەردی بچووک خڕ بکەوەو بیخە سەر دیوارەکە. هەرکە ئەم دەستە دزو جەردەیە گەیشتنە ئاستمان ئەوا هەردووکمان پێکەوە بەرد بارانیان دەکەینو لە کونا لوتیان دەریدەهێنین.

ئەویش ئەم قسەیان چوو بە گوێداو بە پەلە کەوتە خۆی. پێکەوە دەستیان بۆ سەر زەویەکە درێژ کردو کۆمەڵە بەردێکیان بەسەر دیوارە نزمەکەوە لە بەردەمی خۆیان ریز کرد. هێدی رەوتەکە بە بێ چرپە دەرۆیشتن تاوەکو گەیشتنە ئاستی ئەمان. ئیتر بەرد هاویشتن بۆ ناویان دەستی پێکرد. لە سەرەتادا دانا بەردێکی هەڵگرت کە پڕ بە مشتی بوو، بە هەموو هێزی خۆیەوە بۆ کۆمەڵە کەسەی تێگرت. لەبەر ئەوەی تاریکە شەو بوو نەدەزانرا بە تەواوەتی بەردەکان لە کوێ بەر دەبنەوەو دەکەونە سەر چ کەسێکدا. سامەیش دووا بە دووای ئەو دەستی پێکردو یەک لە دووای یەک کوێرانە کەوتنە بەرد هاویشتن بۆ نێو کۆمەڵە



کەسەکان کە رەنگو روویان لە ژێر پەردەی تاریکیدا نەدەبینرا. لەگەڵ یەکەم بەردا کەسێك هاواری لێ هەڵسا. ئیتر هەموو بە یەکا هاتنو نەیاندەزانی لە کوێوە بەردیان تێدەگیرێتو کێش بۆسەی بۆ داناون. ئیتر هاتو هاوارو دەنگە دەنگو خڵپە خڵپ لە نێو کۆمەڵەکەوە بەرز بووەوە. ئەوەی فانوسەکەی هەڵگرتبوو هاوارێکی لێ هەڵساو فانووسەکە لە دەستی بەربووەوە کەوتە سەر زەویەکەو تیشکی فانوسەکەیش نەماو زیاتر تاریکی خۆی کێشا بەسەریاندا. لەگەڵ بەرد تێگرتندا دەنگێکی زوڵاڵ بەرز بووەوەو وتی:

— ئەوە چ حەرامزادەیەکە بەردمان تێدەگرێت.؟ دەبێت بیگرینو گوێی لە بنا ببڕین.!

دووا بە دووای ئەویش دەنگێکی تر هاواری کردو وتی:

— ئەمە چ ناحەزو ناکەس بەچەیەکە کە ئێمەی رێبوار بەردباران دەکات!؟

دانا لە جێیەکەی خۆیەوە دەنگی لێ هەڵبڕیو وتی:

— ئەوە منم دانای کوێخا شەوکەت کە لەگەڵ سامە شان پانی برادەرمدا ئێوەی دزو جەردە دەدەینە بەر خڕك.

لە نێو کۆمەڵەکەوە کەسێك وەڵامی داوەو وتی:

— دەك بە نەحلەت بیت دانا خۆتو برادەرەکەیشت.! گوایە بۆچی رێمان پێدەگریتو بەردمان دەهاویت؟

— ئەی گوایە ئێوە دزو جەردەو پیاو خراپ نین کە بەم ئەنگوستە چاوە لە نێو گۆڕستاندا کاری ناڕەوای خۆتان ئەنجام دەدەن!؟

به بێ ئەوەی هەردوولا یەکتری ببینن‌و یەکتری بناسنەوە کەوتنە قسە لەگەڵ یەکتردا. هەردوو هاوەڵ دەستیان تا رادەیەك شل بووەوەو لە بەرد هاویشتن وەستانەوە. دەنگەکە لە تاریکاییەکەوە وتی:

— تۆ بە هەڵەدا چوویتە چونکی ئێمە دزو جەردەو پیاو خراپ نین. بەڵکو خوشکی قالە کۆڵ مردووەو ئێمەیش تەرمەکەیمان هێناو بە خاکمان سپارد.

هەردوو هاوەڵ لە ناخەوە هەژان‌و تووشی سەرسامی بوون‌و پەشیمانیان حاسڵ کرد. بەڵام پاش ئەوەی بە کارێکی پڕ لە هەڵەشەیی هەڵسابوون‌و خەڵکێکی خێر خوازی بێ گوناهیان بە ناهەق دابووە بەر بەرد. هەموو لەشیان داهێزراو لە ترسانا نەیاندەزانی چی بکەن‌و چۆن خۆیان لەو تەلەزگەیە رزگار بکەن. بە نەزانی‌و نەشارەزاییەوە گێچەڵێکی گەورەو گرانیان بۆ خۆیان نابووەوە. سامە بە ئاسپاییەکەوە وتی:

— وەها چاکە هەڵبێین‌و رابکەین.

— نەخێر پیاوای ئازا بەو ئاسانیە هەڵنایەت‌و راناکات، بەڵکو لەسەرمانە بچینە ناویانەوەو داوای لێبوردنیان لێبکەین.

— لەوانەیە تووشی لێدان‌و تێهەڵدان بین بە دەستیان.

— هەرچیەك دەبێت باببێت. دەی لەگەڵمدا خۆت بهاوە ئەو دیوی دیوارەکەوە تاوەکو بچینە ناویانەوە.

لە سەرەتادا دانا بە دیوارە نزمەکەدا هەڵگژاو خۆی گەیاندە ئەو دیوی دیوارەکەوە. دووا بە دووای ئەویش سامە بە خۆی‌و لەشە زللەکەیەوە بە خنە خن تووانیی بەسەر دیوارەکەدا باز بدات. بە ورە رووخاوی‌و ملکەچیەوە چوونە نێو زەلامەکانەوە. چەند گەنجێکی خوێن گەرم



هێرشیان هێنایە سەریان‌و کەوتنە چەپۆك وەشاند بەسەرو گوێلاکیاندا. دەیانویست دەم هەڵبهێنن‌و داوای لێبوردن بکەن‌و تەوازە خوازی بەسەر زاریاندا بێت، بەڵام ئەوان بەردەوام دەستی خۆیان دەوەشاندو ئەمانیان دەکوتایەوە. لە ئەنجامدا ئەو مامۆستایەی کە مەلای مزگەوتی ژوور بوو بە شەلە شەل لێیان نزیك بووەوەو داوای لە گەنجەکانیش کرد کە واز لەو دوو کەسە ساویلکەو نەفامە بهێنن، کە بە هەڵە ئەمانیان بەردباران کردبوو. ئەوانیش قسەی مەلایان نەشکاندو پاشەکشەیان لێکردو وازیان لەم دووانە هێنا. بەردەوام مەلاکە دەشەلی‌و بە زەحمەت بە پێوە خۆی بۆ رادەگیرا. لێیان هاتە پێش‌و باشتر ناسیانیەوەو لێیانی پرسی‌و وتی:

— ئێوە بۆچی بە ناهەق ئێمەتان دایە بەر رێژنەی بەرد. ! ؟

دانا خۆی قیت کردەوەو وتی:

— داوای لێبوردن لە جەنابتان دەکەین. چونکی ئێوەمان بە پیاو خراپ زانی‌و نەمانزانی کە تەرمی مردووتان بۆ گۆڕستان بردووە. !

— باشە مەبەستتان لەم کارەتان چییە؟

دانا بە لەخۆباییەکی زۆرەوە وتی:

— من بە شەو بە رۆژ دەستبەکارم‌و بە پیریی لێ قەوماوانەوە دەچم، ئیشم ئەوەیە کە هەموو چەوتیەك راست بکەمەوە.

مەلا چمکی کەوا شۆڕەکەی هەڵماڵی‌و وتی:

— دە باشە چاك بزانە کە ئێوە بە پێچەوانەوە راستی چەوت دەکەنەوە. من مەلا عەزیزم‌و پێشتر خاوەنی لاقێکی ساخ‌و سەلیم بووم، کەچی تۆ بەردێکت بە قاچمدا کێشاو زەدەدارت کردو لەوانەیە هەتا هەتایە راست نەبێتەوە. . ! ئایا تۆ بەمە چی دەڵێیت‌و چۆنی لێکدەدەیتەوە. ؟

یەکێك دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی مەلاو وتی:

– مامۆستا مەلا عەزیز وەها چاکە ئەم دووانە بدەینە پێشی خۆمانو تەسلیم دەستی پۆلیسیان بکەین.

چەند کەسێکی تریش پاڵپشتیان لەم بۆچوونە کردو وەهایان بە باش زانی کە سزای ئەم دوو کەسە ساویلکەیە بدەن. بەڵام مەلا سەرپێچی داواکاریەکەیانی کردو وتی:

– من دەڵێم باشترین کار ئەوەیە بەڕەڵایان بکەینو بیاندەینە دەستی خوا. قیروسیا منیش چیم بەسەر دێت بابێت.

زەلامەکان ملکەچی داواکارییەکەی مەلا بوون لە ئاستی ئەو دووانەدا. ئەمانیش هەردووکیان خۆشحاڵیو کەیف خۆشی دایانیگرتو هەستیان بە دڵنەوایی کرد، سەبارەت بەوەی بە ئاسانی لە چنگی ئەو کۆمەڵە خەڵکە رزگاریان بوو. دوو کەس چوونە تەنیشتی مەلاوەو لەملاو لەولایەوە دەستیان گرتو لە رۆیشتندا یارمەتیان دا. ئەمانیش بە نائومێدیو پەشیمانیەوە پاشەکشەیان لێکرد. بە دیواری باخچە گشتیەکەدا هەڵگڕانو خۆیان ئاودیو کرد. مقۆ مقۆیەکی زۆریش کەوتبووە نێو کۆمەڵە زەلامەکە کە بۆ نێو ماڵەکانی ژوورو هەنگاویان دەنا. باخەوانە پیرەکە کە لە ژوورێکی بچووکی سووچێکی باخچەکەدا بە تەنیا ئێشکچی بوو وەئاگا هاتبووەوە. هاواری بەسەر هەردووکیاندا کردو ویستی بزانێت کێنو بەو شەوە درەنگە ئیشیان چییە لە نێو باخچەکەدا.؟ ئەمانیش توانیان بێنە قسەو خۆیان بە کابرای باخەوان بناسێنن. ئەویش دڵی پێیان سووتاو بردیانیە ژوورەکەی خۆی کە تاقە گڵۆپێکی بچووك ژوورەکەی رۆشن دەکردەوە. ئاوی ساردی دا پێیانو لە



پاشاندا داوای لێ کردن کە دەمو چاوی خۆیان بە مەسینە ئاوەکە بشۆن. ئەو پەڵە خوێنەی کە بەسەرو گوێلاکیانەوە بوو لە ئاکامی لێدان بە ئاو بیانشۆنو ئاسەواریان نەهێڵن. لە پاش حەسانەوەو پشوودانێك سوپاسی کابرای باخەوانیان کردو بەرەو ماڵی خۆیان کەوتنە رێ.

## – ٨ –

کاتێك دانا گەیشتە ماڵی خۆیان تەماشای کرد دایکی لە بەردەم ژوورەکەی خۆیدا خەوی لێکەوتووە. میمکزاکەیشی کە لە مێردەکەی خۆی تۆرابوو لەوێدا نەمابوو. ئەمیش لە دڵی خۆیەوە وتی لەوانەیە گەڕابێتەوە ماڵی خۆیان، یاخود هاتبێتن بە دوویداو بردبێتیانەوە. شەوگارێکی درەنگ وەخت بوو. دنیا هەمووی کشو مات بوو، بەڕادەیەك هیچ دەنگو سەداو قڕەو بڕەیەك نەدەهاتە بەرگوێ. هەموو خەڵکی لەو کاتو ساتە درەنگەدا لە ماڵی خۆیاندا راکشابوونو لە خەوێکی قووڵدا بوون. لە دڵەوە ئیرەیی بە خەڵکی بردو وەهای بۆ چوو کە هەمووان بەبێ خەمو پەژارە چاویان گەرم دەکەنو دەنوون. ئاگایان لە کێشەو بگرەو بەردەی ژیان نییەو دیوارێکیان لە نێوان خۆیانو دەوروبەردا هەڵچنیوە. هەر ئەمە بە تەنیا خۆی سەخڵەت کردووەو لە هەموو شتێك دێتە وەڵامو بە بێ ترس رووبەڕووی هەموو نەنگیەك دەبێتەوە.

نەیدەویست دایکی بە ئاگا بهێنێتەوەو لە نووکەوە هەموو باسو خواسەکەی بە دوورو درێژی بۆ بگێڕێتەوە. چونکە شەرمی دەکرد کە کرۆکی مەسەلەکە بۆ دایکی یاخود بۆ کەسێکی تر بگێڕێتەوە. ئیشێکی ئەوتۆی لە دەست نەقەوماوە کە مایەی شانازی بێت بۆی. هەروەها پێش ئەوەی لە سامەی برادەری جیا بێتەوە، داوای لێکرد کە ئەم رووداوە بۆ هیچ کەسێك باس نەکاتو، کەسیش تێنەگەیەنێت کە شەوێ چییان کردووەو چیشیان بەسەر هاتووە. زۆر لەوە دەترسا کە سامە خوانە خواستە زمانی بترازێتو سەرجەم رووداوەکە بۆ کەسێك باس بکات. لە نێو باخەکانی خڕی خاسەوە دەنگی وەڕینو حەپە حەپی سەگ بەرز بووەوە. پشیلەیەك بەسەر دیواری حەوشەکەیانەوە بە ئاسپاییو بە بێ چرپە هەنگاوی دەنا. مامرو جووجەڵە نوستووەکانیش لە نێو کولانە بچووکەکەی خۆیاندا، جارو بار دوقە دوقێکیان بۆ دەکرد. بە پێپلیکانەکاندا سەرکەوتو چووە ژوورەکەی خۆیو گڵۆپەکەی داگیرساند. بەرامبەر بە ئاوێنە هەڵواسراوەکە وەستاو تەماشای سەرو چاوی خۆی کرد. بۆی دەرکەوت کە هیچ پەڵە خوێنێك بەدی ناکرێت. بەس بە تەنیا ژێر پێڵووی چاوی راستەی لە ئاکامی لێدان نەختێك سوور هەڵگەڕاوە. بۆ ئەم دیاردەیەیش دڵی داخورپیا. وەهای بۆ چوو کە لەوانەیە پاشتر لا چاوی بئاوسێتو ئەو کارەی کە لە دەستی قەومابوو ئاشکەرا ببێت. قەروێڵەکەی دەرکردو لە بەردەم ژوورەکەی خۆیدا داینا. یەکسەر راکشاو کەوتە سەرپشتو دیقەتدانی ئەستێرە ورشەدارەکان، کە بە ئاسمانەوە دەدرەوشانەوەو جریوە جریویان بوو. هەردەم ئاواتە خوازی ئەوە بوو کە دڵسینەی خۆشەویستی ئاگادار بووایەو لە



پاشانیشدا هەڵبەستێکی بەسەردا بهۆنیایەتەوە، ئەوا ئێستا بە پێچەوانەوە هیوای ئەوەی نەدەخواست کە دڵسینە بە ئاگا بێت لێیو حەزیشی نەدەکرد بەم بۆنەیەوە شیعرێك دابنێت. ماوەیەك لە دڵی خۆیەوە کەوتە بەراوردکارییو لە ئاکامدا خۆی بە شکستخواردوو دەستە خەڕۆ هاتە پێش چاو. ماندوێتی تەنگی پێ هەڵچنیو خەوێکی قووڵ بردیەوە...

بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە تاوی لە ئەسپە سپیەکەی ژێری دەداو دەیدایە غار. ولاخە چاپوكو بە تواناکەیش نائومێدی نەدەکرد، بە خێراییەکی زۆر پێ دەشتیو هەورازو نشێوەکانی دەبڕیو بێ وچان بەرەو پێشەوە ملی دەناو دەتوت باڵی گرتووەو دەفڕێت. جڵەوی ئەسپەکەی بە توندی بە دەستەوە گرتبوو. بە دەستو بە پێی هانی ئەو بەرزە ولاخەی دەدا تاوەکو لەگەڵ خێرایی باکەدا پێشەبڕکێ بکاتو بە زووترین کات بیگەیەنێتە جێی مەبەست. شمشێری تیژی کردبوو بە قەدی خۆیداو پۆشاکی شەڕیشی پۆشی بوو. بە تەواوەتی خۆی تەیار کردبوو لە ئامادە باشیدا بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر شەڕو شوڕو پێشهاتێك. لە دڵی خۆیەوە هەردەم بێ وچان دەیڕشتو دەیپێواو کارەساتەکەی تاوتوێ دەکرد. بە خۆی دەووت گەر پیاو لە ڕۆژێکی ڕەشی ئاوەهادا نەیەتە دەستو ئازایەتیی خۆی نەنوێنێت، جا کەی دەتوانێت بڵێ من پیاوی لێ قەومانو ڕۆژی ڕەشم! هەروەها سەرزەنشتی دانیشتووانی ناوچەکەیشی دەکردو هەموویانی بەدەستە پاچەو پەککەوتە دەهاتە پێش چاو. دەیوت گوایە ئەم هەموو وەختە بۆچی لاو چاکو پاڵەوانێك نەهاتۆتە دەست تاوەکو کۆتایی بۆ ئەو

مەترسیە گەورەو گرانە بهێنێت. لە ڕۆژی خۆشیو ئاساییدا پاڵەوانو ئازاو بوێر زۆرن، بەڵام هەر کە کار گەیشتە مەترسیو شەڕ گەیشتە پێ دەشتی، ئیتر هەموو بە یەکجارەکی چۆکیان دەشکێتو لە ترسانا هەناویان دەلەرزێتو پاشەکشەی لێدەکەن. هەر کەسەو لە ئاستی خۆیەوە دەڵێ من هەقم چییەو با کەسێکی تر خۆی بکات بە قۆچی قوربانیو ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە. دەبێت بۆ هەمووانی بسەلمێنم کە منم تاقە سوار چاکی شارو هەر خۆمم دانای کوێخا شەوکەت کە هیچ کەندو کۆسپێك لە توانایدا نییە ڕێگریم لێبکاتو چاو ترسێنم بکات. با بگەمە جێی مەبەست ئەوسا خۆم دەزانم چی دەکەمو چۆن بە بێ سڵەمینەوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبمەوە. ئا ئەم هەموو رازو نیازانە بە مێشکیدا دەهاتنو زیاتر پاڵیان پێوە دەنا کە هێزی تەواو بداتە بەر خۆیو ئەسپەکەیشی بداتە چوار ناڵە. هەروەکو ئەوەی کە بۆی باسکرابوو بینیی زەویو زاری دەوروبەری شاری کەرکوك هەموو لە تینوێتیدا شەقار بوونە. باخو بێستانەکان لەبەر بێ ئاوی هەموو وشك هەڵگەڕاون. گەڵای دارو پەلکی ڕووەكو گژو گیاکان بە وشکی بە دەم باوە کەوتوونەتە هەلەکە سەما. ئا ئەمەیە بەدیۆمیو ڕۆژی ڕەش گەر تووشی ناوچەیەك ببێت. لە دوورەوە تەماشای کرد قەلو داڵێکی زۆر بە ئاسمانەوە بەوپەڕی بەختەوەرییەوە دەخولێنەوە، تاوەکو بە کامی دڵ لەسەر لاشەو کەلاکی پەلەوەرو ئاژەڵی جووتیاران بنیشنەوە. وەهای دانا بوو یا دەبێ لەو شەڕە نابەرابەرەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، یاخود لاشەی خۆیشی تێکەڵ بەو کەلاکە کەوتووە بۆگەنانە بکات، کە لە ئاکامی بێ ئاویو تینوێتیدا گیانی خۆیان لە دەست داوە.



گەیشتە ئاستی بێستانێکی وشکەوەبوو، کە تاقە کەپرێك لە پەراوێزیدا ئارامی گرتبوو. ئیتر ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا، لە پڕ ئەسپەکەی ژێری سەرسمێکی داو بە چۆکا هات. ئەمیش بەسەر ئەسپە سپییەوە گلاو کەوتە سەر زەوییەکە.. هەر کە چاوی کردەوە تەماشای کرد لە نێو کەپرەکەدا ڕاکشاوەو کچێکی جوانکیلەو نازداریش بە تەنیشتیەوە بە چاوە گەشەکانیەوە تەماشای دەکات. بە سەرسامیەوە تەماشای گلێنە ڕەشەکانی کیژەکەی کردو هەموو ئێشو ئازاری جەستەی شەکەتو ماندووی خۆی لە بیر چووەوە. کچەکە بە دەنگێکی ناسك ویستی هێوری بکاتەوەو پێی وت:

— خەمو خەفەت لابدە بەولاوەو بە باشی پشوو بە خۆت بدە.

پاش تاوێك هاتەوە سەرخۆیو توانیی زمانی بجوولێنێتو بپرسێت:

— تۆ کێیتو منیش لە کوێم؟

— من دڵسینەی کچە باخەوانم. تۆیش بە تەنیشتی کەپرەکەمانەوە لەسەر ئەسپەکەت گلایتو ئێمەیش داڵدەی تۆمان داوەو ئێستا تۆ میوانی ئێمەیت.

هەر کە ناوی دڵسینەی کەوتە بەر گوێ یەکسەر کسپەیەك بە دڵیدا هاتو سەرتاپا بالای نوقمی شادیو بەختەوەرییەکی لە ڕادەبەدەر بوو. یەکسەر هاتە قسەو وەکو هەنگوین ئەو ناوەی بەسەر زماندا هاتو بۆ چەند جارێك وتی:

— دڵسینە.. دڵسینە.. دڵسینە..!

— بەڵێ من ناوم دڵسینەیە.

– ئای لەم ڕۆژە خۆش‌و پرشنگدارەی کە تێی کەوتووم. ئەوا من بۆ چەندین ساڵ دەچێت چاوەڕوانی ئەم سات‌و کاتەم، کە لە نزیکەوە تێر تەماشای دڵسینەی خۆشەویستم بکەم‌و دڵ‌و هەناوم بحەوێتەوە.

کیژەکە بە نازەوە بە تیلەی چاو تەماشای کرد، هەروەکو ئەوەی ئەم قسانەی پێ خۆش بێت‌و بە ئاسپایی پێی وت:

– تکایە پشوو بدەو خۆت سەخڵەت مەکە. لەبەر ئەوەی باخەکەمان لە ئاکامی بێ ئاویدا وشکی کردووەو داهاتمان داویە لە کزی، بۆیە باوکە پیرەکەم ڕۆیوە ڕاو بکات‌و نێچیرێکمان بۆ بهێنێتەوە. چاوەڕوانبەو هەر ئێستا دەچم جامێك ئاوت بۆ دەهێنم. خۆیشت باش دەزانیت کە لەم ڕۆژانەدا ئاو قیللەتەو بە ئاسانی دەست ناکەوێت.

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە کەپرەکەدا ڕاکشا تا بە تەواوەتی گوڕی هاتەوەو ئەوسا سەرلەنوێ سەودای جەربەزەیی کەوتەوە سەر. پاش ئەوەی خۆی تەیار کردو تەدارەکی شەڕی پۆشی ویستی سوواری ئەسپەکەی ببێت‌و بڕوات. بەر لە ڕۆیشتنی بەرامبەر بە کیژەکە وەستاو پێی وت:

– دڵسینەی خۆشەویست‌و لە دڵا شیرینم من ئێستا خواحافیزیت لێدەکەم‌و بە جێتدەهێڵم. بەڵام باش بزانە کە دڵی من کەمەنکێشی تۆیە، بۆیە بەڵێنت دەدەمێ گەر بە ساخ‌و سەلامەتی لە شەڕی هاتو نەهاتمدا گەڕامە دوواوە، ئەوا دەسبەجێ دێم بۆلای باوکت‌و خوازبێنیت دەکەم. بەڵام من وەکو سوار چاکێك دەبێت خۆم تووشی ئەو جەنگە بکەم‌و کۆتایی بەم نەهامەتیە بهێنم. ئەوەتا باخ‌و بێستانی ئێوەیش وشکی



کردووەو بە دەستی بێ ئاویەوە دەناڵێنن. پێویستە لە سەرم سەرچاوەی ئاوەکە بۆ ئێوەو هەمووان بکەمەوە..

بە دڵێکی پڕ لە خەفەت‌و کەسەرەوە ئەم قسانەی وت‌و سوواری پشتی ئەسپەکەی بوو. دەستی هەڵبڕی‌و ماڵئاوایی لە دڵسینە کرد بەو هیوایەی بۆ جارێکی تریش بتوانێت بگەڕێتە دوواوە. ئەسپەکە کەوتە غاردان‌و بەرەو خووار بردی تا گەیشتە نێو شاری کەرکوك. هێدی هێدی بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە کۆڵان‌و گەڕەکەکانی شاری دایە بەر نیگا، وەهای هاتە پێش چاو کە گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر دانیشتووانی گەڕەکەکاندا هاتووە. بژێوی دانیشتووانی لەبەر قات‌و قڕی سەخت‌و دژوار بووە. کەم ئاویی نێو شار خەڵکەکەی بە تەواوەتی هەراسان کردووە. ئەوەی مردووە ئەوا نەماوەو ئەوەیشی ماوە بە کولە مەرگی دەژیت‌و هیوای مردن دەخوازێت. هەندێکی تریش لە خەڵکی سەری خۆیان هەڵگرتووەو بەرەو شارەکانی تر ڕۆیشتوون. بەردەوام بە بەرچاویەوە هەر جەنازەو تەرم بوو کە بەرەو گۆڕستان بە ڕێ دەخران. لە دڵی خۆیەوە وتی ئەم شارە بە پیت‌و بەرەکەتە بۆچی ئاوەهای بەسەرهاتووە ! ؟ هەرگیز چاوەڕووان نەدەکرا کە ڕۆژێك دابێت‌و ئەم شارە بەم دەردە کوشندەیە بچێت‌و، دانیشتووانەکەیشی بگەنە ئاستێکی پڕ لە میحنەت‌و دەردیسەری.. هەموو خەڵکی وەکو ئەوەی ژەهریان خواردبێت، بە بێ ئاگایی تەواوەوە هەنگاویان دەناو چاوەڕوانی مردنی خۆیان دەکرد. ئەمیش لە ژێر تیشکی خۆرەتاوە گەرمەکەی ئەو وەرزی هاوینەدا بە سواری ئەسپ، لەسەرخۆ بە کوچەو بازاڕی شاردا دەسووڕایەوەو ئاخی بۆ حاڵی شڕی خەڵکەکە هەڵدەکێشا. دوکان‌و قەیسەریی شار هەموو

دەرگایان داخرابوو. ئەسپو عەرەبانەو کەروبار وەکو جاران بە زۆری بە ڕێگاو بانەکانی نێو شاردا هامو شۆیان نەدەکرد. لە ژێر قەڵادا بەرامبەر بە دوکانی ئاسنگەرەکان بە تەنیشتی مزگەوتی مینارە نەخشینەوە قەرەباڵخیەکی کەوتە پێش چاو. بینیی کابرایەکی جاڕچی کە کڵاوێکی فەرووی قووچی بەسەرەوەیە بەسەر سەکۆیەکەوە وەستاوە. پارچە چەرمێکی بە دەستەوە گرتووەو ناوەڕۆکەکەی دەخوێنێتەوە. خەڵکانێکی زۆریش هەموو بە پێوە وەستاونو ئاپوورەیان کردووەو چاویان بڕیوەتە جاڕچییەکە. بە تاسەوە گوێ بیستی خوێندنەوەی فەرمانی فەرمانڕەوای شارن، کە لەلایەن ئەو جاڕچیەوە دەخوێنرایەوە.
کابرا لەسەر خوێندنەوەکەی ڕۆیشتو وتی:
– فەرمانڕەوای شارمان خوا پایەدارو بەرقەراری بکات. گەرچی کۆشکو تەلاری لە بەرزیدا بەسەر قەڵاوەیە، بەڵام هەردەم چاوی ناچێتە خەوو ئاگاداری حاڵی رەعیەو دەستو پێوەندەکەی خۆیەتی. هەروەکو دەزانن ئەو دێوە نەگریسە زەبەلاحە سەرچاوەی ئاوی خاسەی لێگرتووینو ئاوی لە شاری کەرکوکمان بڕیوە. بۆیە بەم قرچەی هاوینە گەرمە خەریکە هەمووومان لە تینوێتیدا بخنکێین. ئەوەتا دارو دەوەنو باخو بێستانیشمان وشکی کردووەو داهاتمان لە دەست داوە. ئێستا ئەو دێوە چەتوڵە بەدخووە دەیەوێت مەرجی خۆی بەسەرماندا بسەپێنێت تا بەرامبەر بەوە ئاوی خڕی خاسەمان بۆ بەر بداتەوە. پەڵپی ئەوەی لێگرتووین گوایە دەیەوێت بە بێ سێو دوو کچی فەرمانڕەوای شارە خۆشەویستەکەمانی پێشکەش بکەین. ئەم داواکارییە نابەجێو ناڕەوایەیش لەلای جەنابی فەرمانڕەواو سەرجەم دانیشتووانی شارەوە



ڕەت دەکرێتەوە. بۆیە فەرمانڕەوای شار بڕیاری داوە گەر هەر کەسێك بتوانێت ئەو دێوە نالەبارە بکوژێتو لە نێوی بەرێت، ئەوا بەرامبەر بەو ئازایەتیە بێ وێنەیەی فەرمانڕەوای شار کچەکەی خۆی بەو کەسە نەبەردە پێشکەش بکات.
جاڕچی لە خوێندنەوەی فەرمانەکەی فەرمانڕەوای شار بووەوەو پارچە چەرمە نووسراوەکەی لوول داو ڕۆیشت. ئیتر مقۆ مقۆیەکی زۆر لە نێو قەرەباڵخیەکەدا بەرز بووەوەو هەر کەسەو بە جۆرێك باسی ڕووداوەکەیان دەکرد، بەڵام کەس نەیدەتووانی چارەسەرێکی شیاو بۆ کێشەکە دەستنیشان بکات. بەسەر پشتی ئەسپەکەوە قیت لێی دانیشتبوو، بە چاوی ڕقو کینەوە دەیڕووانیە دەوروبەری خۆی. لە دڵەوە نەفرەتی لە خەڵکی دەکرد کە تاقە کەسێکیان نییە بتوانێت مەچەکی ئازایەتیی لێهەڵماڵێتو بچێتە مەیدانو ڕووبەڕووی ئەو دێوە ببێتەوە. وتی وەها چاکە بە زووترین کات خۆم بگەینمە فەرمانڕەوای شارو تێی بگەیەنم کە هەر خۆم دەتووانم بەرەنگاریی ئەو دێوە بکەمو کۆتایی بە ژیانی بهێنم. سەرکەوتە سەر قەڵاو لە بەردەم کۆشكو تەلاری فەرمانڕەوای شاردا وەستا. یاساوڵەکانی تێگەیاند کە هاتووە بۆ ئەوەی چاوی بە فەرمانڕەوای شار بکەوێتو سەبارەت بە مەترسیی دێوەکە قسەی لەگەڵدا بکات. پاش ماوەیەك لە دەرباری فەرمانڕەوادا بە پێوە وەستاو وتی بۆیە هاتۆتە حزووری جەنابی تاوەکو ئارەزووی خۆی پیشانبدات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دێوەکەو شەڕ کردن لەگەڵیدا. لە پاشانیشدا بتوانێت خەڵکی لەو تەنگەژەیە ڕزگار بکات. فەرامانڕەوای

شاریش بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە پێشوازیی لێکردو هیوای سەرکەوتنی لەو شەڕەیدا بۆ خواست.

ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونەوەو شەڕ کردن لەگەڵ دێوە زەبەلاحەکەدا هاتە ئاراوە. بە سواری ئەسپە سپیەکەیەوە کەوتە جووڵەو بە دەستێکی شمشێری هەڵگرتبو بە دەستەکەی تریشی رمێکی درێژی هەڵگرتبو. کچی فەرمانڕەوای شاریش بە ئازایەتیی ئەو سوار چاکە سەرسام ببوو. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد سەرکەوتن بە دەست بهێنێتو ببێت بە هاوسەری لاوێکی ئاوەها ئازاو چاو نەترس. ئەویش وەکو هەموو خەڵکانی تری شار کەوتە دڵەڕاوکێو چاوەڕوانی. لە پشتی پەنجەرەیەکی گەورەوە لە نێو کۆشکدا بەسەر قەڵاوە کەوتە ڕووانینو چاوەڕوانی. گەر ئەو لاوە سەرکەوتنی بە نسیب بێت، ئەوا دێوەکە گۆڕی گوم دەبێتو سەرچاوەی ئاوی خڕی خاسەیش بەڕووی دانیشتووانی شاردا دەکرێتەوە. ئەمیش شووی پێدەکاتو دەبن بە هاوسەری یەکتری. بەڵام گەر خوانە خواستە لاوەکەیش بە دەستی دێوە زەبەلاحەکە بە زەبرو زەنگەکەیش کوژرا، ئەوا بۆ جارێکی تر خەڵکی شار تووشی نەهامەتیو قاتو قڕی دەبنەوەوە ئەمیش بە نسیبی ئەو لاو چاکە نابێت.

بە بڕوایەکی پۆڵاینەوە بە سوواری ئەسپە سپی بەڕێ کەوتو بەرەو ژوور بووەوە. خەڵکێکی زۆریش دەست لە بان دڵ بە دووی کەوتن. هەموو دەستیان بڵند دەکردەوەو لە خوای گەورەو میهرەبان دەپاڕانەوە کە بەخت یاوەری ئەم سووار چاکە بێتو دێوەکەیش بە دەستی لە نێو بچێت. فەرمانڕەوای شاریش بە سوواری گالیسکە لە ژێر سایەی



کەژاوەدا لەگەڵ خەڵکەکەدا کەوتە ڕێ، تا لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو شەڕە چارەنووسسازە بێت. نێو خڕی خاسەو هەردوو کەناری جمەی دەهات لە خەڵکی تەماشاکەردا. هیچ کەسێك بە زۆری زۆردارەکی ڕێی نەگرتبووە بەر، بەڵکو هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی کەوتبووە ڕێ. هەمووان بە پەرۆشەوە هەنگاویان دەناو دەیانویست بزانن ئاکامی ئەم شەڕە نابەرابەرە بەرەو کوێ دەگات. خۆڵو تۆزو گەردی زەویو زاری وشك هەڵاتوو لە ژێر پێی خەڵکەکەدا بە ئاسماندا بەرز دەبووەوە. خۆرەتاوە گەرمەکەیش بە تەواوەتی تەنگی بە خەڵکەکە هەڵچنیبو. تینوێتیو گەرووی وشك هەڵاتووی لە رادەبەدەریش سەرباری هەمووی بوو. خەڵکەکە بەرەو ژوور بوونەوەو کوڕەی سووار چاکیش پێشیان کەوتبوو. مەودایەکیان بڕیو لە شار دوور کەوتنەوە. لە پڕ سەری بۆرو ناقۆڵای دێوەکە دەرکەوت. بە تاکە چاوەکەیەوە ڕووانیە خەڵکەکەو توورەییەکی زۆر دایگرتو هاتنی حەشامەتەکە بۆ ئەو ناوچەیە سەخڵەتی کردو بە دەنگێکی بەرز نەڕاندی بەسەریاندا. ئەوەبوو لە ترسانا خەریك بوو خەڵکێکی زۆر زار تەریك ببنو زەندۆقیان بچێت. چەند ریزێکی پێشەوە سڵەمینەوەو بە پشتا کەوتنو بەربوونەوە سەر زەویەکە. هەناسەی ئەو دێوە زەبەلاحە کە بەری ئاوی خڕی خاسەی لە دانیشتووانی شار گرتبوو، وەکو ڕەشەبا هەڵیدەکردو تۆزو خۆڵی دەکرد بە گژ حەشامەتەکەدا. هەمووان ترسی زۆریان لێنیشتو ورەیان بەردا. فەرمانڕەوای شاریش لە هەمووان زیاتر تۆقی بووو ئازای لەشیشی کەوتبووە لەرزین. کوڕە لاوەکە بە چاو قایمیو بوێریو قارەمانیەوە باکی بە هەڕەشەو گوڕەشەی دێوەکە نەبوو. وەهای دانابوو کە

سەرێکەو هێناویەو نایگەڕێنێتە دوواوە. ئیتر یا دەکوژێت یاخود دەکوژرێت. دێوەکە بە رقو کینەوە بە تاکە چاوەکەی روانیە سووار چاکەکە، کە بە سوواری ئەسپە سپی بەرەو رووی دەبووەوە. بۆ جارێکی تریش نەڕاندیو فوویەکی قایمی لە ئەسپ سووارەکە کردو، بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بەری دایە خوارەوە. هەرکە خەڵکەکە ئەم دیمەنەیان بە چاوی خۆیان بینی، هەموو ئەژنۆیان شکاو تینو توانایان لەبەر بڕاو نك نائومێد بوون. هەموو لە دڵی خۆیانەوە دەیانووت تازە ئەم لاوە سەری تیاچووو گەڕانەوەی مەحاڵە. کوڕەکە لە نێو خاكو خۆڵی خڕی خاسەدا گەوزاو لەشی تلاوتل بووەوە. بەڵام بێ وچان بە هەردوو دەستی شمشێرەکەو رمەکەی بە توندی رادەوەشاند. لەو ساتو کاتەدا تەنانەت مەلو باڵندەکانیش لە پەلو پۆ کەوتبوونو جریوە جریویان نەدەهات. هەموان لە دڵە راوکێدا بوونو چاوەڕوانی سەرەنجامی ئەو بە گڕا چوونەوەیەدا بوون. لاوەکە کەوتە سەر پێو بەرامبەر بە دێوەکە وەستا. دێوەکەیش نەڕاندیو دەستی درێژ کردو کوڕەی بە دوو پەنجە هەڵگرت، ئەویش لە نێو پەنجەکانیدا شانو باڵی رادەوەشاندو لەقە فڕکێی دەکرد، مەبەستی بوو جەستەی لە نێو پەنجە گەورەکانی دێوەکە بترازێنێتو خۆی دەرباز بکاتو بکەوێتەوە سەر زەویەکە. بەڵام دێوەکە سوور بوو لەسەر گرتنی کوڕەکە وەکو نێچیرێکی پڕ بایەخ. لە پاشاندا دێوەکە دەمی داپچڕیو ها.. ها.. هاواری کرد. کوڕەکەی نایە نێو لەپی خۆیو لە تاکە چاوکەی نزیك کردەوە. خەڵکەکە وەهای بۆ چوون کە دێوەکە یان کوڕەکە لورف دەکاتو دەیخوات، یاخود بە توندی فڕێی دەداتە خوارەوەو ئێسكو پروسکی



تێکدەشکێنێت. لاوەکە هەلی بۆ رەخساو رمەکەی دەستی درێژ کردو، لە تاکە چاوەکەی دێوەکەی چەقاند. دێوەکە هاواری لێهەڵساو لە تاو ئێشو ئازار بڕستی لێبڕا. ئەوسا کوڕەکە بازێکی داو کەوتەوە سەر زەویەکە. لێرەدا خەڵکەکە ئاهێکیان هاتەوەو هەناسەیەکی قووڵیان هەڵکێشا. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەو سوار چاکە بەو شێوەیە بتوانێت رمی دەستی لە چاوی دێوە نەگریسەکە بچەقێنێتو لە هەڕی بخاتو بە یەکجارەکی کوێری بکات. بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ئەوەتا بە بەرچاوی هەموانەوە خۆشبەختانە روویدا. فەرمانڕەوای شاریش لە نێو کەژاوەکەیدا تەماشای ئەو دیمەنە هەست بزوێنەی دەکردو، بزە کەوتە سەر لێویو ئومێدی کەوتەوە بەر. جێگیر بوونی نووکی رمە تیژەکە لە بیلبیلەی چاوی دێوەکە، بووە مایەی ئێشو ئازارێکی زۆر بۆیو وەها دیار بوو کە کوێری کردبوو. دێوەکە بە بێ ئەوەی بەری پێی خۆی بە تەواوەتی ببینی کوێرانە بەملاو بەولادا دەهاتو دەچوو. کار بەوەیشەوە نەوەستاو لە پاشاندا پێی خزاو بەسەر دەم بەربووەوەو کەوتە نێو خڕی خاسە. خەڵکەکە خرۆشان بە مل یەکترداو ئیتر هەر یەکەو لە ئاستی خۆیەوە بەردێکی خڕی هەڵگرت. هەموو کەوتنە بەرد باران کردنی دێوە راکشاوە لە توانا بڕاوەکە. سەربازەکانی فەرمانڕەوای شاریش بە پێی فەرمانی سەربازی، ئەوانیش کەوتنە وێزەیو تیر بارانیان کرد. دێوەکە بەرگەی ئەو هەموو تیرو بەردەی نەگرتو هەناسەی لەبەر بڕا. لە پڕ ئاوی خاسە وروژمی هێناو کرایەوە. خەڵکەکە دوور کەوتنەوەو کەنار گیر بوونو رێیان بۆ تەوژمی

ئاوەکە کردەوە، شەپۆلی ئاو بە خێراییەکی زۆرەوە هاژەی کردو بەرەو خوار بووەوە.

لاوەکە بەسەرپەرشتی ئەسپەکەیەوە کەوتە پێش خەڵکەکەو بەرەو شار شۆڕبوونەوە. تەنانەت لە پێشی فەرمانڕەوای شاریشەوە بەوپەڕی لەخۆباییەوە دەڕۆیشت. کچی فەرمانڕەوای شار لە نێو کۆشکەوە بەسەر قەڵاوە بێ وچان هەڵیدەڕوانیو تەماشای ئەو دیمەنە هەست وروژێنەی دەکرد. هەر زوو بە زوویی هەواڵی سەرکەوتنی سوار چاکەکەیان پێڕاگەیاند. ئەویش لە خۆشیانا بزەی کەوتە سەر لێوو بە ئەزرەتەوە بوو کە ببێت بە هاوسەری کوڕێکی ئازاو بوێرو چاو نەترس. زەویو زار بووژانەوەو دارو دەوەنیش سەوز بوونەوە. مەلو پەلەوەر کەوتنە جریوە جریوو لە خۆشی ئاوو کەوتنە باڵە فڕکێ. سەر لەنوێ شارو دەوروبەری بووژایەوەو چیتریش قاتو قڕی نەماو خۆشیو شادیو بەختەوەری دەچێتە نێو هەموو ماڵێکەوە. کچی فەرمانڕەوای شاریش لە هەموان کامەرانترو بەختەوەرتر دەبینرا، چونکی لە مەترسیی کەوتنە چنگی دێوەکە رزگاری ببوو، فەرمانڕەوای شار لە خۆشیانا پێی بە زەویدا نەدەکەوت. گالیسکەکە گەیاندیە نێو کۆشکەکەی خۆی بەسەر قەڵای شارەوە..

لە نێو کۆشکدا سوار چاکەکە لە بەردەم فەرمانڕەوای شاردا بە پێوە وەستا. سەرەتا هەموو یاوەرانی فەرمانڕەوا چرپاندیان بە بنی گوێیداو پیرۆزباییان لێکرد. هەروەها داوایان لە فەرمانڕەوا کرد کە گفتو بەڵێنی خۆی بباتە سەرو کچەکەی پێشکەش بەو لاوە قارەمانە بکات. ئەویش لە ئاستی خۆیەوە ئافەرینی لە کوڕە لاوەکە کردو بە شانو باڵایدا



هەڵیداو ستایشی ئازایەتیی کەم وێنەی کرد. بە بەرچاوی هەموانەوە فەرمانڕەوا دووپاتی کردەوە کە سوورە لەسەر قەولو قەراری خۆی سەبارەت بەوەی کچەکەی پێشکەش بە کوڕێکی ئاوەها ئازاو بوێر بکات. شانازیی بەوەوە کرد کە لاوێکی لێهاتووی لەو چەشنە ببێت بە زاوای. بەڵام ئەوەی کە هەمووانی تووشی نائومێدی کرد، قسەو دەمو دووی لاوەکە بوو. کە نەك بە تەنیا خەڵکەکەی تووشی دەستە خەڕۆییو گرفت کرد، بەڵکو خەمو پەژارەیشی خستە نێو دڵی کچی فەرمانڕەوای شارەیشەوە. لاوەکە بە جلو بەرگی جەنگەوە لە کۆشکدا وەستا. فەرمانڕەوایش پاش ئەوەی بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرد لێی پرسی:

– ئەی لاو چاکی ئازاو بە جەرگ تۆ کێیتو ناوت چییە؟

ئەویش بە دەنگێکی زوڵاڵەوە هاتە وەڵامو وتی:

– من ناوم دانای کوێخا شەوکەتە کە بە شەوو بە رۆژ چاوانم ناچنە خەو. هەردەم لە هەڵپەدامو بێ وچان دەچم بە هانای لێقەوماوانەوەو پشتگیری لە کەسانی چەوساوەو بێ پشتو پەنا دەکەم...

فەرمانڕەوا بەسەر کورسیەکەیەوە لە نێو یاوەرانیدا زۆر بەختەوەرو کامەران دەبینرا. بە ڕوویەکی گەشەوە وتی:

– ئێمە بڕیارمانداوە کە بە بۆنەی سەرکەوتنی تۆو نوغرۆ بوونی دێوە ستەمکارەکەوە ئاهەنگ بگێڕینو شایلۆغان لە نێو شاردا ساز بکەین. هەروەها سوورم لەسەر بەڵێنی خۆمو هەرگیز لە قسەی خۆم پاشگەز نابمەوەو بڕیارم داوە کە تۆ بکەم بە زاوای خۆمو کچەکەی خۆمت پێشکەش بکەم. هەروەکو هەموان ئاگادارن ئەم کچەی من زۆر بە

نازداری بەخێو کراوە، تاکو ئێستایش گەلێك پیاوی ناودارو خاوەن مەقام داوایان کردووە بەڵام رازی نەبووینە بیدەین بە شوو.

لاو چاکەکە بە بەرچاوی هەموانەوە هاتە قسەو وتی:

– فەرمانڕەوای پایەداری شار. من بەختەوەرم دەرهەق بەوەی کە دێوەکەم کوشتووەو سەرچاوەی ئاوی خڕی خاسەیشم بەرداوەتەوەو، توانیومە دانیشتووانی شار لە بێ ئاوی‌و قاتو قڕی رزگار بکەم، بەڵام من عاشق‌و ئەوینداری بەوەفاو بە ئەمەکی کچی کابرایەکی باخەوانی هەژارم بە ناوی دڵسینەوە، بۆیە داوای لێبوردنت لێدەکەم‌و نامەوێت کچی جەنابت بکەم بە هاوسەری خۆم. من وەکو سوار چاکێك دەبێت خاوەنی قسەی خۆم بم‌و پەیمانی خۆشەویستیم لەگەڵ ئەم کچەدا نەشکێنم.

کاتێك لەم قسانەی بووەوە دەرباری فەرمانڕەوا وروژاو هەموو ئامادە بووان سەریان باداو لە نێوان خۆیاندا کەوتنە مقۆ مقۆ. فەرمانڕەوای شاریش لە هەمووان زیاتر تووشی سەرسوڕمان بوو. لەولایشەوە کچی فەرمانڕەوا کە لە پشتی پەنجەرەوە گوێ بیستی ئەم هەموو قسانە بوو، نوقمی دەریای خەم‌و پەژارە بوو، فرمێسك بە خوڕ بە چاوانیدا هاتە خوار. کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو لاوە دەست بە رووی بەختی خۆیەوە بنێت‌و، لاری بێت لەوەی کە ببێت بە زاوای فەرمانڕەوای شاری کەرکوك. فەرمانڕەوا رق‌و کینەی لەم قسانە هەڵساو ئاگر لە چاوانی داباری، بەڵام ناچار بوو کە بچێتە ژێر باری داواکاری‌و راو بۆچوونی ئەو لاوەوە.. پاش ئەوەی هەموانی تووشی نائومێدی‌و هیوا بڕاوی کرد، ماڵئاوایی لە فەرمانڕەوا کردو لە کۆشك دەرچووە دەرەوە.



جارێکی تریش سوواری پشتی ئەسپەکەی بوو بەرەو ژوور بە خێرایی هەڵکشا. بێ وچان تاوی لە ئەسپەکەی دەدا تاوەکو بە زووترین کات بیگەیەنێتە ئاستی کەپرەکەی دامێن باخەکە، کە دڵسینەو باوکە پیرەکەی لەوێدا دەژیان. ئەو ماوەیەی کە بە رێگاوە بردیە سەر، بە قەد ماوەی بەرەنگای بوونەوەی لەگەڵ دێوەکەدا بەلایەوە سەخت بوو. کاتێك گەیشتە ئاستی باخەکە، کسپە بە دڵیدا هاتو خەریك بوو خوێن لە دەمارەکانی لەشیدا بمەیەت. بە چاوی خۆی بینیی کە ئاوێکی زۆر باخەکەی داپۆشیوەو کەپرەکەیش لە بنا نەماوە. بەسەر سامیەوە روانیە ئەو دیمەنە دڵتەزێنەو بە تەواوەتی هەناوی کەوت. نەیدەزانی چی روویداوەو بۆچی ئەو شوێنە بۆتە خانە وێرانە. ! هەرچەند هەڵیڕووانی‌و چاوی گێڕا لە شوانێك بەولاوە کە مەڕو ماڵاتی دەلەوەڕاند کەسی تری نەکەوتە پێش چاو. بە دەنگێکی پڕ لە کەسەری هەڵبزڕکاوەوە لە شوانەکەی پرسی کە ئایا چی روویداوەو دڵسینەو باوکیشی چییان بەسەر هاتووە؟ شوانەکەیش لە وەڵامدا وتی:

– پاش لە نێو چوونی دێوەکە سەرچاوەی ئاوی خڕی خاسە کرایەوە، ئاوێکی زۆر وروژمی هێناو رووی ئەم باخەو چەند باخێکی تری داپۆشی‌و کەپرەکەیشی رووخاندو شەپۆلی ئاو لەگەڵ خۆیدا رایماڵی.

کاتێك لە بارەی دڵسینەوە پرسیاری کرد، شوانەکە درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

– من لە دوورەوە بینیم کە پیاوە پیرەکە دەستی کچەکەی گرتو بە جووتە ئەم شوێنەیان بە جێهێشتو، بەرەو شوێنێکی نادیار کەوتنە رێ.

ئەم قسانە وەکو تیرێکی ژەهراوی لە جەرگی چەقین. بەرچاوی تاریك بوو تووشی سەرە گێژکە بوو. پڕ بە دەم هاواری کرد... دڵسینە.. دڵسینە.. ئیتر هێزو توواناى لەبەر بڕاو بەسەر ئەسپەکەیەوە بەربووە خوارەوە...

کاتێك لە خەو راپەڕی تەماشای کرد لەسەر قەروێڵەکەی بەربۆتە خوارەوە..! بە بێ ئەوەی ئاگای تەواوی لە خۆی بێت هاوار دەکات.. دڵسینە.. دڵسینە.. تووانیی پاش ئەو خەونە ناخۆشە خۆی گورج بکاتەوەو هەڵسێتە سەر پێ.. بە پەنجەکانی چاوی خۆی هەڵگلۆفتو تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، بۆی دەرکەوت کە هەموو خەڵکی لە شیرین خەودانو دنیایش کشو ماتە..

- ٩ -

لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی خۆری ئەو سەر لەبەیانیەدا، دوو پیاوی پیر بە نێو خاسەدا بەرەو ژوور رێیان گرتبووە بەر بە مەبەستی راوکردنی ماسی لە گۆماوەکانی ژوورووی خڕی خاسەدا. لەملایشەوە داناو سامە کەوتبوونە خۆیان لە پێناوی خۆ تێگلاندن بە سەرکێشیەکی تازەو نوێوە.

دوو پیاوی پیری شەپقە لەسەر بە بناری کەناری رۆژهەلاتی خڕی خاسەدا بەسەر زیخو چەوەکاندا بە ئاسپاییو لەسەرخۆ هەنگاویاندەنا.



یەکێکیان خاوەنی بالایەکی باریكو لاواز بوو بە ناوی حەننە گاورەوە. ئەوی تریان خڕیلەی باڵا کورت بوو بە ناوی خاچیکی ئەرمەنیەوە. ئەو دوو پیرەمێردەش هەریەکەو هەگبەیەکیان خستبووە سەرشانو دارێکی سەر بە قولابیشیان بە دەستەوە گرتبوو. حەننە گاور بە هاوەڵەکەی وت:

– وەها چاکە منو تۆی دڵ بریندارو زەدەدار بە شتێکەوە خۆمان سەرقاڵ بکەین تاوەکو خەمی خۆمان بڕەوێنینەوە. ئێمەی داماوو کلۆڵ هەروەکو داوڵ تاقو تەنیا ماوینەتەوە.

خاچیکی ئەرمەنی دەستێکی بۆ شەبقەکەی سەری درێژ کرد، ئەوسا دەنگی خستە پاڵ دەنگی هاوەڵەکەیو وتی:

– کوڕو کچەکانم بە تەنیا بەجێیان هێشتوومو وەکو دەزانیت ئێستا لە وڵاتی کەنەدەدا جێگیر بوونەو هەواڵیان نازانم.

– خاچیکی هاوەڵم برینم مەکولێنەوەو با لە هەوڵو تەقەللای ئەوەدا بین کە خۆمان بە ڕاوە ماسیەوە خەریك بکەین، تاوەکو لە لایەنی کەمەوە تۆزێك مێشکمان بحەوێتەوە.

– قسەکەت لە جێی خۆیدایە حەننەی برادەری دڵسۆزم.

– هەرچەند بیر لەو کوڕەم دەکەمەوە، ئیتر بە یەکجارەکی دنیام لەبەر چاو تاریك دەبێت.

– زۆر بیری لێمەکەوەو هەوڵبدە لە بیری خۆتی ببەیتەوە.

– جا چۆن بتووانم لە بیری خۆمی ببەمەوە.!؟

– حەننەی خۆشەویست گەر بە ماسی گرتنەوە خۆمان خەریك كرد، ئەوا هەر هیچ نەبێت بۆ ساتە وەختێكیش بێت دەتوانین مێشكمان ساف بكەین.

– تۆ لە هەموو كەس زیاتر ئاگاداری رووداوەكەیت.

– بە باشی ئاگادارمو هیوادارم خوا سەبووریت بدات.

حەننە پڕ چاوی لە فرمێسك بوو ئەوسا روانیە ژورووی خۆیان، لە دوورەوە چەند هەورازو نشێوو تەپۆلكەیەكی بە كەناری خڕی خاسەوە بینی. بە دەنگێكی پڕ لە كەسەرەوە وتی:

– ئەو كوڕە خێر لە خۆ نەدیوەی من هەركە خوێندنی زانكۆی تەواو كرد، زۆر دڵخۆش بوو بەوەی كە بتوانێت گوزەرانی خۆی بە باشی بەڕێوە بباتو ماڵو منداڵیش پێكەوە بنێت. بەڵام لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی نێوان عێراقو ئێراندا یەكسەر بۆ سەربازی راپێچ كرا.

گەیشتنە بەردەم كۆمەڵە قومو چەوێك كە چەند قەلێك بەسەریەوە نیشتبوونەوە. هەركە ئەمان لێیان نزیك بوونەوە دایان لە شەقەی باڵو فڕین. حەننە گاور بە تەواوەتی گەرووی گیراو پڕ قوڕگی لە گریان بوو. بە دەم هەنسك دانەوە درێژەی بە قسەكانی داو وتی:

– ئەوەبوو ئەو كوڕەم بە ئیجازە گەڕایەوەو ئیتر هەر ئەو جارەی بوو. هەركە رۆیشت نەگەڕایە دوواوەو كوژرا. منو دایكە پیرەكەیو خوشكەكانیشی بۆ كوێرەوەری بەجێهێشت.

– حەننەی برادەرم دەسەڵات نییەو ئێمەی بێ پشتو پەنا هیچمان لە دەست نایەت. هەرچیەكیش بڵێین لەوانەیە خۆمان تووشی بگرەو بەردەیش بكەین.



لە پڕ لە بەرزایی كەناری رۆژهەڵاتی خڕی خاسەوە دەنگێك بە قایمی بەسەریاندا نەڕاندی. هەركە سەری خۆیان بەرەو لای دەنگەكە وەرچەرخاند، تەماشایان كرد سەربازێكی رەشتاڵە بە زمانی عەرەبی دەخوڕێت بەسەریانداو لوولەی كلاشنكۆفەكەی ئاراستەیان كردووەو داوای وەستانیان لێدەكات. لەو ئاستەدا كە كەوتبووە دامێنی سەربازگەی بارووطخانەوە جاروبار خاڵی سەربازی دادەنراو رێ بە خەڵكی هاتوچۆ كەران دەگیرا. سەربازەكە بە تووڕەییەوە كەوتە دووان لەگەڵیانداو پێیانی وت:

– ئێوە كێنو بەرەو كوێ دەچن؟

بۆ چەند ساتێك نەیانتووانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، بەڵام لە ئەنجامدا خاچیكی ئەرمەنی وەڵامی سەربازەكەی داوەو وتی:

– منو ئەم هاوەڵم منەی راوە ماسی دەكەین.

– ئەی نازانن ئەم ناوچەیە قەدەخەیەو یاساخە؟

– ئێمەی پیرەمێردی بێ وەی زەرەرو زیانمان بۆ كەس نییە.

– كێ دەڵێت ئێوە هەواڵو قسەو باس بۆ پێشمەرگە چەتەكان نابەن؟

– نەخێر ئێمەی پیرەمێرد لە خوامان دەوێت كەس ناومان نەهێنێتو هەقیشمان بەسەری كەسەوە نییە.

– باشە ئێوە كوێندەرینو لە چ گەڕەكێدا دەژین..؟

حەننە گاور توانیی بێتەوە سەر خۆیو ئەم لە بری هاوەڵەكەی وەڵام بداتەوەو بڵێت:

– من حەننە گاورمو ئەم هاوەڵەیشم خاچیكی ئەرمەنیەو دراوسێی یەكترین لە گەڕەكی ئەڵماس.

سەربازەکە دایە قاقای پێکەنین وەکو ئەوەی گاڵتە بە قسەکانیان بکاتو وتی:

– کەواتە ئێوە موسوڵمان نین!

حەننە گاور لە وەڵامدا وتی:

– نەخێر ئێمە مەسیحین.

– ئەی بۆ نایەن لەسەر دەستی من ببن بە موسوڵمانو رزگارتان ببێت.؟

– نەخێر ئاینی خۆت بۆ خۆتو ئاینی خۆمانیش بۆ خۆمان.

– من خراپتان پێنالێمو وەرن شایەدمان بهێنن.

خاچیك تووڕەیی دایگرتو ئەمجارەیان باش گوڕی دایە خۆیو بەرپەرچی قسەکانی سەربازەکەی داوەو وتی:

– نەخێر هیچ ئاینێك نالێت بە زۆری زۆردارەکی خەڵکی لە دینی خۆی وەرگەڕێت.

– من جارێ بە خۆشی لەگەڵتاندا دەدوێم، گەر نەیەنە ژێر باری قسەکەم ئەوا ئێستا هەردووکتان دەکوژم.

خاچیك روومەتەکانی ئارەقەیان داداو بە توندی وەڵامی سەربازەکەی دایەوەو وتی:

– ئاینی موسوڵمانیش نالێت کە خەڵکی بە تۆپزی دەستبەرداری ئاینی خۆیان بن. ئێمە لە مێژەوە لەگەڵ موسوڵمانەکانی شاری کەرکوکدا دەژینو، تاوەکو ئێستا کەسێك رێی پێنەگرتووین تا سووکایەتی بە ئاینەکەمان بکات.

– ئێوە لە قسەکانی من تێناگەن.



– باش لە قسەکانت تێدەگەین کە تۆ دەتەوێت پێمان بڵێیت بە سووكو ئاسانی واز لە ئاینەکەی خۆمان بهێنن. پاشتریش داوای ئەوەمان لێدەکەیت کە بچینە ریزی عەشرەتەکەی خۆتەوە.

سەربازەکە قینی لەم قسانە هەڵساو بە دەنگێکی گڕ وتی:

– بێدەنگبەو هەڵە بەسەر زمانتدا نەیەت.

– هەڵەی چی بەسەر زارمدا هاتووە؟

– ئێمە حەز دەکەین ئێوە واز لە ئاینی خۆتان بهێنن، بەڵام رازی نابین بەوەی بێنە ناو خێڵو عەشرەتی گەورەی ئێمەوە لە رۆژئاوای عێراق.

هەردوو هاوەڵ لە دڵەوە گاڵتەیان بە قسەی ئەو سەربازە هات، کە ئەوەندە گێلو ساویلکەو نەفام بوو بە رادەیەك عەشرەتەکەی خۆی لە ئاین بە پیرۆزتر دەزانی. زانییان کە مشتو مڕ لەگەڵ سەربازێکی ملهوڕی ئاوەهادا بێ سوودە. بۆیە وەهایان بە چاك زانی دەمی خۆیان قەپات بکەنو وەڵامی نەدەنەوە. سەربازەکە زیاتر لوولەی چەکەکەی بەرەو خوار ئاراستەی ئەو دوو پیرەمێردە کردو پێیانی وت:

– من ناتانکوژمو بە تەنیا سزایەك بە سەرتاندا دەسەپێنم. هەر ئێستا بە بەرچاومەوە خۆتان رووتدەکەنەوەو بە تەنیا بە یەك دەرپێو شەپقەکەی سەرتانەوە لێی رادەوەستن بە پێوە.

دوو پیرەمێردەکە ئەم قسەیەیان قەبووڵ نەکردو نەیانویست ئەو داواکارییە جێ بەجێ بکەنو رووبەڕووی سەربازەکە لێی راوەستانو نیگایان بەرز کردەوەو بە رقەوە تەماشایان کرد. ئەویش بۆ جارێکی تریش داواکارییەکەی دووبارە کردەوە. لە پاشاندا کە زانیی ئەو دوو پیرە پیاوە بەو ئاسانییە ملکەچی داواکارییەکەی نابن، لوولەی

کلاشنکۆفەکەی لێهەڵبڕیو بە مەبەستی ترساندنیان تەقەیەکی بەسەریاندا بە ئاسماندا کرد. ئەمانیش ترسیان لێنیشتو زانیان کە ئەو سەربازە دڵڕەقەو بۆی هەیە بیانکوژێتو لەو پێچو پەنایەدا سەرنگومیان بکات. ئەوسایش کەس تەرمەکانیان نادۆزێتەوەو لەو چۆڵیەدا دەبن بە خۆراکی قەلو داڵ. هەردووکیان بە ناچاریەوە پانتۆڵو کراسی خۆیان لەبەر داکەندو بە تەنیا بە دەرپێیەکەوە مانەوە. سەربازەکە بە کەیف خۆشیەوە دایە تریقەی پێکەنین، هەروەکو ئەوەی لە بەرەی جەنگێکی خوێناویی دەستەو یەخەدا سەرکەوتنی بە دەست هێنابێت. بە رووتی لە نێو قومو چەوەکەدا لێی راوەستانو نەیاندەزانی چارەنووسیان بە کوێ دەگات. سەربازەکە نەڕاندی بەسەریانداو وتی:

– شەپقەکانتان لەسەر نێنو هەگبەگانیشتان هەڵبگرنو بەرەو ژوور ببنەوە بۆ راوی ماسی. منیش نامەوێت تا دەمەو ئێوارە چاوم بە چارەتان بکەوێت. سەر لە ئێوارە گەر لە ماسی گرتن بوونەوە ئەوا لە گەڕانەوەتاندا جلو بەرگەکانتان هەڵدەگرنو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆتان. من کابرایەکی بە بەزەییمو بەختتان هەیە کە تووشی سەربازێکی تر نەبوون، بێ گومان بێ سێو دوو هەردووکتانی دەدایە بەر رێژنەی گوللەو ئا لێرەدا دەتانیکوشت.

بە ناچاریەوە جلو بەرگەکانیان لەسەر زەویەکە داناو بەرەو ژوور بوونەوەو دوور کەوتنەوە. پاش ماوەیەکی تریش سەربازەکە کشایەوە بۆ سەربازگەکەی خۆی.

– ١٠ –



هەر لەگەڵ خۆر کەوتنی هەمان رۆژدا بوو کە داناو سامە رێککەوتبوون لەسەر ئەوەی بکەونە رێو، بە جووتە خڕی خاسە ببڕنو بەرەو ژوور ببنەوە تاوەکو بە پیادە خۆیان بگەیەننە کۆنە گوندە وێرانو خاپوورەکەی ماڵی دانا. چەند ساڵێك بوو بەعسیەکان ئەو گوندەو چەندین گوندی ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکوکیان خاپوور کردبوو دانیشتوانەکانیشیان ڕاگوێزابوەوە، ماڵی دانایش یەکێك بوو لەو خێزانو بنەماڵانەی کە بە زۆری زۆردارەکی لە گوندەکەیان ڕاگوێزرابوونەوە، ئەمانیش بە خاوخێزانەوە خۆیان گەیاندبووە شار. پاشتریش کوڕە گەورەکەیان کە پێشمەرگە بوو شەهید بوو. کوێخا شەوکەتیش بەرگەی ئەو کارەساتە جەرگ بڕەی نەگرتو لە شاردا گیانی لە دەست داو مرد. بەر لە مردنی هەردەم شانازی بەوەوە دەکرد کە لە سەرەتای شەستەکاندا لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕدا، بە هەموو توانایەکیەوە یارمەتی شۆڕشی دابوو پشتگیریی لە پێشمەرگەی کوردستان کردبوو. ئازایەتیو جوامێریی بە هەموو ناوچەی شواندا بڵاو بووەوە. تا وەهای لێهات ناوو شورەتی گەیشتە سەرکردایەتی شۆڕش. ئەوە بوو لە بری ئازایەتیو جوامێرییەکەی لە لایەن شۆڕشەوە کوڵە بڕنەوێکی پێشکەش کرا. بۆ ساڵانێکی زۆر شانازی بەو تفەنگەوە دەکردو هەردەم پیشانی خەڵکیی دەدا. پێش ئەوەی لێیان بقەومێتو لە گوند بەدەرنێن. تفەنگەکەی بە گریس چەور کردوو لە پاشاندا بە ڕێكو پێکی بە نایلۆن پێچایەوەو لە ژێر دار تووەکەی گۆڕستانی گوندەکەیان خستیە چاڵەوە. بەو شێوەیەیش لە ترسی گرتنو حەپسکردن لە بەرچاو گومی کردبوو. هەردەم دایکی دانا بە چاوی پڕ لە گریانەوە باسی ئەو ڕوداوەی دەکردو

خەمی بۆ ئەو چەکە دەخوارد. دانایش بە پەرۆشەوە گوێی بۆ قسەکانی ڕادەدێرا، بە ڕادەیەك ئەو ڕووداوە کۆنە ببووە خولیایو زۆر بیری لێدەکردەوە. ماوەیەکی زۆر بوو کە بەڵێنی بە سامە دابوو گەر بۆیان لواو بۆ جارێکی تر گەڕانەوە سەر حاڵو ماڵی خۆیان لە گونددا، ئەوا بێ سڵەمینەوە پارچە زەوییەکەی خوار ئاوایی بە تاپۆوە پێشکەش دەکات. لە لایەکی تریشەوە دانا هەردەم خەونی بەوەوە دەبینی، کە بتوانێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو تفەنگە لە چاڵەکەی دەربهێنێتو بە بینینی چاوی خۆی زاخاو بدات. زۆری بەلاوە خۆش بوو کە بتوانێت تفەنگەکەی باوکی بخاتە سەر شانیو بە شانازیەوە بسوڕێتەوە. تاوەکو بۆ خەڵکی بسەلمێنێت کە بە ڕاستی کوڕی ئەو باوکە ئازایەیەو نەیدۆڕاندووە. هەردوو هاوەڵ لە نێو حەوشەی ماڵی دانادا بە پێوە وەستابوونو بڕیاریاندابوو کە ئەمجارەیشیان بە سەرکێشیەکی نوێ هەڵبستنو خۆیان بگەیەننە شوێنی کۆنە گوندە ڕووخاوەکە. هەریەکەیان هەگبەیەك پڕ لە خۆراکیان وەکو توێشووی سەفەرێکی دوورو سەخت هەڵگرتبوو. سەرەڕای ئەوەیش دانا دەمەبێڵێکیشی بە دەستەوە گرتبوو کە کلکە دارێکی کورتی پێوە بوو. ئەمجارەیشیان دڵی دایکی داخورپاو سەر لە نوێ کۆستی کەوتەوە. ڕقی لە ڕەفتارو ئەتواری کوڕەکەی هەڵسا. دەیویست بە هەموو توانایەوە پێشی لێبگرێتو نەهێڵێت بەو گەشتە پڕ لە مەترسیە هەڵسن. ڕووی خۆی گرژ کردو بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە وتی:

– کوڕی چاك بەو لە کەلی شەیتان بێرە خوارەوەو خۆتیشو ئەم کوڕەیش تووشی گێچەڵێك مەکە.



– دایکە ترسو دڵە ڕاوکێی ناوێت.

– چۆن نەترسمو کۆستم نەکەوێت. گەر بێتو لە ڕێدا بتانگرن ئەوا سەرنگومتان دەکەنو لە نێوتان دەبەن. بیکە بۆ خاتری خواو دڵی ئەم دایکە پیرەی خۆت مەشکێنە. گەر بۆ یەك جاریش بوو بێت بە قسەم بکەو بەم کارە هەڵمەستە.

– هەر دەبێت بڕۆمو سەردانیی کۆنە دێیەکەی خۆمان بکەم، چونکی گەلێك یادگاریی سەردەمی منالیم لەوێدا بە جێ ماوە.

کاتێك کە دایکی زانیی قسە کردن لەگەڵ کوڕەکەیدا هیچ ئاکامێکی بە دوواوە نییە، وەهای بە باش زانی بە دڵشکاویەوە بگەڕێتە دوواوە بۆ نێو ژوورەکەی. ئەمانیش بە پەلە کەوتنە خۆیانو هەنگاویان ناو دەرچوونە دەرەوە. بەو بەیانیە زووە زۆر بە کەمی خەڵکی بەدی دەکران. هەنگاوەکانیان گەیاندیانیە نێو باخی سەوزەی ڕۆخی خاسە. چاویان بە قالە باخەوان کەوت کە لەگەڵ بێڵتەپدا لە نێو جێوەی سەوزەکاندا خەریك بوو. سڵاویان لێکردو ئەویش بە سەرسامیەوە تەماشای کردن، نەیتوانی بیداتە بەر مەزەندە کە ئەو دوو لاوە بەو بەیانیە زووە بەرەو کوێ سەری خۆیان هەڵدەگرن. بە تەنیا یەك شتی دەزانی کە دانا سەری بۆ سەرکێشی دەخورێت. ئەمانیش بەجێیان هێشتوو بە ڕێی خۆیانەوە بەرەو ژوور بونەوە. کەوتنە نێو زیخو چەوی خری خاسەوەو لەسەر خۆ هەنگاویان دەنا. زۆریش لەوە چەکەرەیان دەکرد کە ڕووبەڕووی سەربازو پیاوانی دەوڵەت ببنەوە. بناری ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی خری خاسەیان گرتە بەروو بە هەمان ڕێدا ڕەت بوون، کە پێش ماوەیەك لەوەوبەر دوو پیرەمێردەکە پێیدا ڕەتببوون. گەیشتنە ئەو ئاستەی کە

جلو بەرگی حەننە گاورو خاچیکی ئەرمەنی تێیدا فڕێ درابوو. بەخت یاوەریان بوو چونکی سەربازەکە پاشەکشەی کردبوو لە شوێنەکەی خۆیدا نەمابوو. بێگومان گەر لەوێدا بوایەو چاوی بەم دوو لاوە بکەوتایە لەوانە بوو بییانیدایە بەر گوللەو بیانیکوشتایە. لەو کاتەدا کە ئەمان گەیشتنە ئەو شوێنە هەردوو پیرەمێردەکەش بەرەو ژوور دوور کەوتبوونەوەو بەدینەدەکران. ئەمان کە چاویان بە جلو بەرگە فڕێدراوەکانی دوو پیرەمێردەکە کەوت تووشی واق وڕمان بوونو دەستیان بە تاو توێ کردنی پارچەکانی کردو بە وردی دیقەتیان دا. لە پڕ دانا هاواری لێ هەڵساو بە سامەی وت:

– ئەمانە جلو بەرگی حەننە گاورو خاچیکی ئەرمەنین. !

– چۆن دەزانیت؟

– زۆر جار لەبەریاندا بینیومە ٠

– ئێستا دەبێت چییان بەسەردا هاتبێت؟

– لەوانەیە کوژرابێتن.

– ئێمە چی لەم جلو بەرگانە بکەین؟

– لەگەل خۆماندا دەیبەینو گەر بە مردوێتی بێت یا خود بە زیندوێتی بێت هەولْدەدەین ئەو دوو پیرەمێردە داماوە بدۆزینەوە.

جلو بەرگەکانیان لوول داو هەڵیان گرتنەوەو کەوتنە هەنگاو نان. تك تك ئارەقە بە روومەتە خرپنو قەڵەوەکانی سامەوە دەچۆڕایەوەو بە زەحمەت ڕێی دەبڕی. بە پێچەوانەی ئەوەوە دانا زۆر بە گورجو گۆڵی هەگبەکەی شانیو هەندێك لە جلو بەرگەکانی دوو پیرەمێردەکەو بێڵە کورتەکەی هەڵگرتبوو. سامە وچانێکی داو ئاهێکی هەڵکێشا. یەکسەر



دانا ئاوڕی لێدایەوە تا بزانێت چی لێقەوماوە. ئەویش بە شلو شاویو ماندوێتیەوە لێی دانیشتوو وتی:

– خەریکە تاقەتی ڕێ بڕینم نەمێنێت.

دانا ورەی دایە بەریو وتی:

– هەڵسە بکەوە ڕێو جارێ زۆرمان ماوە تا بگەینە جێ، نابێت ئاوەها زوو بە زوویی لە هەڕ بکەویت.

ئەویش هەڵسایەوەو کەوتە ڕێ بڕین. خۆرەکە بەرز ببوەوەو تیشکی بەسەر ووردە بەردوو زیخو چەوی خڕی خاسەدا پەخش دەکرد. لەو ساتو کاتەدا هیچ دەنگێك لە دوور لە نزیك نەدەبیسترا. بەس بە تەنیا جارو بار پۆلە مەلێك بە ژوور سەریانەوە هەڵدەفڕین. لە دوورەوە گردۆڵکەکانی ژوور گوندی یاروەلی بە دی دەکرانو لە دەورو بەری خڕەکەیشدا گژو گیای سەوز بەرز ببوونەوە، کە ئەویش وەهای دەگەیاند ئاو لەو شوێنانەدا هەبێت. لەبەر ئەوەی وەرزی هاوینو گەرما بوو، بۆیە لە نێو خڕەکەدا هیچ جۆرە تەڕاییەك بە دی نەدەکرا. بە هەر حاڵێك بوو توانیان بگەنە چەمی خۆشی کە تێکەڵ بە خڕی خاسە دەبوو. چەمی خۆشی لە تەرەفی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو خوار دەبووەوەو تێکەڵ بە خاسەی پانو بەرین دەبوو. ئاوێکی ڕۆشنو ڕووناکو دیودەر بە نێو چەمی خۆشیدا ڕەت دەبوو، بەڵام لە ئاستی خڕی خاسەدا ئاوەکە پێچی دەدایەوەو بە بەرزاییەکانی ڕۆخی خاسەدا بەرەو باخەکانی سەوزەی ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك لێژ دەبووەوەو باخەکانیش بۆ ئاودێری سوودیان لەو جۆگەلەیە دەبینی. بە ئەمبەرو ئەو بەری چەمی خۆشیدا تەپۆڵکەی نزم ڕیزیان بەستبوو. هەردوو هاوەڵ گوێ ڕایەڵ بوون تاوەکو

دەنگو سەدایەکیان بکەوێتە بەر گوێ. بەڵام لە دەنگی خوڕەی ئاوی چەمەکەو هاژەی بای نێو گژو گیاو زەبەنە چڕەکان بەولاوە هیچی تریان نەدەبیست. لە ناکاودا دەنگی گوللەیەك لە دوور بەرز بووەوە. سامە ڕاچەنیو خەریك بوو بە پشتا بکەوێت. هاوەڵەکەی هێوری کردەوەو پێی وت:

– خۆت تێك مەدە چونکە دەنگەکە لە دوورەوە بوو.

تینوێتی تەنگی پێیان هەڵچنیبوو بە ڕەنگو ڕوویانەوە دیار بوو کە گەروویان ووشك بووەو عەودالّی ئاوێکی سازگارن. لە پێچییەکەی چەمەکەدا بە تەنیشتی گۆماوە قولەکەوە بنەو بارگەیان خست. ئاوە روونو پاکەکەی نێو گۆماوەکە سەرنجیانی ڕاکێشت کە جارو بار ماسییەکان بە شڵپە شڵپ ئەمسەرو ئەوسەریان تێدا دەکرد. لە پڕ دەنگی نزمی چەند ورتە ورتێکیان کەوتە بەر گوێ. خۆیان قیت کردەوە بە باشی گوێیان هەڵخستو تووشی سەر سوڕمان بوون کە بۆیان دەرکەوت لە ژووررا دوو کەس لە نێو خۆیاندا بە زمانێکی نامۆ دەدوێنو قسە دەکەن. دانا هاواری کردو وتی:

– ئەوە کێن کە قسان دەکەن؟

لە پڕ هەردوو پیرەمیردە ڕووتو قووتەکە دەرکەوتن کە بە تەنیا پێڵاو لەپێو شەپقە بەسەر بوونو هەر یەکەو دەرپێیەکیشیان لەپێدا بوو. یەکێکیان باریكو درێژو ئەوی تریشیان ووردو خڕیلە بوو. یەکسەر دانا هەردووکیانی ناسییەوەو زانی کە باریکە لاوازەکەیان حەننە گاورەو، قەڵەوە خڕپنەکەیش خاچیکی ئەرمەنییە. بە دیتنی دیمەنی ڕووتی ئەو دوو پیرەمێردە توشی واق وڕمان بوون. هەردوو پیرەمێردەکەیش



سەبوورییەکیان هاتەوەو لە ناخەوە شادیو کامەرانی دایانی گرت. زۆر بەوە دڵخۆش بوون کە لەو دەشتو دەرە چۆڵەدا چاویان بە دوو کەسی تر کەوت. هەردوو تەرەف نامۆ نەبوون بە لای یەکترەوەو بەڵکو پێشتر لە رۆخی خڕی خاسەدا بۆ چەند جارێك یەکتریان چاو پێکەوتبوو. هەردوو پیرەمێردەکە ڕوویان گەشایەوەو کەوتنە باس کردنی خۆیان کە چییان بەسەر هاتووەو چۆن ئەو سەربازەیش ڕێی پێیان گرتووەو جلو بەرگی لەبەر داکەندوون. پیرەمێردەکان لە کاتی قسە کردندا تەماشای جلو بەرگەکانی خۆیان دەکرد کە بەسەر زیخو چەوی چەمەکەوە دانرابوون. هەر زوو بە زوویی جلو بەرگەکانی خۆیانیان ناسیەوە. ئەوسا لێی دانیشتنو دانایش جلو بەرگەکانی بۆ گەڕاندنەوەو تێیانی گەیاند کە بە ڕێگاکەیانەوە بینویانەو هەڵیان گرتوونەتەوە. هەردوو لاوەکە چاویان بۆ سەرچاوەی ئاوێکی پاك گەڕدەداو هەر زوو بە زوویی کانیاوێکی روونیان بە قەد پاڵی چەمەکەوە دایە بەر نیگا. هەڵسانە سەر پێو خۆیان گەیاندە کانیاوەکە. یەك لە دوای یەك خۆیان نوشتاندەوەو دەمیان ژەنیە نێو کانیاوەکەوەو ئاویان هەڵمژی. چەند ریز دار تەرو لەو لێوارەدا سێبەری خۆیان پەخش کردبوو. بایەکی فێنکیش بە چەمەکەدا هەڵیدەکردو بە ڕووی هەر چواریاندا دەپژاو دەیانیبوژاندەوە. هەردوو پیرەمێردەکەیش بە کەیف خۆشیەوە جلو بەرگەکانی خۆیانیان لەبەر کردبوو. دانا پێکەنیو وتی:

– کە لەم دەشتو دەرەدا بە ڕووتی دەبینران، هەر لەوە دەچوو کە خەریکی فیلم گرتن بن. خاچیك دەمی داپچڕیو دانە خوراوەکانی دەرخستو پێکەنیو ئەوسا وتی:

– ئەم دیمەنەی ئێمە مەگەر هەر لە سینەمادا روویدات.

حەننە گاوریش هەڵیدایەوەو وتی:

– باش بوو هەر سەگو گورگ نەمانی خوارد. خوا ئەو زاڵمو ستەمکارانە بگرێت کە چێژ لە ئەشکەنجەدانی خەڵکی دەبینن. گوایە پیرەمێردێکی وەکو ئێمە دەبێت چ زەرەرو زیانێکمان هەبێ تا بەم دەردەمان بەرن! ؟ سەربازەکە رووی تفەنگی بۆمان درێژ کردو تەقەیشی لێکردین. گەر بە قسەمان نەکردایە ئەوا هەر لەوێ دەمانیکوشت.

سامە لە ژێر سێبەری دار تەرووەکەوە هاتە قسەو وتی:

– باش بوو کە ئێمە دوای ئێوە بەو شوێنەدا رەت بووینو سەربازەکەی لێنەمابوو، ئەگینا بێ سێو دوو هەردووکمانی دەدایە بەر گوللە.

دانا قسەکەی سەلماندو وتی:

– ئەمجارەیشیان رزگارمان بوو بە ساغو سەلامەتی دەرچووینو پێوە نەبووین. !

حەننە گاور کەوتە پرسیار کردن لە داناو وتی:

– ئێمە بۆ کات بەسەر بردنو بە مەبەستی ماسی گرتن ئەم دەشتو دەرەمان خستۆتە ژێر پێ. ئەی پێم ناڵێن ئێوە لێرەدا چی دەکەنو بە دووی چیدا وێڵن؟

– حەقی ئێمەتان نەبێتو ئێوە مشووری خۆتان بخۆن کە چۆن دەگەڕێنە دوواوە؟

– ئەم جارەیان بناری رۆخی رۆژئاوای خڕی خاسە دەگرینە بەر کە سەربازی لێ نییە. بەو شێوەیەیش دەتوانین بە ئاسانی خۆمان دەرباز بکەینو بگەڕێینە دوواوە.



چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو کاتێك هەردوو پیرەمێرد بە جلو بەرگی خۆیانەوە بەرەو خوار کەوتنە رێ برین بەرەو شار. هەردوو لاوەکەیش لە چەمە باریکەکە دەرچوونو هەورازو نشێوێکی زۆریان بڕیو بەرەو باکوور بێ وچان هەنگاویان دەنا. بە قەد پاڵەکانەوە پووشو پەلاشێکی وشکی زەرد هەڵگەڕاوی زۆر دەبینرا، کە بایەکە خۆی پێیاندا دەکێشاو هاژەی لێیانەوە دەهێنا. لێرەو لەوێش بنچکی سەوزی درکو داڵیش دەبینران. پێش نیوەڕو گەیشتنە بەرزاییەكو زۆر بە تاسەوە تەماشای خوارەوەیان کرد. دارو دیواری رووخاوی کۆنە گوندەکەیان کەوتە پێش چاو. کسپەیەك بە دڵی دانادا هاتو لە ناخەوە بە تەواوەتی هەژا. فرمێسك لە چاوانی زاو خەریك بوو چۆکی بکەوێتە لەرزین. دیمەنی کۆنە دێیەکەیان کاری تەواوی کردە سەر هەستو سۆزیو برینی کۆنی هێنایەوە سوێ. گەر زۆری لە خۆی نەکردایە ئەوا دەیدایە پڕمەی گریان. سامەیش بە تەنیشتیەوە بە بێ دەنگی دەیڕووانیو لە دیمەنی چەند قەلێك ورد بووەوە کە بە سەر ماڵە رووخاوەکانی دێیەکەوە نیشتبوونەوە. لە خوار دێیەکەوە چەمە باریکەکە دەبینرا کە بە دارو دەوەن سەوزی دەکردەوە. لە ژوور دێیەکەیشدا بە قەد پاڵەکەوەو بە تەنیشتی گۆڕستانەکەوە دار تووە زەبەلاحەکە بە سەوزی خۆی دەنوواند. چەند دارو دەوەنێکیش لە نێو خانووە رووخاوەکاندا خۆیان لار کردبووەوەو گەڵا سەوزەکانیان بە دەم باکەوە دەلەریەوە. لە بەرزاییەکە دابەزینە خوارەوەو گەیشتنە نێو دیوارە دارووخاوەکانی گوندەکە. لەو سەرەوە سێ سەگ بە کلکە لەقێ دەرکەوتنو زۆر بە کەساسیو هێمنی زەبوونیەوە لەمان نزیك بوونەوە. ئەمانیش چاویان

بڕیە سەگە لانەوازەکانو بەزەییان بە حاڵیاندا هاتەوە. دانا پاش تێڕامانێکی زۆر دەمی هەڵهێناو وتی:

– لەوانەیە ئەمانە سەگەکانی خۆمان بن کە سالانی زوو پارێزگاریان لە ئاژەڵەکانمان دەکرد. یاخود لەوانەیە بەچکەی ئەو سەگانە بن.

سامەیش وەلامی داوەو وتی:

– وەها دیارە دەماننناسنەوە بۆیە بە حەپە حەپ شالاویان نەهێنانە سەرمان. من وای بە باش دەزانم بیاندەینە پێشی خۆمانو لەگەڵ خۆماندا بیانبەین بۆ شار.

– نەخێر ئەمانە لەسەر ئەم ناوچەیە راهاتوونو هەرگیز ئەم دەڤەرە بەجێ ناهێڵن.

دانا بە بێ ویستی خۆی هەنگاوە خاوەکانی بەرەو لای خانووە رووخاوەکەی خۆیانی برد. چاوی بڕیە تێکڕای دارو بەردی داڕماوی هەر کونجێکی ئەو خانووە. یادەوەریەکی زۆری هەبوو لە دڵو دەروونیدا. تەماشای کرد دار تووەکەی نێو حەوشەکەیان بە چاو قایمیەوە هێشتا هەر لە شوێن خۆیدایە. چەند جار خۆیو منالانی گەڕەك بەو دارەدا هەڵگژابوونو تووە زۆرەکەیان چەش کردبوو. خانووەکەیان کەوتبووە ئەوسەری ماڵەکانەوە. لە نێوەڕاستی گوندەکەیشدا دارو بەردو دیواری داڕووخاوی مزگەوتەکەیش بەدی دەکرا. بەعسیەکان هاتنو مزگەوتەکەیشیان دایە بەر شەڤەڵو تێکڕای کتێبە پیرۆزەکانیان خستە ژێر تۆزو گەردو خاکو خۆڵەوە. لەولایشەوە بە هەمان شێوە پاشماوەی قوتابخانە رووخاوەکەیش دەبینرا. لە سەردەمی منالیاندا خۆیو برا گەورەکەی پێکەوە بۆ خوێندن دەچوون بۆ قوتابخانەکە. لە پاشاندا



براکەی بوو بە پێشمەرگەو شەهید بوو. سامەیش لەولایەوە بە چاوی پڕ لە کەسەرەوە تەماشای ئاسەواری گوندە رووخاوەکەی دەکرد، چونکی ئەو لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەم گوندە نەبوو بۆیە هیچ یادگاریو بیرەوەریەکی لە مێشکدا نەبوو. بەس بە تەنیا بۆ کارەساتی گوندەکە خەفەت بار بوو. لەو کاتەیدا کە ئەمان بە نێو خاکو خۆڵو پاشماوەی گوندەکەدا دەسووڕانەوە، لە دوورەوە دەنگی وڕەوڕی هەلیکۆپتەرێکیان کەوتە بەر گوێ. خۆیان قیت کردەوەو دانا وتی:

– با بە زووترین کات خۆمان دەرباز بکەین نەبادا ئەو هەلیکۆپتەرە چاوی پێمان بکەوێتو بمانداتە بەر دەستڕێژ.

بە پەلە هەلاتنو لێژ بوونەوە بۆ نێو چەمە چڕەکەی خوار ئاوایی. گەرچی دارو دەوەنی چەمەکە بۆ چەند جارێك لە لایەن سەربازەکانی بەعسەوە ئاگریان تێبەردرابوو، بەلام زۆری پێنەدەچوو سەوزایی سەر لە نوێ لە لێواری جۆگەلە ئاوەکەدا سەری هەڵدەدایەوە. کۆمەڵێك داری بەردار وەکو هەنجیرو هەڵووژەو دار مێو ریزیان بەستبوو. دارە بەردارەکان داهاتێکی باشیان بۆ خەڵکی گوندەکە دابین دەکرد. لە دەوروبەری گوندەکەیشدا سەوزیەکی زۆر دەڕواو لە پاشاندا دەهاتە بەرهەم. گوندنشینەکان مەڕو مالاتێکی زۆریشیان بەخێو دەکرد کە لە پاشاندا هەموویان لەلایەن پیاوانی بەعسەوە بە تالان بران. ئەوەتا ئێستایش حەیارەی مەڕو مالاتەکانو تەوێڵەی ولاخەکان ئاسەواریان هەر ماوە. شەوان گوندنشینەکان بە خۆیانو سەگە دڕەکانیانەوە پارێزگاریان لە ئاژەڵەکانیان دەکردو، رووبەڕووی گەلە گورگە هارەکان دەبوونەوە کە بێ وچان مرخیان لە مەڕو مالاتی گوندنشینەکان خۆش

دەکردو هێرشیان دەهێنایە سەریان. بە خۆیانو هەگبەکانی شانیانەوە بە خێرایی شۆڕ بوونەوە بۆ نێو چەمەکە. لە ژێر سێبەری دارو دەوەنە چڕەکاندا ئۆقەرەیان گرتو خۆیان لەبەر چاوی فڕۆکەکە شاردەوە. نیگایان بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە تا بزانن ئەو هەلیکۆپتەرە بەرەو کوێ دەڕوات. دەنگەکە زیاتر بە ژوور سەریانەوە بەرز بووەوە. بۆیان دەرکەوت کە ئەو فڕۆکەیە لە باکوورەوە بەرەو شار دەڕوات. خۆیان ماتدا تاوەکو لێیان دوور کەوتەوەو لە چاو بزر بوو. ئەوسا بەوپەڕی سەربەستیەوە دەستیان بەمسەرو بەوسەردا کرد بە چەمەکەدا. لەبەر ئەوەی زۆریان تینوو بوو. بۆیە بینیان نایە ئاوی جۆگەلەکەوەو تێر بە سکیان ئاویان خواردەوە. ئەوسا دانا وتی:

– ئۆخەی نەمردمو بۆ جارێکی تریش ئاوی سازگاری چەمی گوندەکەمانم خواردەوە. ساڵەهای ساڵە بە عەزرەتەوە بووم جارێکی تر لەم ئاوە بخۆمەوە.

خۆرەکە گەیشتبووە نێوەڕاستی ئاسمانو گەرمایی دەکێشا بەسەر ناوچەکەدا. بە تەنیا ئاوو هەوای نێو چەمەکە سازگار بوو. ماندوێتی بە ڕادەیەکی زۆر تەنگی بە هەردووکیان هەڵچنیبوو لە هەمان کاتدا سکیشیان برسی بوو. لەسەر زەویەکە دانیشتنو پریاسکەکانی خۆیان کردەوە کە چەند هێلکەیەکو چەند خەیارو تەماتەیەکو سەلکێك پەنیری گەورەو چەند نانێکی تێدا بوو. لەسەر پارچە پەڕۆیەك خۆراکەکانیان داناو بە کامی دڵەوە کەوتنە خواردنو نیوە ڕۆژەیان کرد. سەگەکانیش لێیان نزیك بوونەوەو بە دەورو بەریاندا بە چاوە ساردەکانیانەوە کەوتنە هەڵڕوانینیان. وەها دیار بوو ئەوانیش هەستیان بە برسێتی دەکرد. دانا



چەند پارچە پەنیرێکی بۆیان هاویشتو ئەوانیش کەوتن بەسەریداو لورفیان کرد. سامە خۆراکەکەی دەخواردو جارو باریش بە چاوێکی پشکنەرانەوە دەیڕووانیە دەوروبەری خۆیان. هاتە قسەو وتی:

– ئێستا لەماڵەوە چاویان لە دووامانداییەو دەرهەق بە ئێمە زۆر نیگەرانن. من وەهام دێتە پێش چاو کە دایکمو باوکم ئێستا ئەوانیش نیوەڕۆژە دەکەنو دڵیان هەر لای منە. بە دووری دەزانم کە بە ئاسانی بتووانن پارووەکانیان قووت بدەن.

– پێیانت وت کە بۆ کوێ دەچین؟

– وتم بەرەو ئەم گوندە دێین.

– ئەوان راو بۆچوونیان چۆن بوو؟

– زۆرم لێ پاڕانەوە کە نەیەم، بەڵام من سوور بووم لەسەر هاتنو وتم قسەم بە دانا داوەوە هەر دەبێت لەگەڵیدا بکەومە ڕێو نەهێڵم بە تەنیا بڕوات.

– برادەری دڵسۆز ئاوەها وەکو تۆ دەبێت. باش بوو لەگەڵمدا هاتیت تاوەکو پارچە زەویەکەی خوار ئاواییت پیشانبدەم کە بەخشیومە بە تۆ. لە راستیدا زەویو زارێکی بە پیتو بەرەکەتەو لە چەمەکەیشەوە نزیکە.

– گەر بۆم لووا ئەوا لە دووا ڕۆژدا هەمووی دەکەم بە سەوزیو، دارو دەوەنێکی زۆریشی تێدا دەڕوێنم.

– منیش بە تەنیشتی زەویەکەی تۆوە سەوزاییەکی زۆر دەهێنمە ئاراوە. ئەوسایش پاڵی لێدەدەمەوەو لە کاتی پشوودانددا یا دەخوێنمەوە یاخود شیعرو هەڵبەست دەنووسم. وەهای تێدەگەم ئەوسایش تۆ هەر

لەگەڵ خواردندا خەریك دەبیتو بەردەوام گەدەت پڕ لە خۆراك دەكەیت..!

پاش لێبوونەوەیان لە خواردن پێڵووی چاوەكانی سامە وێك هاتنو بەسەر زەوییەكەوە لێی راكشا. دانا چارەی گرژ كردو هاواری لێكرد:

— هەڵسە چونكی كاتمان بە دەستەوە نیەو ئێستا كەی وەختی خەوە؟ دەبێت بە زووترین كات كارەكانمان تەواو بكەینو پێش خۆرئاوا بوون بگەینەوە ماڵ.

— زۆرم حەز بە چای خواردنەوەیەو ئارەزووی ئەوەیش دەكەم لە پاشاندا لێی رابكشێمو لە ژێر سێبەری ئەم دارو دەوەنانەدا تێر بخەوم.

— نەخێر بیر لە شتی ئاوەها مەكەوە.

— ناچارم كە بیری لێنەكەمەوە.

— كەی گەیشتینە ماڵ ئەوسا لێی رابكشێو بە ئارەزووی خۆت بخەوە.

پریاسكەكانیان لە رۆخی جۆگەلەكەدا بەجێهێشتو لە چەمەكە دەرچوونە دەرەوە. لە پاش ئەوان سەگەكان سەریان ژەنیە پاشماوەكانیانو قەپیان لێگیر كرد. دانا بە توندی بێڵەكەی بە دەستەوە گرتو بە سامەی وت:

— دایكم زۆر جار شوێنی تفەنگە شاردراوەكەی بۆم وەسف كردووە. ئا ئەوەتا بە پێی وەسفەكەی لەبەر چاومە كە لە ژێر ئەو دار تووە زەبەلاحەی قەراخ گۆڕستانەكەدایە.

— دەتوانین بە دەمە بێڵ دەریبهێنین.

— هەوڵێكی زۆر دەدەین تاوەكو لە ژێر خاكو خۆڵ دەریبهێنین.

— ئەی گوایە ئێستا ئەو تفەنگە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە نەڕزاوە؟



— نەخێر چونكی بە گریس چەور كراوەو لە پاشاندا بە نایلۆنێكی زۆر پێچراوەتەوە.

— تۆ دڵنیایت كە دەیدۆزینەوە؟

— زۆر دڵنیامو بۆ چەند جارێكیش لە خەوندا ئەو تفەنگەم بینیوە. لەبەر ئەوەی لە باوكمەوە بۆم دەمێنێتەوە بۆیە دەبێت پارێزگاریی تەواوی لێبكەمو بە شانازییەوە هەڵیبگرم.

— جا دەتووانیت لە نێو شاردا بیدەیت بە شانی خۆتدا.؟

— زۆرم حەز دەكرد بمدایە بە شانی خۆمداو لە نێو كۆڵانو گەڕەكی شاردا پێوەی بسووڕامایەتەوە، تاوەكو بۆ هەمووان بسەلماندایە كە بە راستی جێنشینو میراتگری باوكی خۆمم. بەڵام بۆم نالوێت بەو كارە هەڵبستم، بۆیە هەركە لە ژێر خاكو خۆڵ دەرمانهێناو چاومان پێكەوت لە پاشاندا سەر لە نوێ دەیگێڕینەوە شوێنەكەی خۆیو بۆ جارێكی تریش گڵ پۆشی دەكەینەوە.

— هەر بە تەنیا بۆ ئەوەندە هاتووین؟

— ئەی گوایە ئەمە كەمە؟ ئا ئەوەتا چاوم بە دێیەكەی خۆمان كەوتەوەو لە پاشانیشدا تفەنگەكەی باوكم بەسەر دەكەمەوەو تێر تەماشای دەكەم. لە هەموویشی گرنگتر دەمەوێت ئەو پارچە زەویەت پیشان بدەم، كە گەر بۆ جارێكی تر گەڕاینەوە لادێ پێشكەشتی دەكەم.

بە پەنجەكانی ئیشارەتی بۆ خوار ئاوایی كردو پارچە زەوییەكەی پیشان دا، كە بە سەرەو لێژی تا دەم چەمەكە دەكشا. درێژەی بە قسەكانی داو وتی:

— ئەو پارچە زەویە ئەوەندە گرانباییە کە بە پارەو پوول ناقەبلێت. بەس مەگەر کەسێکی وەکو من بە برادەرێکی دڵسۆزی خۆی پێشکەش بکات.

هەردووکیان لە ژێر تیشکی خۆرەتاوە گەرمەکەدا بە نۆرە لە ژێر دار تووەکەی تەنیشتی گۆڕستانەکە دەستیان کرد بە دەمە بێڵ وەشاندنو خۆڵ هەڵکەندن. تنۆك تنۆك ئارەقە بە روومەتو لا ملە قەڵەوەکەی سامەدا دەهاتە خوارێ. زۆر بە زەحمەت دەیتووانی بێڵەکەی دەستی لە زەویەکە گیر بکات. تاو نەتاوێك وچانێکیان لێدەگرتو بە چینچکەوە لێی دادەنیشتن. سەگەکانیش سەرسام بوون بەو دیمەنەو وەها دیار بوو ماوەیەکی زۆری بەسەر چوو بوو کە کەسیان لەو گوندە وێرانەدا نەکەوتبووە پێش چاو. لەو کاتەیدا کە بە کارەکەیانەوە خەریك بوون. لە پشتەوە یەکێك هاواری کرد بەسەریانداو لوولەی کلاشنکۆفی ئاراستەیان کرد. ئەمانیش دەستیان شل بووەوەو بە چاوێکی مۆلەقەوە هەڵیانڕووانی. تەماشایان کرد دە کەسی چەکدار کە بە جامانەکانیان رووی خۆیان هەڵپێکابوو لە پشتەوە شالاویان هێناوەتە سەریان. بۆ ماوەیەك هەردووکیان بە تاسا چوونو کەوتنە دیقەتدانی ئەو کەسەی کە لە نزیکیانەوە هاواری بە سەریانا دەکرد. چەکدارەکە لە پێش هاوەڵە چەکدارەکانی تریەوە بوو. زیاتر لە هەردووکیان نزیك بووەوە. ئەمانیش بە واق وڕمانەوە تەماشای چاوو برۆی رەشی چەکدارەکە کرد کە بە ئاسانی نەدەناسرایەوە. چەکدارەکە تفەنگەکەی لە سنگی دانا توند کردو بە تووڕەییەوە پێی وت:

— ئێوە کێنو بۆچی هاتوونەتە ئێرە؟



دانا تووانیی بێتە وەڵامو بڵێت:

— من دانای کوێخا شەوکەتم کە باوکی رەحمەتیم کاتی خۆی کوێخای ئەم گوندە بووە.

— نەخێر راست ناکەیتو ئێوە شتێکی ترن..

— ئەی ئێوە چین؟ نازانم پێشمەرگەن یا جاشن یاخود جەردەو رێگرو پیاو خراپن!؟

— ئاگات لە دەمی خۆت بێتو قسەی زیادوو کەم مەکە. کەی شەوکەت ناوێك هەبووە کە کوێخای ئەم گوندە بوو بێت!؟ تۆ درۆمان لەگەڵدا دەکەیت.

— نەخێر من قسەی راستتان پێدەڵێمو بە دڵنیاییەوە پێتان رادەگەیەنم کە من دانای کوێخا شەوکەتم.

— تۆ بەردەوامیت لە درۆ کردن لەگەڵماندا؟

— نەخێر من هەرگیز درۆتان لەگەڵدا ناکەم. ئەگەر ئێوە خەڵکی ئەم ناوچەیە بن ئەوا بە باشی کوێخا شەوکەتی باوکم دەناسن کە کوێخای ئەم دێیە بوو.

— هەتیو درۆمان لەگەڵدا مەکە، چونکی منیش لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەم گوندەم.

— کەواتە ناوی خۆتو باوکتم پێ بڵێ تاوەکو بۆتی روون بکەمەوە کە من هەموو دانیشتووانی ئەم گوندە دەناسم.

— ئێستا بە بەر چاوی هەمووانەوە پێت دەڵێم کە من زانای کوڕی حاجی تۆفیقم.

– من حاجی تۆفیقو کوڕەکانی بە باشی دەناسم. هەرگیز کوڕێکی نەبووە بە ناوی زاناوە..

– ئەی کوڕە بچووکەکەی ناوی چی بوو؟

– ناوی رەمەزان بوو.

– ئێستا چ کارەیە؟

– دەڵێن گوایە پێشمەرگەیە.

لێرەدا چەکدارەکە خۆی بۆ رانەگیراو دایە قاقای پێکەنینو جامانەکەی لە رووی هەڵماڵیو روخساری خۆی پیشانی دانا دا. ئەمیش بە گەرمیەوە بەرەو رووی چوو باوەشی پێدا کرد. هەردووکیان بە باشی یەکتریان دەناسیو بە گەرمو گوڕیەوە ئەملاو ئەولای یەکتریان ماچ کرد.

دانا هاتەوە سەر خۆیو هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

– رەمەزان گیان ئەی بۆچی دەڵێیت گوایە ناوت زانایە؟

– راستە ناوم رەمەزانە، بەڵام لە ریزی شۆڕشدا ناوی زانام لە خۆم ناوە.

پێشمەرگەکانی تریش جامانەکانیان لە رووی خۆیان هەڵماڵیو دەستیان بە پێکەنین کرد، وەها دیار بوو هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەم بەزمو رەزمە بووبێتن. داناو سامە چاویان گێڕاو دووان لە پێشمەرگەکانیان ناسیەوە کە خەڵکی گەڕەکی زێویە بوون. هەڤاڵ زانا کە سەرکردایەتیی ئەو دەستە پێشمەرگەیەی دەکرد دەستی نایە سەر شانی داناو پێی وت:

– لە ژێر تیشکی ئەم خۆرەتاوە گەرمەدا خەریکە هەڵدەپرووکێین. با زوو خۆمان دەرباز بکەینو خۆمان بخزێنینە نێو چەمە فێنکەکەوە. هەر



لەوێدا لێی دادەنیشینو باسی هەموو شتێك دەکەین. دانا بێڵەکەی لە ژێر دار تووەکەدا بەجێهێشت. هەموو پێکەوە بەرەو چەمەکە شۆڕ بوونەوە. داناو سامەو هەڤاڵ زانا لە لێواری جۆگە ئاوەکەدا لێی دانیشتن. هەندێك لە پێشمەرگەکانیش لەولاوە دانیشتنو کەوتنە قسە کردن. چەند پێشمەرگەیەکیش چوونە سەر تەپۆلکەیەکی بەرز تاوەکو لەوێدا چاودێری بکەنو ئۆقەرە بگرنو دەوروبەری خۆیان بدەنە بەر نیگا، نەبادا لە ناکاودا دوژمن شاڵاویان بهێنێتە سەرو لە غەفڵەتدا دەستیان لێ بووەشێنن. بایەکی فێنك هەڵیکرد کە ناخی مرۆی بە تەواوەتی دەبووژاندەوە. دانا هەر لە مێژەوە خەونی بەم شوێنەو بەم دانیشتنەوە دەبینی، ئەوەتا دەرفەتێکی بۆ رەخساو ئاواتە دێرینەکەی هاتە دی. بەڵام هەرچەند دەیڕووانیە ئاسەواری ئەو گوندە خاپوورە، دڵو دەروونی دەگوشراو زامەکانی ناخی دەکولایەوە. هەڤاڵ زانا لە دانای پرسی:

– راستو رەوان پێم بڵێ بۆچی بەم سەرکێشیە هەڵساونو لە پێناوی چیدا رووتان کردۆتە ئەم ناوچەیە!؟

– تۆ وەکو کوڕی گوندەکەمان بە باشی من دەناسیت. ئەوەتا کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتۆتە سەر کە ئۆجاغی کوێخا شەوکەتی باوکم کوێر نەکەمەوە.

– مەبەستت لەم قسەیەت چییە؟

– پێش ئەوەی بنەماڵەکەمان هەڵبێنو روو لە شار بکەن، باوکم لە ژێر ئەو دار تووەدا کوڵە بڕنەوێکی شاردۆتەوە.

– لەوانەیە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە ئێستا ژەنگی هەڵهێنابێت‌و رزابێت.

– بە گریس چەور کراوەو بە نایلۆنیش پێچراوەتەوە. ئێستایش هاتووین تاوەکو شوێنەکەی هەڵکۆڵین‌و ئەو چەکە دەربهێنین. کاتی خۆی ئەو چەکە وەکو خەڵات‌و رێزلێنانێك لە لایەن شۆڕشەوە پێشکەش بە باوکم کراوە.. بەڵام من ئێستا لە ئاستی خۆمەوە دەمەوێت پرسیارێکتان ئاراستە بکەم‌و بزانم کە ئایا ئێوە سەر بە چ لایەنێکن.؟ داخۆ ئێوە پێشمەرگەی ئەملان یاخود ئەولا.؟

هەڤاڵ زانا پێکەنی‌و لە وەڵامدا وتی:

– پێت ناڵێین کە سەر بە چ تەرەف‌و لایەنێکین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە پێشمەرگەی کوردستانین.

– ئەم قسانەم پێ خۆشەو منیش ئومێدەوارم بە بێ فەرق‌و جیاوازی هەموو یەك ریزو تەبابن.

دوو پێشمەرگە لەولاوە ئاگرێکیان بە پووش‌و پەڵاش کردەوەو قۆریەکیان خستە سەری بە مەبەستی چایە لێنان. هەڤاڵ زانایش بە سامەی وت:

– دەزانم کە نانتان خواردووەو نیوەڕۆژەیشتان کردووە. وەها دیارە ئێستایش حەزتان لە چایەیە.

سامە رەنگ‌و رووی گەشایەوەو وتی:

– سەرم زۆر دێشێت. گەر کوپێك چایە بخۆمەوە ئەوا ئێش‌و ئازاری سەرم هەمووی دەڕەوێتەوە.

هەڤاڵ زانا پێکەنی‌و وتی:



– ماوەیەکی زۆرە ئێمە لە دوورەوە چاودێریی جم‌و جۆڵی ئێوە دەکەین. تەنانەت ئاگامان لەوەیش بوو کە لە کاتی رەتبوونی هەلیکۆپتەرەکە بە ئاسمانەوە، هەردووکتان بە پەلە هەڵاتن‌و لە نێو چەمەکەدا خۆتان مەڵاس دا.

هەڤاڵ زانا ئیشارەتی بۆ دوو پێشمەرگە کرد کە بچن‌و بکەونە خاك‌و خۆڵ هەڵکەندن لە ژێر دار تووەکەدا، تا لە ئەنجامدا بتوانن تفەنگەکە دەربهێنن‌و لەگەڵ خۆیاندا بیهێنن. دوو پێشمەرگەکەیش کەوتنە خۆیان‌و رۆیشتن. لە ژێر تیشکی گەرمی خۆرەتاوە سووتێنەرەکەی ئەو نیوەڕۆ گەرمەدا دەستبەکار بوون. کەوتنە دەمە بێڵ لێدان‌و خاك‌و خۆڵ لابردن.

هەڤاڵ زانا شانی لێدایەوەو کەوتە سەر ئانیشك‌و لە دانای پرسی:

– هەواڵی شاری کەرکوك لە چیدایە؟

– خەڵکی شار لە دۆزەخدا دەژین‌و دەوڵەت بە تەواوەتی تەنگی پێهەڵچنیون. گەنج‌و لاو نەماون‌و هەموو یا سەربازن یا هەڵاتوون یاخود کوژراوو بریندارن. شەوانیش بەعسیەکان لە ناکاودا هەڵدەکوتنە سەر ماڵان‌و، پیاوە بە تەمەنەکان دەستگیر دەکەن‌و بە تۆپزی دەیانکەن بە جەیشی شەعبی. نازانم ئەم بارو دۆخە تاکەی بەردەوام دەبێت؟

– بە رای هەمووان دووا رۆژی ئەم شەڕە بێهوودەیەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە زۆر تەم‌و مژاویە. کەس ناتووانێت ئاکامی ئەم شەڕە بداتە بەر مەزەنە یاخود کۆتاییەکەی دەستنیشان بکات.!

– لە شاریشدا هەمووان هەر دەپرسن‌و دەڵێن کەی‌و چۆن ئەم شەڕە خوێناویە کۆتایی پێدێت؟

زۆری پێنەچوو سێ کوپی پڕ لە چاپە لە لایەن دوو پێشمەرگە لاوەکەوە ئامادە کران‌و لە بەردەم هەرسێکیان داندران. بە دەم چای خواردنەوە گەلێك یادگاری‌و بیرەوەریی کۆن هێنرانەوە یاد. بە تایبەتی تەمەنی داناو زانای کۆنە هاوەڵی لە یەکترەوە نزیك بوو، لە سەردەمی منالیشدا لە قوتابخانەدا پێکەوە دەیانخوێند. دانا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد لە جێی خۆیدا نەبزوێت‌و لەو شوێنەدا هەڵنەستێت. لە کەش‌و هەوایەکی شیاوو لە باردا لە لێواریی ئاوی جۆگەلەیەکەوە لێی دانیشتبوو. کەوتبووە قسەو دەم‌و دوو لەگەڵ برادەرێکی سەردەمی منالیی خۆیدا. یادکردنەوەی بیرەوەریە کۆنەکانیش بە رادەیەکی زۆر دڵ‌و دەروونی دەبووژاندەوە. گەڵای دارو دەوەنەکان بەدەم شنە باوە دەلەرینەوە. مەل‌و پەلەوەرێکی زۆریش بەسەر دارەکانەوە باڵە فڕکێیان دەکردو دەیانجریواند. پاش تاوێك ئەو دوو پێشمەرگەیەی کە کەوتبوونە هەڵکۆڵینی زەویەکە لە پێناوی دۆزینەوەی کولە بڕنەوە شاردراوەکەدا، بە خۆیان‌و گرمۆڵەیەك نایلۆنەوە ئامادە بوون. بزەو خەندە بەسەر لێوانیانەوە نەخشا بوو. گەرچی ئارەقە بە نێو چەوان‌و لا ملیاندا دەچۆڕایەوە، بەڵام بەختەوەر بوون سەبارەت بەوەی کە توانیبوویان تفەنگەکە لە ژێر خاکدا دەربهێنن. ئەمانیش هەرسێکیان بە دانیشتنەوە بەختەوەریەکی زۆر دایگرتن‌و کەوتنە بزەو خەندە. دانا لە هەمووان بەختەوەرتر دیار بوو. ساڵەهای ساڵ بوو چاوەڕوانی ئەم سات‌و کاتەی دەکرد کە بە چاوی خۆی تفەنگەکەی باوکی ببینێت. نایلۆنەکە لە چەند لایەکەوە رزیبوو یا زەرد هەڵگەڕابوو. هەرکە لەسەر زەویەکە هەموو نایلۆنەکە لابراو دوور خرایەوە، تفەنگە بڕنەوەکە دەرکەوت کە فیشەك



دانێکیشی بە تەنیشتیەوە داندرابوو. کاتێك تفەنگەکەیان هەڵگرت بۆیان دەرکەوت کە هێشتا هەر وەکو خۆی ماوەتەوەو ژەنگی هەڵنەهێناوە. دانا بۆ ماوەیەك تفەنگەکەی بە دەستەوە گرت‌و ئەمدیوو ئەودیوی کردو لێی ورد بووەوە. بۆ چەند جارێك میلەکەی هێنایەوەو بە باشی هەمو بەشەکانی بە پەڕۆیەك پاك کردەوە. شانازی بەوەوە کرد کە توانیبووی تفەنگەکەی باوکی بە دەست بهێنێتەوە. بە هەر حاڵ ئاکامی سەرکێشیەکەی‌و ماندوو بوونەکەیان بە فیڕۆ نەچوو. هەڤاڵ زانا لە دانای پرسی:

– ئێستا تۆ ناتووانیت ئەم تفەنگە لەگەڵ خۆتدا بەرەو شار بۆ ماڵی خۆتانی ببەیتەوە. گەر لە رێگادا بە تفەنگەکەوە بتانگرن ئەوا حیسابی پێشمەرگەتان لەگەڵدا دەکەن‌و بێ سێ‌و دوو هەردووکتان لە نێو دەبەن. ئەم قسانە کاری تەواویان کردە سەر هزرو بیری داناو کەوتە سەرە لەقێ‌و پرسیار کردن‌و وتی:

– جا بە ڕای تۆ چی لەم تفەنگە بکەین باشە؟ داخۆ لە شوێنەکەی خۆیدا بۆ جارێکی تر بیشارینەوە باشتر نییە؟

– نەخێر. گەر ئەمجارەیان بیخەینەوە ژێر خاك‌و خۆڵ، بێگومان پاش ماوەیەکی کەم دەڕزێت‌و لە کار دەکەوێت.

– ئەی تەگبیر؟

– هەڤاڵێك بڕیاری داوە بێتە ریزمانەوە. من وەهای بە باش دەزانم ئەم تفەنگە پێشکەش بەو هەڤاڵە بکەین.

– من رازیم بەو راو تەگبیرەی تۆ، بەڵام بە مەرجێك ئەو هەڤاڵە گەر سەر بە هەر لایەنێك بێت پێویستە پارێزگاری لەم چەکە بکات.

لە قسەکانی بووەوەو بە پەلە لە جێگاکەی خۆی ڕاپەڕی. سامەی برادەری‌و هەڤاڵ زانایش هەردووکیان هەڵسان‌و کەوتنە سەر پێ. دانا بە سامەی وت:

– هەتا زووە بکەوینە خۆمان‌و ڕێی گەڕانەوە بگرینە بەر. دەبێت پێش ئاوا بوونی خۆر خۆمان بگەیەنینە ماڵ.

ئاوڕێکی لە زانای برادەری دایەوەو باوەشی پێدا کردو وتی:

– تکایە باش پارێزگاری لەم تفەنگە بکەن.

ئەویش دڵنیای کردەوەو وتی:

– ترست نەبێت بە پێی توانا داواکاریەکەت جێ بە جێ دەکرێت.

هەردووکیان خوا حافیزیان لە پێشمەرگەکان کردو بەرەو خوار هەنگاویان نا. پێش ئەوەی دوور بکەونەوەو لە چاو بزر بن، هەڤاڵ زانا بە دەنگێکی بەرز پێیانی وت:

– بە ڕێگاکەتانەوە زۆر ئاگادارو وریا بن. لە لای کەسیش باسی ئەم دانیشتنەی ئێمە مەکەن.

دانا دەستێکی بەرز کردەوە وەکو ئەوەی برادەرەکەی دڵنیا بکاتەوە کە بە پێی پێویست دەجووڵێنەوە. ڕێگایان بڕی‌و کەوتنە سەر یاڵە بەرزەکەوەو ئاوڕێکیان لە دووای خۆیانەوە داو ناوچەکەیان دایەوە بەر نیگا. بۆ دووا جار ڕووانیانە گوندە خاپوورەکەو لەو کاتەیشدا پێشمەرگەکان لە چاو بزر ببوون‌و نەدەبینران. هەورازو نشێوێکی زۆریان بڕی‌و پاش دەمەو عەسر گەیشتنە گۆماوەکەی چەمی خۆشی. ئارەقەیەکی زۆریان دەردابوو. بە ڕادەیەك هەموو لەشیان بە ئارەقە تەڕ ببوو. ماندوێتی بڕستی لێیان بڕیبوو. هەڵۆێستەیەکیان بە دیار



گۆماوەکەوە کرد. پاش ئاو خواردنەوە لە کانیاوێکی بچووك خۆیان ڕووتکردەوەو کەوتنە مەلە کردن لە نێو ئاوی گۆماوەکەدا. ئاوە فێنك‌و سازگارەکە فێنکاییەکی بە لەشە ماندووەکەیاندا هێنایەوە. ماوەیەکی زۆر لە نێو ئاوەکەدا نەمانەوە. وەهایان بە باش زانی بە پەلە بکەونە خۆیان‌و بەر لە ئاوا بوونی خۆر خۆیان بگەیەننە نێو شار. گورج خۆیان لەبەر کردو بە پیادە بە نێو چەمەکەدا دەستیان بە ڕۆیشتن کرد ئەمجارەیان باریان سووك بوو، چونکی هەگبەی شانیان‌و بێڵەکەیان لە نێو گوندە ڕووخاوەکەدا بەجێهێشتبوو. گەیشتنە خوارووی چەمەکە کە لەوێدا چەمەکەو خڕی خاسە یەکانگیر دەبوون. کەناری ڕۆژئاوای خڕی خاسەیان گرتە بەر، چونکی لەو کەنارەدا سەربازو پیاوانی دەوڵەت نەبوون. پاش ڕێ بڕینێکی زۆر لەگەڵ دەمەو مەغریبدا هەردووکیان گەیشتنە ماڵی خۆیان.

– ١١ –

هەموو ڕۆژەکانی ساڵ لە سەردەمی جەنگ‌و شەڕو شوڕو زەبرو زەنگی بەعسیەکاندا وەکو یەك وەها بوون. هەموو دەرگاو پەنجەرەکان لە ڕووی خەڵکیدا داخرا بوون. ئازادی‌و سەربەستی بە تەواوەتی لە هەموان

زەوت کرابوون. کەسیش بۆی نەبوو بڵێت بۆچیو لەبەرچی یاخود دەمی هەڵبهێنێت تاقە پرسیارێك بكات. خەندەو پێکەنین لە روخساری کەسدا بە دی نەدەکراو بە تەواوەتی دوور کەوتبوونەوەو تۆرا بوون. دایکانو باوکان لە دڵە راوکێدا بوونو شەوان چاویان نەدەچووە خەو. بە تایبەتی ئەو خانەوادانەی کە کوڕێکیان لە بەرەی جەنگدا بووایە، بە تەواوەتی ئۆقەرەیان لەبەر بڕا بوو. بە شەو لە نێو جێگاکانیدا هەر ئەمدیوو ئەودیویان دەکردو زۆر جاریش خەونی ناخۆشو تەڵخیان بە کوڕەکانیانەوە دەبینی. هەر وەخت لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بوون لە دەرگایان بدرێتو هەواڵی کوژرانی کوڕەکەیانیان بدرێت بە گوێدا. هەموو شارەکان بە بێ جیاوازی خامۆشی دایانی گرتبوون هەروەکو ئەوەی خۆڵی مردوویان بەسەردا رژا بێت.

وەکو هەر سەر لە بەیانیەکی تر هەردوو هاوەڵ وەکو دوو کەسی سەر لێشێواوی ئارام لەبەر بڕاو کەوتبوونە خۆیان. پاسکیلەکانیان ئامادە کردبوو بە مەبەستی ئەوەی مل بنێنو بەرەو قەراخی شار بکەونە رێ. وەهای بۆ دەچوون کە دوور کەوتنەوەیان لە واژە واژی تێکچرژاوی شار جۆرە ئارامیو دڵنەواییەکیان پێدەبەخشێت. لە هەردووماڵیشدا کە دراوسێی یەکتری بوون بۆڵە بۆڵی دایکەکان بە بێ هوودە دەدرا بە بەر گوێی ئەو دوو لاوە ئارام لەبەر بڕاوەنەدا. هەردوو دایك زمانیان سووا بوو ئەوەندە رێنماییو ئامۆژگاریی ئەو دوو لاوە سەرکێشەیان کردبوو. هەردووکیان بە پاسکیلەکانیانەوە لە دەرگای ماڵیان دەرچوونە دەرەوە. تەماشایان کرد لە ئاستی ماڵی مەلا حەمیدو خاڵۆ حەمەدا قەرەباڵخیەك ئاپوورەی بەستووە. ژنو منالێکی زۆریش بێ هوودە تەماشای لۆریەکی



وەستاو دەکەن لە نێو کۆڵانەکەدا. ئەو دیمەنە کاری تەواوی کردە سەر دڵو دەروونی ئەم دوو لاوە. هەر زوو زانیان ئەمجارەیشیان پێشهاتێکی ناهەموار کۆڵانو گەڕەکەکەیانی گرتۆتەوە. تەکانیان بە پاسکیلەکانیان داو بە پیادە بە تەنیشتی پاسکیلەکانیاوە خۆیان گەیاندە ئاستی قەرەباڵخیەکە. بینیان لۆریەکی گەورە پشتی لە ماڵی خاڵۆ حەمە کردووەو گەورەو بچووکیش بە شتو مەکی ماڵەکە لۆریەکە بار دەکەن. خاڵۆ حەمەیش لە نێوان شۆفێرێكو دوو رەفیق حیزبیی بەرگ زەیتوونی بە کەساسیو زەبوونیەوە وەستاوە. هەردوو بەعسیە سمێڵ ئەستوورە پێست خۆڵەمێشیەکە، دەفتەریان بە دەستەوە گرتبوو بە لەخۆباییەوە تەماشای گواستنەوەی شتو مەکی نێو ماڵەکەیان بۆ نێو لۆریەکە دەکرد. خاڵۆ حەمەیش چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوونو فزەی لە دەمەوە نەدەهاتە دەرێ. ژنو منالە وردەکانیشی سەرقاڵی هێنانی شتو مەکی ماڵەکە بوون بۆ نێو لۆریەکە. مەلا حەمیدیش لەبەر دەرگای خۆیاندا خۆی دابوو بەسەر دار عەساکەیداو بە تووڕەییەوە تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد. دوو زەلامیش لەم لاو لەولایەوە بە بێ دەنگی لێی وەستا بوون. دانا لە مەسەلەکە تێگەیشتو بە باشی زانیی چی روودەدات. مەلا حەمید بە دەنگێکی نزم ویستی زیاتر دانا تێبگەیەنێتو وتی:

– خاڵۆ حەمەیان لە حەپسخانە بەرداوەو، لە سزای ئەوەی کە کوڕەکانی هەڵاتوون ئەوەتا ماڵەکەی رادەگوێزنەوە بۆ شارەکانی سەرەوەو بە ماڵو منالەوە تەرحیلیان دەکەن.

– مامۆستا ئەی چار چییە؟

– هیچ چارەیەك نییە جگە لە بێ دەنگی بەولاوە. گەر زمانمان هەڵبهێنین‌و قسەیەك بکەین بێگومان ئێمەیش بە دەردی ئەم ماڵە دەبەن‌و تەرحیلمان دەکەن.

بۆ ماوەیەك بە تووڕەییەوە دیقەتی ئەو کارەساتە جەرگ بڕەیان داو، نەیانوێرا بێنە قسەو ورتە لە دەمیانەوە دەرنەهات. هەردوو لاو وەکو دوو کەسی ئۆقرە لەبەر بڕاو سوواری پاسکیلەکەیان بوون‌و گەڕەکەکەیان بەجێهێشت. سامە بە دەم ڕێ بڕینەوە پرسیاری کردو وتی:

– ئەم ماڵە لێقەوماوە بۆ کوێ دەبەن؟

– یا بۆ سلێمانی‌و یاخود بۆ هەولێر تەرحیلیان دەکەن.

– خەفەت لەوەدایە کەس بۆی نییە بێتە گۆو قسەیەکی خێریان بۆ بکات‌و پاکانەیان بۆ بکات.

– هەر چییەك بووترێت سوودی نییە. باش بزانە کە ئێمەمانانیش ڕۆژێکی ئاوەهامان لەبەردەمدایە. هەر ڕۆژێك دادێ کە حکوومەت بەهانەیەکمان پێبگرێت‌و شار بەدەرمان بکات. ئیتر ئەو شتەیش دوور بێت یاخود نزیك بە چاوی خۆمان هەر دەیبینین.

خۆرەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەسەر خانووی خوارو خێچی ماڵەکاندا بەرز ببووەوەو ئاسمانی بێگەردیش شینی دەرکردەوە. گەیشتنە ئاستی جۆگەلە باریکەکەی دامێنی باخەکانی ڕۆخی خڕی خاسە. پردە بچووکەکەیان بڕی‌و ڕێچکە ڕێی نێو جێوەی سەوزەکانیان گرتە بەر. لەوسەرەوە قاڵە باخەوانیان لە کەناری خڕەکەدا چاو پێکەوت. لە پاسکیلەکانیان دابەزین‌و لەگەڵیدا کەوتنە قسەو باس. بەسەرهاتی ماڵی



خالۆ حەمەیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش خەم‌و پەژارە دایگرت‌و لە داخانا هەناسەی سووار بوو. پاش ئەوەی هاتەوە سەر خۆی بۆیان دوواو وتی:

– شەوی رابردوو لە نێو ئەم خڕی خاسەیەدا دەنگی تەقەو دەست ڕێژێکی زۆرم کەوتە بەر گوێ. بە پەلە خۆم گەیاندە سەربانی ماڵەکەی خۆمان‌و بەو تاریکییە هیچ شتێکم نەکەوتە پێش چاو. ئیتر نەمزانی مەسەلەکە چییەو چی ڕوویداوە !

دانایش ناخی خۆی هەڵڕشت‌و وتی:

– ئەم بەعسیانە وەکو سەگی هاریان لێهاتووە. بە هیچ شێوەیەك دەستی خۆیان ناپارێزن‌و بە هەموو شێوەیەك خەڵکی ئەشکەنجە دەدەن. مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت لەو تاریکە شەوەدا چییان کردووەو بە چ تاوانێك هەڵساون. ! قالە باخەوان ویستی زیاتر درێژە بە قسەکانی بدات‌و وتی:

– ئەم بەیانییە زووە کە هاتمە سەر باخ. ویستم بە باشی ئەم ناوچەیە بپشکنم‌و بزانم چی ڕوویداوە. ئەوە بوو بە تەنیا لەو ئاستەی بەرامبەرماندا بەسەر زیخ‌و چەوەکەی نێو خڕەکەوە چەند پەڵە خوێنێکم کەوتە پێش چاو..

باخەوانەکەیان بەجێهێشت‌و بە ڕۆخی خاسەدا بە پاسکیل لێخوڕین‌و بەرەو ژوور کەوتن. باخەکان بە درێژایی کەناری ڕۆژهەڵاتی خڕی خاسە سەوزیان دەکردەوە. مەل‌و پەلەوەرێکی زۆریش هەڵدەفڕین‌و لە پاشاندا لە نێو سەوزایی باخەکاندا بە جریوە جریو دەنیشتنەوە. چەند کەپرێکی بە قوڕ دامەزراو لێرەو لەوێ لە نێو باخەکاندا بە دی دەکران، کە دەورو بەریان بە دار تووی زەبەلاح گیرابوو. بەو وەرزی هاوینە هیچ جۆرە ئاوو

تەڕاییەك لە نێو خڕەكەدا بە دی نەدەكرا. بەس بە تەنیا لە وەرزی باو بارانـدا ئاوێكی لێخنی زۆر لە ژووردا دەهاتو، هەندێك جار پڕاو پڕ خڕەكەی دەگرتەوە. ئەو خڕە بە پانیی نزیكەی دوو سەد یاخود سێ سەد هەنگاوێك بە نێو شاردا ڕەتدەبوو. لەمبەرو لەوبەری خڕی خاسەدا ئاسەواری چەند كۆنە ئاسیاوێك مابوون. كە لە سەردەمانی كۆندا خەڵكی شاری رووبان تێدەكردو باراشیان بۆ دەبرد. هەر لەو ئاشانەدا دانەوێڵەی گەنمو جۆ دەهاڕدرانو دەكران بە ئارد. ئەو ئاشانە بە ئاوی جۆگەلەكانی قەراخ خاسە دەكەوتنە كار. ئەوەتا پاشماوەیان بە دی دەكراو بە داڕووخاوی دەبینران. هەریەكەو منارەیەكی بچووكیان هەبوو. ئێستەیش ئەو منارانە بە نیوە داڕووخاوی بە ڕووی ئاسماندا قیت بوونەتەوە. گەیشتنە ئاستی ئاسەواری (ئاسیاوە سورکە)و لە پاسكیلەكانیان دابەزینە خوارەوە. پاش ئەوەی پاسكیلەكانیان لەسەر زەویەكە دانا لە پاشماوەی كۆنە ئاشەكە نزیك بوونەوە. لە سەرەتادا سامە قسەی كردو وتی:

– نەنكم بۆمی گێڕاوەتەوە كە كاتی خۆی لەگەڵ باوكیدا باراشیان هێناوەو هاتوونەتە ئەم ئاسیاوە.

دانا بە پەرۆشەوە پرسیاری كردو وتی:

– نەنكی رەحمەتیت چی تری لە بارەی ئەم ئاسیاوەوە بۆت گێڕاوەتەوە؟

– دەیوت هەندێك خەڵكی لەبەر قاتو قڕیو برسێتی بە شەوان شاڵاویان دەهێنایە سەر ئەم ئاشانە، بۆ دزینی دانەوێڵەو ئارد تاوەكو سكی ماڵو منالی خۆیانی پێ تێر بكەن.



دوو قەلە ڕەش كە بەسەر لوتكەی منارە داڕووخاوەكەوە هەڵنیشتبوون سەرنجی دانایان راكێشت. سامەیش درێژەی بە قسەكانی داو وتی:

– ئەم منارانەیش كاتی خۆی لە پێناوی ئەوەدا دامەزرا بوون، تاوەكو لە كاتی شاڵاو هێنانی دزدا، خاوەن ئاشەكان سەر بكەونە سەریانو لەوێدا لە بەرزی هاتو هاوار بكەنو، پڕ بە دەم بانگەواز بكەن بۆ ئەوەی خەڵكی بە هانایانەوە بێنو دزەكان راو بنێن.

دانا دایە قاقای پێكەنینو بە سامەی وت:

– ئەم ئاسیاوە سوركەیە مێژوویەكی زۆر كۆنی هەیە. من لە گۆڤاردا خوێندوومەتەوە كە لە نێو شاری پاریسیشدا مەلهەیەكی بەناوبانگ هەیە هەر بەم ناوەوەو پێی دەووترێت (ئاشی سوور).

– جا پەیوەندیی نێوان ئەم دوو شوێنە چییە؟

– هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نییە جگە لە ناوەكانیان نەبێت. هەروەكو ئەوەی خوێندوومەتەوە كە گەلێك لە وێنە كێشانی شاری پاریس وێنەی ئەو ئاشی سوورەیان كێشاوەو شاعیرانیش زۆر بەسەریدا هەڵیانداوە.

– ئەی ئێمە چیمان بۆ ئەم ئاسیاوە سووركەیە كردووە؟

– هیچمان بۆی نەكردووەو مشووریمان نەخواردووە. ئەوەندەم لە سەرە شیعرێكی بەسەردا هەڵدەم. هەروەها هانی كاروانی وێنەكێشی برادەریشم بدەم تاوەكو بێت بۆ ئەم شوێنەو وێنەی بكێشێت. پێویستە چاودێریی لێبكەینو بە هەموو توانامانەوە پارێزگاریی لێبكەین.

دانا نیگای بەرز كردەوەو بە چاوی پڕ لە رقو كینەوە ڕووانیە ئەو دوو قەلەڕەشەی كە بەسەر لوتكەی منارەكەوە نیشتبوونەوە. لە هەمان

کاتدا کۆمەڵە زەردەواڵەیەك لە قەد منارەکەدا ئاڵا بوونو بە هەموو لایەکدا دەفڕینو گیزە گیزیان دەکرد. دانا چارەی گرژ کردو زیاتر رقو تووڕەیی لە ناخیدا چەکەرەی کرد. پڕ بە دەم هاواری کردو وتی:

– ئاسەوارێکی ئاوەها دێرین چۆن دەبێت بەم شێوەیە فەرامۆش بکرێت!؟ ئا ئەوەتا دوو قەلەڕەشی بەدیۆمو نەگبەت بەسەر منارەکەوە نیشتوونەتەوە. لە هەمووی نەنگتر منارەی ئاسەوارێکی ئاوەها کۆن بۆتە شارە زەردەواڵە.! ئاخ لەم هەموو بەدبەختیو چارە رەشیە.! ئێستا ئەرکی سەر شانی ئێمە ئەوەیە کە قۆڵی لێهەڵماڵینو منارەی ئەم ئاشە کۆنە لەم زیندەوەرە نەگبەتو زیانبەخشانە پاك بکەینەوە..!

بە هەنگاوی گورج بەرەو لای پاسکیلەکەی چوو. دەستی بردو دار دەستە شەتەك دراوەکەی لە قەد پاسکیلەکەی کردەوەو گەڕایە دوواوە. سامەیش دەمی داچەقاندبوو بەسەر سوڕمانێکی زۆرەوە تەماشای برادەرەکەی دەکردو لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– ئەی خوا هاوارم بە تۆ.! ئەم برادەرەی من مەبەستی چییەو دەیەوێت چی بکات!؟

دانا دارەکەی بە توندی هەڵگرتو دەستی لێهەڵبڕیو کەوتە لێدانی کونە زەردەواڵەکەی قەد منارەکە. بە هەموو توانای خۆیەوە کەوتە وێزەی زەردەواڵە زۆرەکەی قەد منارەکە. هەردوو قەلەڕەشەکەیش سڵەمینەوەو دایان لە شەقەی باڵو هەڵفڕین. بە پەرۆشەوە دارەکەی دەکێشا بە قەد منارەکەدا... ئاوڕێکی لە سامەی برادەری داو پێی وت:

– وەرە لەگەڵمدا یارمەتیم بدە، تاوەکو ئەم دڕندە زەرەرمەندو زیانبەخشانە لە نێو بەرین.



سامە لە دوورەوە بە واق وڕمانەوە تەماشای برادەرەکەی دەکردو بەو رەفتارەی برادەرەکەی عاجباتی دەهات. دەمی کردەوەو بە دانای وت:

– وەها چاکە وازیان لێبهێنیت، ئەگینا ئەو زەردەواڵانە چزوویان لە جەستەت گیر دەکەنو پێتەوە دەدەن.

دانا بە تووڕەییەوە وەڵامی داوەو وتی:

– تۆ بێ مێشکیتو بە باشی لە دنیا تێناگەیت. ئەم زیندەوەرانە ژەهر لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرنو دەبنە مایەی نەگبەتیو نەهامەتی بۆ شارەکەمان. خۆزگە دڵسینە لێرەدا دەبووو چاوی پێمەوە دەبوو..!

لەم قسانەی بووەوەو زیاتر دارەکەی دەستی کێشا بە قەد منارەی ئاشە کۆنەکەدا. لە پڕ بە پشتا هاتو کەوتە سەر زەویەکە.. تووانیی بە پەلەپرووزێ هەڵسێتە سەر پێو لە منارە نیوە داڕووخاوەکە دوور بکەوێتەوەو، لەو هەموو زەردەواڵە ورووژاوانەیش خۆی رزگار بکات. گەڕایە دوواوەو دار دەستەکەی گێڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆیو بە قەد پاسکیلەکەوەی بەست. هەردووکیان سوکانی پاسکیلەکانیان بە دەستەوە گرتو بەسەر پێ خۆیان دوور خستەوە. دانا تەماشایەکی دەستەکانی خۆی کردو هەستی کرد لە دوو لاوە هەردوو دەستی سوور هەڵگەڕاونو بەر چزووی زەردەواڵە تووڕەکان کەوتوون. ئێشو ئازار هەردوو دەستی گرتبووەوە. بە باشی تەماشایەکی دەستەکانی خۆی کردو وتی:

– لە دوو لاوە زەردەواڵەکان بە هەردوو دەستمیانەوە داوە.

زۆر قسە لە مێشکی سامەدا پەنگیان خواردبووەوە. هەر ئەوەندەی لە دەم دەرچوو کە وتی:

– لە خۆڕاییی خۆت تووشی ئەم کێشەیە کرد. بەختت هەبوو کە زەردەواڵەکان بەسەرو پۆتەڵاکتیانەوە نەدا، ئەگینا ئێستا سەروسەکوتت دەئاوسا.

سوواری پاسکیلەکانیان بوونو بە نێو باخەکاندا کەوتنە لێخوڕینیان بەرەو ماڵی خۆیان.

– ١٢ –

لە کاتی چێشتەنگاودا بوو کە وەکو پیشەی هەر ڕۆژانێکی تریان بە شێوەی دوو سووار چاکی سەردەمی تازەو نوێ، خاکو خۆڵی کۆڵانی گەڕەکەکەیان خستە ژێر تایەی پاسکیلەکانیانو بە پایدەر لێدان بەرەو پێشەوە ملیان نا. گەیشتنە ئەو ڕاستە ڕێیەی کە دەرگای ریزە ماڵەکان دەیانڕووانیە باخەکانی کەناری خاسە. بەو بەری ڕێگاکەوە لە بەردەم



ریزە ماڵەکاندا مزگەوتەکە بە تاکو تەنیا ئۆقرەی گرتبوو. دەرگای مزگەوتەکە دەیڕووانیە دەرگاکانی ریزە ماڵەکانی بەرامبەری، لە پشتی مزگەوتەکەیشەوە باخەکانی کەناری خاسە سەوزیان دەکردەوە. کاتێك لە دەرگای مزگەوتەکە نزیك بوونەوە سامە یەکسەر هەڵوێستەیەکی بۆ کردو لە پاسکیلەکەی دابەزیە خوارەوە. دانایش ناچار بوو چاو لەو بکاتو پاسکیلەکەی بووەستێنێتەوەو لێی بپرسێت:

– چیت کەوتەوە بیر تاوەکو لەم چەقی ڕێیەدا بووەستیتەوە؟

– ڕاستیەکەی سکم کەوتە ئێشو وەهای بە باش دەزانم کە خۆم بە مزگەوتدا بکەم بۆ ئەوەی دەست بە ئاو بگەیەنم.

– ئەی نەدەبوو لە ماڵەوە دابنیشتیتایە؟

– لەو بڕوایەدا نەبووم لە ناکاودا تووشی سك ئێشە بم.

– ئێستا دەتەوێت چی بکەین؟

– دەبێت بەخۆمانو پاسکیلەکانمانەوە بچینە نێو مزگەوتەکەوە.

– باشە با بە قسەی تۆ بکەین.

یەك لە دووای یەك بە خۆیانو پاسکیلەکانیانەوە چوونە نێو حەوشەی مزگەوتەکەوەو لە پەنایەکدا پاسکیلەکانیان لەسەر تایەکانیان ڕاگرت. یەکسەر فەقێ موتەلیب بە بەردەمیانا ڕەت بوو، لە دەرگای مزگەوتەکەوە دەرچووە دەرەوە. ئەم لاوە گرژو مۆنە ریش درێژە کاتی خۆی لەلای مامۆستا حەمیدی مەلای مزگەوتەکە دەیخوێند، بەڵام بۆ ماوەیەك دەچوو کە دوور کەوتبووەو نەدەبینرا. سامە دەستی بۆ پشتێنی پانتۆڵەکەی درێژ کردو بە پەلە خۆی کرد بە ئاودەستخانەکانی مزگەوتەکەدا. جۆگەلە ئاوە باریکەکەی دامێنی باخەکانی ڕۆخی خاسە

بە نێو حەوشەی مزگەوتەکەدا ڕەت دەبوو، لە پاشاندا دیواری مزگەوتەکەی دەبڕیو بەرەو خوار دەبووەوە. دوو دار قەڵەمتۆزی زەبەلاح لە بەردەم هەیوانی مزگەوتەکەدا ڕووا بوون. بە لێواری جۆگەلە ئاوەکەیشەوە چەند دار بییەك ریزیان بەستبوو، کە لە نێوانیاندا گوڵی چەند دار ژاڵەیەك سوور خۆیان دەنوواند. دانا گوێی رادێراو دەنگی مامۆستا مەلا حەمیدی بیست. هەرکە ڕووانیە هەیوانی مزگەوتەکە تەماشای کرد مەلا لەگەڵ مام خالیدی بانگدەردا دانیشتوونو قسان دەکەن. ئەمیش سەڵاوی لێکردنو بە تەنیشتیانەوە دانیشت. بزەیەکی پڕ لە تەوسو تەڵفیسی روخساری مەلای گرتبووەوە. نیگای ئاراستەی چاوەکانی دانا کردو وتی:

– ئەم فەقێ موتەلیبەی کە ئێستا مزگەوتەکەی بەجێهێشت، کاتی خۆی لەلای من دەیخوێند، کەچی ئێستا زۆر جیقڵدانەی تەنگبووەو بە توندو تیژیەوە بە بێ ڕێز لێگرتن لە منی مامۆستایدا لەگەڵمدا دەدوێت. بە هەموو عەقڵیەوە دەیەوێت ئامۆژگاریم بکاتو ڕێنوێنیم بکات..!

مەلا لە قسەکانی وەستایەوەو نەیویست زیاتر درێژە بە قسەکانی بدات. سەرسوڕمانێکی زۆر دانای گرتەوەو بە تەواوەتی لە قسەکانی مەلا تێنەگەیشتو بە چاوی پڕ لە پرسەوە کەوتە تەماشا کردنی مام خالید، مام خالید پێکەنیو لە بری مەلا قسەی کردو وتی:

– ئەم فەقێیە لە ژێر دەستی ئەم مامۆستایە پێگەیشتووە، کەچی ئێستا لە خۆی بایی بووەو بە توندڕەوییەوە لەگەڵ مامۆستا قسە دەکات.. منو مامۆستا ئاگادار دەکاتەوەو زۆر بێ شەرمانە پێمان دەڵێت گوایە ناجائیزە پێبکەنین.!



مامۆستا مەلا حەمید بە حیدەتەوە دەستی بە قسە کردو وتی:

– منیش ڕێم پێنەدا زیاد لەسەر قسەکانی بڕوات، بۆیە بە نیوە دەرکردنێك وەدەرم ناو ئەویش هەڵساو ڕۆیشت.

زۆری پێنەچوو سامەیش هاتو ئەویش بە تەنیشتیانەوە دانیشت. بۆ ماوەیەك ئاخیان هەڵکێشاو لە بارەی تەرحیل کردنو ڕاگواستنەوەی ماڵی خاڵۆ حەمە دووان. خەفەتێکی زۆریان خوارد سەبارەت بەوەی کە دراوسێیەکی گەڕەکەکەیان لە دەست داوە. مام خالید هەندێ سەری باداو بە دەنگێکی نزم وتی:

– لە ڕاستیدا منیش زۆر لە خۆم دەترسم کە بە ماڵو منداڵەوە تەرحیلم بکەن، چونکی حکومەت زۆر چاك دەزانێت کە حوسێنی کوڕم پێشمەرگەیە.

مەلا دڵی دایەوەو وتی:

– خۆت سەخڵەت مەکەو بیدە دەستی خودا.

– مامۆستا بڕیارم داوە لەم ڕۆژانەی داهاتوودا بکەومە خۆم و ڕێ بگرمە بەرو ڕوو بکەمە ناوچەی شوان، بەڵکو چاوم بەو کوڕەم بکەوێتو لەگەڵ خۆمدا بڕێك پارەو خەرجی بۆ بەرم.

داناو سامە هەڵسانە سەر پێو خواحافیزییان کرد. بە خۆیانو پاسکیلەکانیانەوە لە دەرگای سەرەکی مزگەوت دەرچوونە دەرەوە. لە کۆڵانەکەدا چاویان بە پۆستەچییەکە کەوت کە چانتایەك پڕ لە نامەی بە پاسکیلەکەیەوە هەڵگرتبوو. بە ڕوخساریەوە دیار بوو کە بە پێی ناوو نیشانی قەد نامەکان بە دوای ئەو ماڵانەدا دەگەڕێت کە نامەکانیان بۆ هاتووە. دانا ڕێی پێ گرتوو لە ئاستی خۆیان وەستاندیو لێی پرسی:

– داخۆ هیچ نامەیەکم لە دڵسینەوە یاخود لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانەوە بۆ نەهاتووە؟

ئەویش بە شێوازی دەمو دووی ڕۆژانی پێشووی بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوەو وتی:

– هیچ نامەیەکت لە هیچ لایەنێکەوە بۆ ڕەوانە نەکراوەو بڕوا ناکەم هیچ کاتێکیش نامەو پەیامت بگاتە دەست.

– وەها دیارە تۆ ناتەوێت پێمی بگەیەنیت!؟

– نەخێر. بەڵکو هیچ کەسێك خۆی ماندوو ناکات تاکو نامەو پەیامت بۆ بنوسێتو بۆتی ڕەوانە بکات.

– بەهەر حاڵ من هەر چاوەڕوانم.

– منیش ئاواتە خوازم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نامەیەکت بگەیەنمە دەست.

کابرای پۆستەچی لە قسەکانی بوەوەو گوڕی دایە بەر خۆیو بە سواری پاسکیلەکەی دوور کەوتەوە. ئەمانیش بە سواری پاسکیل ڕێیان بڕیو خۆیان گەیاندە چایخانەکەی یادگار. پێش ئەوەی دابنیشن سەمەدی شاگردی وەستا برزۆ لێیان نزیك بووەوە. بە ڕەنگو ڕووی منداڵانەیەوە دیار بوو کە قسەو باسێکی گرنگی پێیە. بە دەنگێکی نزمی پڕ لە ترسەوە پێیانی وت:

– ڕەفیق ئەبو سوفیان ئێستا بە ئێرەدا ڕەت بوو کە سێ کەسی دابووە پێش خۆی.

دانا پرسیاری ئاراستە کردو وتی:

– ئەو کەسانە کێ بوونو بۆچی دەستگیر کرابوون؟

– نەیانم ناسیو بەس ئەوەندە دەزانم کە هەرسێکیان راپێچ کرابوون.



هەر لەو کاتەدا بوو وەستا برزۆی تکەچی بە دیار گڕو دوکەڵی مەقاڵەی گۆشت برژاندنەوە بوو، هاواری لە سەمەدی شاگردی کردو بۆ لای خۆی بانگی کرد. لە نێو چایخانەکەدا بە تەنیا چووار پیاوی پیر دانیشتبوونو بە شێنەییو ئارامییەوە لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد. هەموو خەڵکی چەکەرەیان لە ڕەفیق حیزبییە زەیتونی لەبەرەکان دەکرد، هەرکە لە دوورەوە دەربکەوتنایە ئیتر یەکسەر خەڵکی رووی خۆیان گرژ دەکردو پێچیان دەدایەوە، نەبادا رووبەڕوویان ببنەوەو چارەیان ببینن. هەمیشە ئەو بەعسیانە کارو پیشەیان ئەوە بوو بە نێو گەڕەكو بازاڕدا سووڕ بخۆنەوەو، بە ناهەق ئەمو ئەو تووش بکەنو گێچەڵ بە دانیشتوانی گەڕەکەکان بکەن. هەندێك جار بە ناهەق یەخەی یەکێکیان دەگرتو بەهانەو بڕو بیانوویەکیان بۆ دەدۆزییەوە، ئەویش لە پێناوی ئەوەیدا گیرفانیان هەڵبتەکێننو پارەو پوولیان لێ بسێنن. ئەو هەواڵەی کە لە لایەن ئەو منداڵەوە درایە بەر گوێیان لە ڕۆژگارێکی پڕ وەیشومەی ئاوەهادا شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام کاریگەرێتی هەواڵێکی ئاوەها بۆ سەر کەسێکی وەکو دانا شتێکی کەم نەبوو. بۆ ئەوەی بزانن چی روویداوەو جارێکی تریش سوواری پاسکیلەکانیان بوونەوەو بە سەر جادە قیرەکەدا بەرەو خوار بوونەوە. لێرەو لەوێ پیاوی بە ساڵاچوو یاخود ژنو منداڵ بە دی دەکران کە بەسەر شۆستەکانەوە دەهاتنو دەچوون. جارو باریش ئۆتۆمبێلێك بە خێرایی بەسەر شەقامەکەدا دەڕۆیشت. کەشو هەوای ئەو رۆژە هەتا دەهات بەرەو گەرمی دەکشا. ئارەقە بە لا ملی سامەدا دەتکایەوەو لە هەمان کاتیشدا لە ناخەوە هەستی بە جۆرە نائومێدییەك دەکرد. لە ماڵەوە زۆر بەسەر کۆنەی

هەڵدەستانو بە روویدا هەڵدەشاخانو مێشکی لە قسەو ئامۆژگارییی دایکو باوکی پڕ ببوو. سەر زەنشتی ئەوەیان دەکرد کە ئایا تا کەی بە بێ هوودە بە دوی دانای کوێخا شەوکەت دەکەوێت.؟ هەردەم دەیاندا بە بەر گوێیدا کە رۆژێك دێت توش بێنو دەرباز بوونیان مەحاڵ بێت. لەو شوێنەیدا کە جادە قیرەکە بەرەو بازاڕی عاشوور لێژ دەبووەوە، گەیشتنە ئاستی رەفیق ئەبو سوفیان. تەماشایان کرد بە لەخۆباییەکی زۆرەوە سێ کەسی وەکو مەڕ داوەتە پێش خۆی. ئەو بەعسیە بەوەوە دەنازی کە جلو بەرگی زەیتونی لە بەردایەو دەمانجەیشی خستۆتە قەد خۆیو دەفتەرێکی پڕ لە ناوی ئەمو ئەویشی بە دەستەوە هەڵگرتووە. لە پاسکیلەکانیان دابەزینو دانا هەر وەکو ئەو پیاوەی پێشتر ناسیبێت سڵاوی لێکرد. ئەویش بە لا لوتێکەوە بە زمانی عەرەبی وەڵامی دایەوەو وتی:

– ها بڵێ چیت دەوێت؟

– دەمەوێت بڵێم بۆچی ئەم سێ کەسەت دەستگیر کردووە؟

– تۆ هەقی ئەم شتەت نەبێتو بە رێی خۆتەوە برۆ.

– من خراپ ناڵێمو بەڵکو پرسیارێکت لێ دەکەم.

سێ زەلامە دەستگیر کراوەکانیش بە بینینی داناو سامە روویان گەشایەوەو کەوتنە قسە کردن لە نێو خۆیاندا. رەفیق ئەبو سوفیان ویستی دانا لە سەرجەم مەسەلەکە ئاگادار بکاتەوە لە سەرەتادا پەنجەی بۆ یەکێك لەو سێ کەسە درێژ کردو وتی:

– ئا ئەمەیان بە کارو باری گەوادی هەڵدەستێت.



کابرایش رەنگو رووی سوور هەڵگەڕاو بەرپەرچی ئەو قسەیەی داوەو وتی:

– نەخێر من هەرگیز بە کاری گەوادی هەڵنەستاوم. بەڵکو نامەو پەیامی کوڕو کچی عاشقم هێناوەو بردووە.

دانایش پشتگیری لەو زەلامە کردوو وتی:

– ئەم پیاوە ئیشێکی خراپی نەکردووە، بەڵکو وەکو دەلیلی خێر ئەو کارانەی بە ئەنجام گەیاندووە. بە نییەتێکی سافو بێگەردەوە ویستویەتی عاشقانو ئەوینداران جووت بکاتو لە یەکەوە نزیکیان بکاتەوە.

کابرای بەعسی دەستی بۆ دووەمیان درێژ کردوو وتی:

– ئەمەیان نا مەزەبو گومڕایە، چونکی لە سواڵکەرێکی کوێری قورئان خوێنی داوە..

زەلامەکە هاتە وەڵامو وتی:

– من لەو کوێرەم نەداوە، بەڵکو پێم وتووە کە تۆ کابرایەکیت دەنگت ناخۆشەو دووەمیش خوێندنی شتی پیرۆز بۆ سواڵکردن مەخە کار...

دانا پشتگیری لەمیشیان کردو وتی: ئەمیشیان هەر خەتابارو تاوانبار نییەو بە هیچ کلۆجێکیش گومڕا نییە، چونکی پارێزگاریی لە پیرۆزییەکان کردووە.

کابرای حیزبی دەستی بۆ سێیەم کەس لەو دەستگیر کراوانە درێژ کرد، کە لاوێکی باڵا بەرزی شانو مل ئەستوور بوو وتی:

ئەمەیان خۆی بە شەقاوەو شەلاتی دەزانێت، دەچێت بە تۆپزیو بە زۆری زۆردارەکی خاوە لە خەڵکی دەوڵەمەند دەستێنێ.

لاوەکە نێو چەوانی خۆی گرژ کردو بەو قسانە قەرس بوو. توورەیی بە ئاسانی بە رەنگو روویەوە دەخوێنرایەوە. ئەمیشیان بەرپەرچی ئەو قسانەی داوەو پاکانەی بۆ خۆی کردو وتی:
– من بە شتێکی خراپ هەڵنەستاومو تاوانم دەرهەق بە کەسیش ئەنجام نەداوە، بەڵکو موحتاجی پارە بوومو روومکردە لای کابرایەکی پیسکەی دەوڵەمەندو داوای یارمەتیم لێکرد، کەچی سەرەڕای دەوڵەمەندیەکەی بە درۆ سوێندی خواردو وتی گوایە نییەتی. منیش گرتم بە یەخەیداو دوو سێ مشتەکۆڵەم کێشا بە سەرو گوێلاکیدا.
بۆ جارێکی تریش دانا پشتگیریی خۆی بۆ ئەم لاوە دەربڕیو وتی:
– ئەمیشیان خەتابار نیەو تۆ بە ناهەق گرتوتە، چونکی پێویستی بە یارمەتی هەبووەو ئەو کابرا دەوڵەمەندەیش بە درۆ سوێندی خواردووەو دەستی یارمەتی بۆ ئەم لاوە موحتاجە درێژ نەکردووە.
دانا بە دەستێکی پاسکیلەکەی بە تەنیشتی خۆیەوە راگرتبوو، رووبەڕووی بە کابرای بەعسی وەستابووو دەدووا. لەولایشەوە سامە شان پان بە مۆنیو مڕو مۆچیەوە دەیڕووانیە کابرای بەعسی. لە پڕ هەر سێ زەلامە راپێچکراوەکە هەلیان بۆ رەخساو هەڵاتن. هەتا کابرای بەعسی بە ئاگا هاتەوە ئەوان بە پەلە خۆیان کرد بە کۆڵانێکی تەسكو تەنگەبەردا. داناو سامەیش هەستیان بە مەترسیەکی زۆر کردو بە پەلە پەل سوواری پاسکیلەکانیان بوونو، بە دووی سێ هەڵاتووەکە کەوتن. لەوسەری کۆڵانەکەوە دانا بە سوواری پاسکیلەکەیەوە گەیشتە ئاستیانو ویستی رێیان پیشان بدات تا بە ئاسانی خۆیان دەرباز بکەن. هەر لەو کاتەدا کابرای بەعسی هەڵیکێشابووە دەمانچەو دوو گوللەی بە



ئاسماندا تەقاند. سێ کەسە هەڵاتووەکە لە دانا توورە بوونو گرتیان بە یەخەیداو دایانە بەر مشتە کۆڵە. ئەمیش بە توورەییەوە تەماشای کردنو لەو بڕوایەدا نەبوو کە لە بری چاکەکەی بدرێتە بەر زەبری مشتە کۆڵە لە لایەن ئەو سێ کەسە هەڵاتووەوە. خۆیو سامەی برادەری زیاتر گوڕیان دایە بەر خۆیان. بە پەلەو بە خێرایی بە سوواری پاسکیلەکانیان هەڵاتنو خۆیان لە چاو بزر کرد. بە توندی پایدەری پاسکیلیان لێداو گەیشتنە بەر دەرگای ماڵی خۆیانو هەر یەکەیان چووە نێو حەوشەی خۆیانەوە. دەمو چاوی دانا لە ئاکامی لێدانەکە سوور هەڵگەڕابوو. هەموو ئازای لەشی دەلەرزیو ئارەقە بە هەموو لەشیدا دەچۆڕایەوە. لەگەڵ یەکەم نیگادا دایکی هەستی بە شپرزەیی کوڕەکەی کردو بە تەواوەتی سەرو دڵی گیرا. لە ناخەوە هەستی کرد کە کوڕەکەی شتێکی لێ قەوماوەو بە کردەوەیەکی پڕ لە هەڵەشەیی هەڵساوە. دانا لە سێبەرێکی نێو حەوشەکەدا پاسکیلەکەی راگرتو ترس پەڕیبووە چاویو بە تەواوەتی خۆی پێ رانەدەگیرا. دایکی بە عەزرەتەوە بوو کە کوڕەکەی بێتە گۆو لە بارەی ئەو حاڵە شێواوەیەوە بدوێت. هەر ئەوەندەی بۆ کرا لە کوڕەکەی بپرسێتو بڵێ:
– کوڕی خۆم بۆچی ئاوەها رەنگ لە رووت نەماوەو چاوت چووە بە مۆلەقەدا؟ خوا نەخواستە شتێك لە دەستت قەوماوە؟
دانا بەبێ ئاگادارییەکی تەواوەوە چەند هەنگاوێکی بەملاو بەولادا ناو، جارو باریش بە ترسەوە دەیڕوانییە دەرگای حەوشەیان بۆ ئەوەی بزانێت کێ بەدوایەوەیەتی. هەرکە دڵنیا بوو لەوەی کە هیچ کەسێك

تاقیبی ناکات، ئەوسا هاتەوە سەرخۆیو هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا.
دایکی لێی نزیك بووەو پێی وت:
– باوان شێواو جارێ ئەوەڵ بچۆ لە بۆڕیە ئاوەکە دەمو چاوت بشۆ.
ئەویش بە قسەی دایکی کردو بۆڕیە ئاوەکەی نێو حەوشەکەی کردەوەو دەمو چاوی خۆی شوشت. دایکی هەر چەند لێی وورد دەبووەوەو بۆی دەردەکەوت کە کوڕەکەی زیاد لە پێویست تەنگەتاو بووە، خەمو پەژارە دەرهەق بە کوڕەکەی دایدەگرتو دڵی خەبەری دەدا کە بەڵاو موسیبەتێکی گەورە هاتۆتە ئاراوە، دانا بەرەو دەرگای حەوشەکەیان هەنگاوی ناو پێوەی دا، وەها دیار بوو ترسی ئەوە دایگرتبوو نەبادا یەکێك شوێن پێی هەڵگرتبێتو بە دووی کەوتبێتو بێتە نێو حەوشەکەیانەوە. بۆ جارێکی تر بە چاوی پڕ لە ترسەوە گەڕایەوە لای دایکی. بۆ چەند جارێك دایکی پرسیاری لێکرد کە دەمی هەڵبهێنێتو هەموو شتێکی بۆ روون بکاتەوە. بەڵام ئەو دەمی بە یەکا دابوو نەیدەویست بۆی بدوێتو هەموو شتێکی بۆ یەکالا بکاتەوە. لە ناکاودا لە دەرگا دراو پیرەژنەکە بە هاناسە برکێ خۆی گەیاندە دەرگاکەو لە رووی دایکی سامەی کردەوە. کە ئەویش بە رەنگو روخساریەوە دیار بوو کە شپرزە بووە. ئەو ژنەیش هاتە قسەو وتی:
– وەها دیارە دانا لەگەڵ کوڕەکەی مندا بە کردەوەیەکی هەڵەشەیی هەڵساون؟
کاتێك دایکی سامە ئەو قسەیەی لە دەم دەرچوو، دایکی دانا بە تەواوەتی رەنگو ڕووی هەڵبزڕکاو بە توندی چاوی بڕیە نێو چاوی کوڕەکەی، وەکو ئەوەی لێی بپاڕێتەوە کە بە زووترین کات بێتە قسەو



هەموو شتێکیان بۆ روون بکاتەوە. دایکی سامە لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو وتی:
– هەردووکیان پێش ماوەیەك پێکەوە گەڕانە دواوە، بەڵام ئەوەی منی توشی دڵە راوکێ کردووە دەبینم ئەو کوڕەی من ترس پەڕیوەتە چاویو جێ بە خۆی ناگرێت. هەرچەند پرسیاری لێدەکەم کە چی لە دەستیان قەوماوە وەڵامم ناداتەوە.!
دانا هەندێك هاتەوە سەر خۆیو بە دەنگێکی نزم ویستی هێوریان بکاتەوەو وتی:
– هیچ شتێکی ئەوتۆمان لێ نەقەوماوە بەڵکو ویستمان یارمەتی سێ کەسی راپێچ کراو بدەینو دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین، کەچی ئەو سێ ناکەس بەچەیە بە خراپی چاکەکەمانیان دایەوە دەست.
دانا هەولو تەقەلایەکی زۆری دا تا خۆی هێور کردەوەو ئەوسا بە دورو درێژی لە بارەی رووداوەکەوە بۆیان دوا. بە بیستنی سەرجەم رووداوەکە هەردوو ئافرەتەکە خەفەتخان بوونو ترسیان لێ نیشت. دایکی دانا بە هەناسە بڕاوییەوە هەردوو دەستی کێشا بە یەکترداو بە دانای وت:
– ئێوە هەردووکتان بە کردەوەیەکی شێتانە هەڵساونو خۆتان گلاندووە بە مەسەلەیەکی پڕ لە مەترسییەوە. ئەگەر تۆزێك عەقڵ لە مێشکتاندا هەبووایە بەو کارە هەڵنەدەستان. هەر خوا خۆی دەزانێت کە ئاکامی ئەم کردەوەیەتان بە کوێتان دەگەیەنێت؟
دایکی سامە شان پانیش ئەو قسانەی سەلماندوو بە توڕەییەوە وتی:

– لە مێژەوە دڵم خەبەری داوە کە ئەم دانایە کوڕە گێلەکەی منیش توشی کارەساتێکو گێرمەو کێشەیەك دەکاتو سەری دەکات بە قوڕا. ئەو شتەی لێی دەترسامو هەردەم چەکەرەم لێی دەکرد ئەوەتا هاتە دی.

دایکی دانایش بە کەساسیو زەبونییەوە دەمی کردەوەو وتی:

– هەر کەسێك لەم شارەدا بێت خوا خوایەتی توشی نەبێت بە تووشی ئەم زاڵمانەوە. ئەم دووانەی ئێمەیش بە پێی خۆیان چوونەتە نێو داویانەوە. جا مەگەر هەر خوا بە گەورەیی خۆی رەحممان پێ بکاتو بەزەیی پێماندا بێتەوە.

فرمێسك لە چاوانی دایکی سامە زاو بە دەنگێکی خنکاوەوە وتی:

– ئەوەتا ئەو کوڕە نەفامەی من لە ماڵەوە دەمی چووە بە تەڵەی تەقیوەوەو ترسێکی زۆر دایگرتووە. رەنگو رووی بە تەواوەتی سوور هەڵگەڕاوەو جێ بە خۆی ناگرێت. نازانم چی بکەینو بەرەو کوێ سەری خۆمان هەڵگرین؟ ئەو سێ کەسەی کە لە چنگی ئەو بەعسیە رایانکردووەو هەڵاتوون، هەموو خەتاکەی دەخرێتە ئەستۆی ئەم دوو نەفامو ساویلکەیە. وەکو دەشڵێن گوایە سامەی کوڕم لە دوورەوە وەستاوەو، بە تەنیا دانا بە چڕی خۆی بەو کێشەیەوە گلاندووە.

دانا خۆی لەو ئافرەتەو دایکی بە دوور گرتبوو. وەهای پیشان دەدا کە تووانای ئەوەی نییە گوێیان لێبگرێت. لە نێو حەوشەکەدا قسەو دەمو دوو درێژەی کێشا، بەڵام هیچ چارەسەریەك بۆ ئەو کێشەیە لە ئارادا نەبوو. دایکی سامە بە هیوا بڕاویو نائومێدیەوە بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە. ئەمانیش هەردووکیان چوونە نێو ژوورەکەی خوارەوەو نقەیان



لە خۆیان بڕی. گەیشتنە بەربەستێکو ئامادە نەبوون کە هیچ قسەیەك لەو بارەیەوە بکەن.

سەر لە ئێوارێ دایکو کوڕ لە ژوورەکە بە بێ دەنگی شامیان کردو بە نیوە چڵی نانەکەیان خوارد. دنیا کشو مات دەهاتە پێش چاو. دەنگی هەر تەقەو رەقەو زرمەیەك لە نێو حەوشەو کۆڵاندا بەرز بیووایەتەوە، ئەمان دڵیان دادەخورپاو لە جێیەکەی خۆیاندا رادەچەنین. وەها دەرکەوت کە ئەوەی لێی دەترسان رووبەڕوویان بووەوە. لە پڕ بە توندی دەرگای حەوشەیان خرایە سەر پشت. چوار بەعسیی سمێڵ ئەستووری کلاشنکۆف بە دەست هەڵیانکوتایە ماڵەوە. دایکو کوڕ بە واق وڕمانەوە کەوتنە سەرپێو بەرامبەر بە بەعسیەکان وەستان. یەکسەر دانایان ناسیو قۆڵیان بە توندی گرتو دایانە پێشی خۆیان. زمان لە دەمی دانادا نەمابوو. هەرچەندی کردو کۆشا قسەیەك لە دەمی نەهاتە دەرێ. ترسێکی زۆری لێ نیشتبوو. زۆرجار سەرکێشیی کردبوو تووشی گێرمەو کێشەو کەندو کۆسپ ببوو، بەڵام هیچ وەختێك وەکو ئەم جارە ترس نەپەڕیبووە چاوانی. گەر لە کاتی رووبەڕوو بوونەوەی هەر گرفتو کێشەیەکدا قسە بێتە ئاراوەو پاکانەی جۆراو جۆر بکرێت، بەڵام چەندو چۆنو قسە کردن لەگەڵ پیاوانی بەعسیدا بێ هوودەیەو هیچ سوودێکی نییە. پیرەژنەکە بە هەڵەداوان لەو چەکدارانە چووە پێشەوە، بە زمانێکی کوردی لێیان پاڕایەوە کە دەستبەرداری کوڕەکەی ببنو وازی لێبهێنن. ئەوانیش مۆڕەیەکیان لێکردو نەیانویست گوێی لێبگرن. بەڵام کاتێك زانیان ئەو پیرەژنە سوورە لەسەر داکۆکی کردن لە کوڕەکەی، یەکێکیان لێی هاتە پێشەوەو بە زمانی عەرەبی بەسەریدا

خوڕی‌و پالێکی توندی پێوەناو بە پشتا بردی. بەو شەوە تاریکە دانایان دایە پێش خۆیان‌و سوواری ئۆتۆمبیلێکی لاندکروزیان کردو لەگەڵ خۆیاندا بردیان. ژن‌و پیاوو منالێکی زۆر لە سووچی دەرگای ماڵەکانیانەوە تەماشای ئەو دیمەنەیان دەکردو لە داخانا لێوی خۆیان دەکرۆشت، بەڵام کەس زاتی ئەوەی نەبوو دەربچێتە دەرەوەو قسەیەکی خێر بۆ دانا بکات، با بیەوێت لە دەستی ئەو ملۆزمانەی دەربهێنێت.
دایکی سامەیش لە هەمووان زیاتر سەخڵەت ببوو. لە ماڵەوە سامەی کوڕی لە سەربان شاردبووەوەو لەبەر چاو بزری کردبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی نەبادا لەگەڵ دانادا راپێچ بکرێت‌و بۆ دایەرەی ئەمنی بەرن. هەرکە دانا براو ئۆتۆمبیلی لاندکروزەکە رۆیشت‌و گەڕەکەکەی بە جێهێشت، دایکی سامە ئاهێکی هاتەوە بەرو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. دایکی دانایش دنیای لەبەرچاو تاریك ببوو. چەند ژنێکی گەڕەك لە دەوروبەری دانیشتن‌و ویستیان دڵنەوایی بکەن‌و دڵی بدەنەوە، بەڵام هەموو هەوڵ‌و کۆششیان بێ ئاکام بوو، چونکی ئەو پیرەژنە زیاتر دڵ‌و دەروونی دەکەوتە جۆش‌و بە خوڕ فرمێسکی هەڵدەڕشت. کۆمەڵێك خزم‌و دۆستیش لێی کۆبوونەوەو بەسەریدا هاتن‌و ویستیان هێوری بکەنەوەو لەو رەشبینیەی دوور بخەنەوە، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی. بێ وچان دەکڕووزایەوەو دەیوت چیتر بۆ جارێکی تر کوڕەکەی بە چاوی خۆی نابینێتەوە. نیوەشەو داهاتو بە تەنیا پیرەژنەکەو خوشکەکەی لە نێو ژوورەکەیاندا پێکەوە دانیشتن. هەر دەیانڕشت‌و دەیانپێواو بۆ بەختی رەشی خۆیان دەلالانەوە. سەردەم‌و



بن دەمی پیرەژنەکە ئەوەبوو کە لە داری دنیادا بە تەنیا هەر ئەو کوڕە شك دەبات، ئەویش گەلە گورگ بەرەو نادیار لەگەڵ خۆیاندا بردیان.
دوو خوشکەکە لە بەردەم ژوورەکەدا جێیان راخست‌و لێی راکشان. بە درێژایی شەو خەو نەچووە چاویان‌و بەردەوام لە دڵە ڕاوکێدا بوون. بە تایبەتی دایکە پیرەژنەکە بێ وچان بە بێ ئۆقەرەیی ئەمدیوو ئەودیوی دەکردو وەهای دەزانی لەسەر دڕك‌و داڵ راکشاوە، نەك لە نێو پێخەفی نەرم‌و نۆڵدا. لە دڵی خۆیەوە دەیوت چۆن چاوانم بچێتە خەو، لە کاتێکدا هەر خوا خۆی دەزانێت کە ئێستا ئەو کوڕەی من تووشی چ جۆرە ئەشکەنجەیەك دەبێت بە دەستی ئەو زاڵم‌و خوا نەناسانەوە.. ئەوان کەسی بێ خەتا دەگرن‌و چەقۆ بە ملیدا دەسوون‌و دەیکوژن، جا دەبێت رەفتاریان لەگەڵ جگەرگۆشەکەی مندا چۆن بێت، کەسێ کەسی لە ژێر دەستیان دەرهێناوەو دەربازیانی کردووە. ! ؟
شەو بەسەر چوو رۆژ بووەوەو خۆر دەرکەوت. لە کاتی چێشتەنگاودا ئۆتۆمبیلێکی لاندکروز لە بەردەم ماڵەکە وەستا. چەکدارەکان بە چوار دەستە دانای نیوە گیانیان لە نێو ئۆتۆمبیلەکە دەرهێنا. لەبەر دەرگای ماڵەکەدا فڕێیان داو سوواری ئۆتۆمبیلەکەیان بوونەوەو رۆیشتن. دایکە پیرەژنەکە بە پرچ رنینەوە کەوت بەسەر کوڕەکەیداو فرمێسکی بەسەردا هەڵڕشت. ژن‌و پیاوو منالە وردەکەی گەڕەکیان لێ کۆ بوونەوە. دانا بە ئاستەم هەناسەی دەهاتو دەچو، سەرتاپا جەستەی وەکو پەڕۆی لێهاتبوو. هەرچەند لەگەڵیدا دووان‌و ویستیان بیهێننە قسە کردن، بەڵام لە ئاکامدا هەموو هەوڵ‌و تەقەلایەکیان بێ سوود بوو کوڕەکە وەکو مردوو لێی راکشا بوو. چەند زەلامێکی گەڕەك هەڵیانگرت‌و بەرەو ژووری

خوارەوەیان بردو لە نێو جێگادا پاڵیانخست. ئەویش بە ئاستەم هەناسەی دەداو ئاگای لە دەوروبەری خۆی بڕا بوو. بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دایکە پیرەژنەکە بە دیار کوڕە بێ هۆشەکەیەوە گریاو فرمێسکی هەڵڕشت.

لە پاشاندا مامۆستا مەلا حەمیدو مامە محەی پێنە دۆزیش هاتن، تێکەڵ بەو چەند زەلامە بوون کە لەبەر دەرگای ماڵەکە وەستا بوون. هەموو کەوتبوونە دڵە کوتێو نائومێدی بەرچاویانی تاریك کردبوو. مامۆستا مەلا حەمید بە خەمباریەوە وتی:

– هەر مەگەر خوا خۆی بزانێت کە ئەم کوڕە بەستزمانە بە درێژایی ئەمشەو چەند ئەشکەنجەی بە دەستی ئەو زاڵمو ستەمکارانەوە جەشتبێت. !

مامە محەیش ئاخی هەڵکێشاو وتی:

– هەر کەسێك بکەوێتە ژێر دەستیان بە زیندوێتی دەرناچێت.

مامۆستا مەلا حەمید چاوی گێڕاو بە سەرسوڕمانەوە پرسیاریکردو وتی:

– هەموو خەڵکی گەڕەك لێرەدا کۆبوونەتەوە، گوایە سامە شان پانی هەرە هاوەڵی نزیکی دانا بۆچی گۆڕی گومەو دیار نییە ! ؟

سەمەدی منالی گەڕەك گوێی لە قسەکانی مامۆستا بوو. لە ئاستی خۆیەوە هاتە وەڵامو بە مامۆستا حەمیدی وت:

– سامە شان پان لە رۆخی خاسەدا دانیشتووەو خۆی گرمۆڵە کردووەو دەگریت..

لە ژوورەوە دایکە پیرەژنەکە بە دیار کوڕە نیوە مردووەکەیەوە بە کوڵ دەگریاو پڕ بە دەم هاواری دەکردو دەیوت:



– رۆڵە رۆ کوڕە تاقانەکەم رۆ.. جێنشینی کۆێخا شەوکەتی بە شانو شەوکەتی باوکی رۆ.. رۆڵە رۆ ئۆجاخمان کوێر بووەوەو کەسمان نەما...

لە دەرەوەیش مامە محەی پینەدۆز فرمێسکی هەڵدەڕشتو بۆ خەڵکەکە دەدواو دەیوت:

– هەموو ئومێدم ئەم کوڕە لاو چاکە ئازاو بوێرە بوو کە پاش مردنم جێو رێم بگرێتەوە، کەچی لە بەد بەختیمدا ئەمیش ماڵئاوایی لە دنیا دەکاتو ئاسەوارم کوێر دەبێتەوە.. !